# "بەشی یەکەم"

١- **شوێن و پلەی ئافرەت لە پێش ئاینی ئیسلامدا:** دیارە مەبەست لە پێش ئیسلام لەسەردەمی جاهیلیەت و بێ ئاگایی خەڵکی بووە بەشێوەیەکی گشتی و عەرەب بە تایبەتی. ئەو کاتەی کە خەڵك دوای عیسی (علیه السلام) بە ماوەیەکی زۆر نێردراوی خواییان بۆ نەهاتبوو . وە بە عەرەب و غەیری عەرەبە وە تەنها چەند کەمێکی ئەهلی کیتاب نەبێت ، وە لەو کاتانەدا ئافرەت بە شێوەیەکی گشتی لە حاڵەتێکی ناڕەحەتدا ئەژیان بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا تا ئەو ڕادەیەی لەدایك بوونی مێینە شتێکی بێزراو بوو ، تیایاندا بوو دفنی ئەکرد و منداڵە کچەکە لە ژێر خۆڵەکەدا گیانی دەرئەچوو . وە تیایاندا هەبوو وازی لێ ئەهێنا لە ژیانێکدا کە پڕ زەلیلی و سوکایەتی و ناڕەحەتی بوو بۆی هەر وەکو خوای گەورە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت:﴿وإذَا بشر أحدهم بِالأنثَى ظَل وجهه مسوداً وهو كظِيم * يتوارى مِن الْقَومِ مِن سوءِ ما بشر بِهِ أيمسِكُه علَى هونٍ أم يدسه فِي الترابِ ألاَ ساء ما يحكُمونَ﴾ {سورة النحل:٥٨-٥٩} . وە هەروەها دەفورموێت:﴿وإذَا الْموؤودةُ سئِلَت * بِأي ذَنبٍ قُتِلَت﴾ {سورة التكوير:٨-٩} . (الموؤودة) : ئەو کچە بووە کە بە زیندویی خراوەتە ژێر گڵەوە وە تا لە ژێر گڵەکەدا گیانی دەرچووە وە ئەگەر لەو زیندە بە چاڵ کردنەش ڕزگاری ببوایە ئەوا دەچوو بۆ مردنێکی مەعنەوی تر. کە پڕ بوو لە سوکێتی و زەلیلێتی . بۆ نمونە بەشی لە میراتدا نەبوو هەرچەندە کەسەکە ماڵی زۆر بوایە . وە هەرچەند ئەم ئافرەتە لە نەبوونی و هەژاریدا بوایە چونکە میراتیان تایبەت کردبوو تەنها بە پیاوانەوە کە بە داخەوە ئەڵێم ئێستاش ئەم نەریتە خراپە لێرە و لەوێ هەر بەردەوامە هەروەها سەیر لەوەدا بووە کە وەکو هەموو بابەتەکانی تری مێردەکەی دوای مردنی هاوسەرەکەی ئەم ئافرەتەش بە میراتی ئەدرا بە کەسی مێردەکەی . وە بۆیە بە گشتی چەند ئافرەتێکی زۆر خێزانی یەك پیاو بوون .

٢- **شوێن و پلەی ئافرەت لە ئیسلامدا:** هەر کە خۆری ئیسلام هەڵهات هەموو ئەو تاریکی و ستەمانەی سەر ئافرەتی ڕەواندەوە و مرۆڤێتی بۆ ئافرەت گەڕاندەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يا أيها الناس إِنا خلَقْناكُم من ذَكَرٍ وأُنثَى ....﴾ {سورة الحجرات:١٣} . لەم ئایەتەدا خوای گەورە ئافرەتی بە هاوبەشی پیاو داناوە لە مرۆڤایەتیدا. هەر وەکو چۆن لە پاداشت و سزادا لەسەر کردەوەکان هاوبەشی کردن کە دەفەرموێت: ﴿من عمِلَ صالِحاً من ذَكَرٍ أو أُنثَى وهو مؤمِن فَلَنحيِينه حياةً طَيبةً ولَنجزِينهم أجرهم بِأحسنِ ما كَانواْ يعملُونَ﴾ {سورة النحل:٩٧} .

هەروها دەفەرموێت: ﴿لِيعذب الله الْمنافِقِين والْمنافِقَاتِ والْمشرِكِين والْمشرِكَاتِ ......﴾ {سورة الاحزاب:٧٣} .

دووبارە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ يا أيها الذِين آمنواْ لاَ يحِل لَكُم أن ترِثُواْ النساء كَرهاً.....﴾ {سورة النساء:١٩} واتە : ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە بۆتان نیە ئافرەتان بکەن بە میراتی .

بۆیە ئیسلام شەخصیەتی ڕاستەقینەی بۆ ئافرەت گێڕایەوە، وە کردی بەوەی کە میراتی وەربگرێت، نەك بکرێت بە میراتی وەکە خوای گەورە لە سورەتی (النساء)دا دەفەرموێت: ﴿..... وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيباً مَفْرُوضاً﴾ {سورة النساء: ٧} .

وە لەلایەنی ژیانی هاوسەریشەوە ئیسلام ژن هێنانی دیاریکراو کرد و سنوری بۆ دانا کە زۆرترینی چوار خێزان بێت ئەمەش بە مەرجێك کە پیاوەکە بتوانێت دادپەروەر بێت... وە واجبی کردوە لەسەر پیاوان کە ڕێك و پێك و باش بن لەگەڵ خێزانەکانیاندا وەکو دەفەرموێت (وعاشروهن بالمعروف) وە پێغەمبەریش(ﷺ) دەفەرموێت: ((خيركم خيركم لأهله و انا خيركم لأهلي))[1] (صحيح) واتە : باشبن لەگەڵ خێزانەکانتاندا وە من باشترینتانم لەگەڵ خێزانەکانمدا . وە خوای گەورە مارەیی ئافرەتی بە مافێکی ئافرەت دانا و فەرمانی کردووە کە بەتەواوێتی هەمووی بدرێتێ مەگەر ئەو ئافرەتە بە ڕەزامەندی دڵی خۆی لێی ببورێت یان بیبەخشێت وەکو دەفەرموێت: ﴿وَآتُوا النِّسَاءَ صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً فَإِنْ طِبْنَ لَكُمْ عَنْ شَيْءٍ مِنْهُ نَفْساً فَكُلُوهُ هَنِيئاً مَرِيئاً﴾ {سورة النساء:٤} واتە : مارەیی ئافرەتەکانتان خۆیان خاوەنیانن واجبە لەسەرتان بە دڵێکی پاك بیان دەنێ مەگەر خۆیان بە ڕەزامەندی خۆیان پێشکەشتان بکەن ئەوە حەڵاڵە . هەروەها لەلایەن پەروەردەکردنی منداڵەوە ئیسلام کردویەتی بە سەرپەرشتی منداڵ و کەسێك بێت کە فەرمان بکات بە چاکە و نەهی بکات لە خراپە و شوان بێت بۆ خێزان لە ماڵی خۆی وەك پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: ((المرأة راعية في بيت زوجها و مسؤلة عن رعيتها))[2] وە دایناوە لەسەر مێردەکەی کە خەرجی و جل و بەرگی و هەموو پێداویستیەکانی تر بەچاکی و بە شێوازێکی شەرعی بۆ دابین بکات.

٣- بابزانین دوژمنانی ئیسلام و شوێن کەوتوانیان چی دەکەن بۆ نەهێشتنی شەخصیەتی ئافرەت و لەکەدارکردنی و ناشرینکردنی، بێ گومان دوژمنانی ئیسلام و شوێن کەوتوانیان و ئەوانەی دڵیان نەخۆشە ڕق و کینەیەکی زۆریان لا دروست بووە بەرامبەر بەو ڕێز و شەرەف پاراستنەی کە ئیسلام بۆ ئافرەتی موسڵمانی داناوە چونکە دوژمنانی ئیسلام لە بێ باوەڕان و دووڕووان ئەیانەوێت ئافرەت بکەنە ئامێرێکی تێکدانی کۆمەڵ. وە بیکەنە داوێك بۆ ڕاو کردنی ئەو ئیمان کز و خاوەن ئارەزوانەی کە لە کۆمەڵگەدا هەیە . بۆ ئەوەی ئارەزووی نەفسی خۆیانیان لێ تێر بکەن وەك خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿..... وَيُرِيدُ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الشَّهَوَاتِ أَنْ تَمِيلُوا مَيْلاً عَظِيماً﴾ {سورة النساء:٢٧} واتە : ئەوانەی کە شوێن نەفس و ئارەزوویان کەوتوون زۆر مەبەستیانە کە لە ڕێگای ڕاست لاتان بدەن .

وە ئەوانەشی کە دڵیان نەخۆشە ئەیانەوێت کە ئافرەت کاڵایەکی هەرزان بێت وە ئەو کەسانەی کە خاوەن ئارەزوو بازی و حەزێکی شەیطانین . ئەیانەوێت کە کاڵایەکی داپۆشراو نەبێت بەڵکو هەمیشە لەشی خۆی ئاشکرا بکات بۆ ئەوەی بە چاویان لەزەت لە جوانی بکەن یان لەوە خراپتر کە بگاتە سنوری زیناکردن . هەربۆیە زۆر سورن لەسەر ئەوەی کە لە ماڵی خۆی بیهێننە دەرەوە و بەشداری پیاوان بکات لە ئیش و کاری

---

[1] أخرجه : الترمذي (٣٨٩٥) ، وابن الحبان (٤١٧٧) .

[2] البخاري (٥١٨٨) ، مسلم (١٨٢٩) ، الترمذي (٢٥٥٤) ، أحمد (٥/٢) .

پیاواندا و هاوشانی یەکتری بن لە زۆربەی شوێنەکاندا بە تێکەڵاوی . بۆ نمونە سستەر بێت بۆ خزمەت کردنی پیاوان لە نەخۆشخانەکاندا، یان قوتابی بێت لەگەڵ کوڕاندا لە قوتابخانەکاندا یان شانۆکاربێت لەسەر شانۆ لەگەڵ پیاواندا، یان گۆرانی بێژبێت. یان ئەوەتا هەندێك لە لە گۆڤارەکان وێنەی ئەو ئافرەتە ڕوتانەیان کردۆتە ئامرازێك بۆ برەودان بە ڕۆژنامەکانیان و سەرف کردنی لە بازارەکاندا یان هەندێ لە کۆمپانیاکان ئەم وێنانەیان بەهەمان شێوە کردۆتە هۆیەك بۆ بەهێزکردنی کەرەستەکانیان بۆ سەرف بوون ، جا بەم هۆیانە و چەندەها شێوازی تریش ئافرەتیان لە کاری گرنگی خۆی دور خستۆتەوە کە بریتی‌یە لە پەروەردەکرنی ڕۆڵەکانی خۆی و ئەرك بەجێهێنانی تەواوەتی بەرامبەر بە هاوسەری خۆی. بۆیە زۆر جار کێشە و گێروگرفت دروست ئەبێت لە ناو خێزاندا لە هەندێ شوێن خزمەتکار ئەهێنن بۆ خزمەت کردنی منداڵەکانیان .

ئەبێت بزانین ئایا ئیسلام ڕێ ئەدات بە ئافرەتان ئیش و کار بکەن لەدەرەوەی ماڵی خۆیان یان نا؟ وەڵام : بەڵێ ڕێ ئەدات بەڵام بەم چەند مەرجانەی خوارەوە:

١- ئەگەر ئەو ئافرەتە زۆر پێویستی بەو کارە بوو یان کۆمەڵگە پێویستی زۆری بەو ئافرەتە هەبوو بۆ ئەو کارە بە شێوەیەك کە پیاوان نەتوانن ئەو کارە بکەن .

٢-واچاکە ئەو کارە دوای کاری سەرەکی خۆی بێت کە کاروباری ماڵی خۆیەتی .

٣- واجبە کە ئەو پیشەیە لە ناو ئافرەتانی تردا بێت دور لە پیاوان بو نمونە فێرکردنی ئافرەتان یان دوکتۆری ئافرەتان یان سستەر.

٤-وە هیچ ڕێگریەك نی‌یە بەڵکو پێویستە لەسەر ئافرەت کە زانیاری شەرعی فێربێت بە تایبەتی ئەو زانیاریانەی کە زۆر زەرورە وەکو بیر و باوەڕ...هتد. وەئەبێت ئەم فێربوونەشی لە ناو ئافرەتدا بێت ، وە هیچی تێدانی‌یە ئەگەر ئافرەتان ئامادەی وانەی شەرعی ببن لە مزگەوتدا یان شوێنێکی پارێزراوبێت . دوور لە تێکەڵاوبوونی پیاوان . ئەوەش لەسەر ئەو ڕۆشنای‌یەی کە ئافرەتان لەسەر هەڵدانی ئیسلامدا ئیشیان ئەکرد و فێری زانیاریش ئەبوون ئامادەی مزگەوتیش ئەبوون .

**مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ سایتی بەهەشت**

www.ba8.org

# "بەشی دووەم"

## ڕوونکردنەوەی هەندێك حوكم تایبەت بە ڕازاندنەوەی لاشەی ئافرەتان:

١- پێویستە لەسەر ئافرەت كە ئەو كارانە جێبەجێ بكات كەلەفیطرەتەوەیە.وەكو نینۆك كورتكردنەوە، چونكە نینۆك كردن سوننەتە بە إجماعی زانایان یەكێك لەو بەڵگانە ئەو فەرموودە صەحیحەیە كە ئیمامی موسلیم و غەیری ئەویش ڕیوایەتیان كردووە كە دەفەرموێت : (١٠) كار لە فیطرەتەوەیە یەكێك لەوانە نینۆك كردنە جا لە كردنی نینۆك دا خاوێنی و ڕێك و پێكی هەیە. وە لە هێشتنەوەیدا بە درێژی تێكدان هەیە .

وە خۆشوبهاندنە بە گیانداری دڕندە . وە هۆیە بۆ مانەوەی پیسی لە ژێریدا وە ڕێگریشە بۆ نەگەیشتنی ئاو بۆ ژێری . بۆیە ئەبینین هەندێ لە ئافرەتانی موسڵمان نینۆكیان درێژ دەكەن كە ئەمەش چاولێكەرییكە بۆ ئافرەتانی بێ باوەڕ و بێگانە.

نەزانین و دوور كەوتنەوەشیانە لە سوننەت . جێی خۆشیەتی كە بڵێین بە داخەوە كە لەوە خراپتریش هەندێك لە كوڕان ئەوانیش ئەم كارە ئەكەن (فلا حول ولا قوة إلا بالله) هەروەها سوننەتە ئافرەت كە مووی (بن باڵی و فەرجی) لابەرێت هەروەها ئەمەش بە هەمان فەرموودەیەی سەرەوە سوننەتە وبەڵگەیە بۆی . چونكە جوانیەكی تایبەت ئەدات بە لەشی ئافرەت لە ڕوكاری ناوەوە. وە چاكتر وایە ئەم كارانە هەموو هەفتەیەك ئەنجام بدرێت ئەگەر نا لە چل ڕۆژ زیاتر نەخایەنێت كە ئەو كاتە لە لایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) دانراوە لە فەرموودەی صەحیح دا .

ئنجا با بزانین چی داوا ئەكرێت لە ئافرەت بۆ قژی سەری و باریك كردنەوەی برۆی و چی لێ قەدەغەدەكرێت وە حوكمی بۆیە كردنی پەنجە و بۆیەكردنی قژی چیە ؟ :-

أ- داوادەكرێت لە ئافرەتی باوەڕدار كە قژی درێژبكات و حەرامە لەسەری كە قژی بتاشێت مەگەر زۆر زەروربێت. وەلەسەر ئەم بابەتە شێخ محمد بن ابراهیم آل شیخ مفتی وڵاتی سعودیە ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: بە نیسبەت قژی ئافرەتانەوە تاشینی جائیزنییە، بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە (النسائی) ڕیوایەتی كردووە لە سوننەتەكەیدا بە ریوایەتی ئیمامی علی(رضي الله عنه) وە بەڕیوایەتی بەزاز و لە ئیمامی عثمان(رضي الله عنه) كە پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەهی كردوە لە قژ تاشینی ئافرەتان . وەكو دەفەرموێت (نهی رسول الله (ﷺ) أن تحلق المرأة رأسها)[1] وە هەموو نەهیەكیش لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) هاتبێت بە حەرامێتیە مەگەر بەڵگەیەكی تر هەبێت ئەم حەرامێتیە كەم بكاتەوە ، وە مەلا علی قاری لە (المرقاة شرح المشكاة) لە شەرحی ئەو نەهیەدا دەفەرموێت: یەكێك لە هۆكارەكانی نەهیەكە ئەوەیە كە پەلكەی قژ بۆ ئافرەتان وە كو ڕیش وایە بۆ پیاوان لە جوانی و هەیبەتیدا[2]... بەڵام كورت كردنەوەی قژی ئەگەر بۆ جوانی نە بوو بۆ نمونە بۆی خزمەت نەئەكرا یان زۆر درێژبوو نارەحەت ئەبوو بە دەستیەوە. ئەوا هیچی تیا نییە ئەگەر كورتی بكاتەوە بەپێی پێویست هەر چۆن خێزانانی پێغەمبەر(ﷺ) ئاوایان ئەكرد لە دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) چونكە وازیان لە خۆڕازاندەوە هێنابوو لە دوای وەفاتی و پێوییستیان بەو قژ درێژكردنەوەیە نەبوو. بەڵام ئەگەر كورت كردنەوەكە بۆ چاولێكەری هاوبەش پەیداكەرەكان و گاور و جولەكە بوو، یان هاوشێوەبوون بە پیاوان بوو ئەوا حەرامە بەبێ گومان لەبەر ئەو نەهیە گشتیە كە

---

[1] الترمذي (٩١٤) ، النسائي (١٣٠/٨) .

[2] مجموع فتاوى الشيخ محمد بن ابراهيم (٤٩/٢).

هاوشێوەبوونە بە گاور و جولەکە و ئەو نەهی‌یەی کە حەرامە ئافرت خۆی وەك پیاو لێبکات هەروەها ئەگەر بۆ جوان کردن بوو ئەوی ئاشکرابێت تیایدا ئەوەیە کە گونجاو نی‌یە.

هەروەها شێخ محمد الامين الشنقيطى (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە (أضواء البيان)دا دەفەرموێت ئەو عورفەی کە ئیستا بەردەوامە لە زۆربەی ولأتەکانداکە ئەویش قژبڕینی ئافرەتانە تا نزيك نەرمایی گوێچکەکانیان پیشەی ئافرەتە (إفرنجی‌یەکان)بووە بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئافرەتانی موسڵمانی لەسەر بووە لە ئیسلامدا کە ئەمەش یەکێکی ترە لەو هەموو لادانانەی کە زۆربەی خەڵکی گرتۆتەوە لە ڕەوشت و داب و نەریت و زۆر شتی تریشدا . وە جوابی ئەوەشی داوەتەوە کە ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت: خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لە قژیان ئەگرت تاوەکوو (الوفره)[٣]ی لێ ئەهات دەفەرموێت : کە ئەوان قژیان کورت ئەکردەوە لەدوای وەفاتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) چونکە ئەوان خۆ جوان کردنیان لە کاتی ژیانی ئەودا بوو وە یەکێك لەهەرە شتە جوانەکانیشیان قژیان بوو کە بۆ هەموو ئافرەتێکیش هەروایە . بەلأم داوی مردنی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوان حوکمیی شەرعی تایبەتیان هەبوو کە هیچ ئافرەتێکی تری سەر زەوی ئەو حوکمەی نی‌یە. ئەویش بێ هیوایەکی یەکجاریان هەبوو لە شوکردنێکی تر دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چونکە ئیتر بۆ کەس نەبوو نیکاحیان بکات هەتا مردن وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ...... وما كَانَ لَكُم أَن تؤذُوا رسولَ اللهِ ولَا أَن تنكِحوا أَزواجه مِن بعدِهِ أَبداً إِن ذَلِكُم كَانَ عِند اللهِ عظِيماً﴾ {سورة الأحزاب:٥٣} .

وە بی هیوابوونیش لە شوو کردن بەیەکجار بۆی هەیە ببێتەهۆیەك کە ڕێ بدرێت بە لابردنی هەندێ بابەتی جوانکاری ئافرەت کە حەلأڵ نی‌یە جگە لەم هۆیە نەبێت . بۆیە پێویستە لەسەر ئافرەت کە پارێزگاری لە قژی خۆی بکات وە خزمەتی بکات وە ئەتوانێت بیکات بە دوو پەلك بەلأم جائیز نی‌یە لەسەر سەری کۆی بکاتەوە یان بەلایەکی شانیدا بەری داتەوە ، وە شيخ الإسلام إبن تيمية (ڕەحمەتی خوای لی بێت) لە (مجموع الفتاوى) بەرگی (٢٢) لاپەڕە (١٤)دا دەفەرموێت: کردنی قژ بەیەك پەلکەو بەردانەوەی بە نێو هەردووشاندا جائیز نی‌یە و پیشەی بەدڕەوشتەکانە، هەروەها شێخ محمد بن ابراهيم مفتى ولأتی سعوديە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ئەو کردەوەیەی کە هەندێك لە ئافرەتانی موسڵمان دەیکەن لەم سەردەمەدا بەوەی کە قژیان کۆدەکەنەوە بەلای شانیاندا بەری دەدەنەوە وە یان لەسەر سەریان کۆی دەکەنەوە هەروەك چۆن ئافرەتانی (إفرنج) دەیکەن ئەوە کارێکی ناشەرعی‌یە چونکە خۆشوبهاندنە بە ئافرەتە بێ باوەڕەکانەوە. هەر وەك چۆن پێغەمبەری خواش(ﷺ) لە فەرموودەیەکی درێژدا کە ئەبو هورەیرە (رضي الله عنه) بۆمان دەگێڕێتەوە کە دەفەرموێت : (( صنفان من اهل النار لم أرهما : قوم معهم سياط كأذناب البقر يضربون بها الناس ، و نساء كاسيات عاريات ، مائلات مُميلات ، رؤوسهن كأسمنة البخت المائلة ، لا يدخلن الجنة ، و لا يجدن ريحها ، و إن ريحها ليوجد من مسيرة كذا و كذا))[٤]. هەندێ لە زانا بەڕێزەکان تەفسیری ووشەی (مائلات مميلات) بەوە تەفسیردەکەن کە (جۆری قژی بەد ڕەوشتەکان)ە وە غەیری ئەوانیش ئەم قژ ڕێك خستنە ئەکەن وە ئافرەتانی (إفرنج)یش ئەم جۆرە دەکەن وە ئەو ئافرەتە موسڵمانانەش کە چاو لەوان ئەکەن. وە هەر چۆن ئافرەتی موسڵمان قژتاشینی لێ قەدەغەدەکرێت هەروەها کورتکردنەوەشی بە بێ عوزری شەرعی کەلەوەو پێش باسمان کردهەر بەو جۆرەش گەیاندنی قژی زیاد بە قژی خۆیەوە لەسەر حەرام کراوە

---

[٣] (الوفرة) قژدرێژی .

[٤] مسلم (٢١٢٨) و (٥٢) وأحمد (٢٢٣،٣٥٦/٢) عن أبي هريرة .

هەر وەك لە صەحیحی بوخاری و موسلیم دا هاتووە کە دەفەرموێت: ((لعن رسول الله (ﷺ) الواصلة و المستوصلة)[٥] .

**الواصله:** ئەوەیە کە قژی زیادە ئەدات لە قژی خۆی ، المستوصله: ئەوەیە کە ئەو کارەی بۆ ئەنجام ئەدات. وە ئەو کارە خۆی بۆ خۆی تەزویر کاریە لەوئینسانەدا وە لەو حەرامانەش ئەو قژە دەست کردانەیە کە لەسەر دەکرێت لەم سەردەمەدا. هەروەها بوخاری و موسلیم و غەیری ئەوانیش ڕیوایەتتی ئەم فەرموودەیەیان کردووە کە معاویە (ﷺ) لە کاتێکدا چووە ناو مەدینە چەپکە قژێکی دەرهێناوە و فەرموی ئەوە چیە ئافرەتانتان دەیکەن لەوەی لەم قژە ئەنێن بەسەریانەوە وە فەرموی لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستوە کە دەیفەرموو (هیچ ئافرەتێك نیە کە قژی زیادە بنێت بەقژی خۆیەوە ئیلا ئەوە تەزویرە) وە تەزویرکردنیش ئاشکرایە کە حەرامە.

ب- هەروەها حەرامە لەسەر ئافرەتانی موسڵمان کە دەستکاری برۆیان بکەن و لێی کەم بکەنەوە ئیتر بە هەر جۆرێك بێت بەکورت کردنەوە یان تاشین یان هەڵکەندن بێت یان بەهۆی ماددەی لابردنی مووەوە بێت ، چونکە ئەوە ئەو (النمص)ەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەفرەتی لێ کردوە هەروەك دەفەرموێت: (لعن النبي(ﷺ) النامصة و المتنمصة)[٦] النامصه: ئەوەیە کە هەندێك مووی برۆی لائەبات بۆ جوانی بە گومانی خۆی . المتنمصه: ئەوەیە کە ئەو کارەی بۆ ئەنجام ئەدات. وە ئەمەش دەستکاری کردنی دروستکراوی خوای گەورەیە کە شەیطان بەڵێنی داوە کە فەرمان بکات بەسەر إنسانەکاندا هەر وەکو خوای گەورە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: [...... ولآمرنهم فَلَيُغيرن خلْق اللّهِ ..... ﴾{سورة النساء:١١٩} واتە : شەیتان دەڵێت من فەرمانیان پێ دەکەم بۆ ئەوەی دستکردی خوا بگۆڕن .

هەروەها لە فەرموودەیەکی صەحیحدا لە إبن مسعودەوە(ﷺ) پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((لعن الله الواشمات و المستوشمات و النامصات و المتنمصات و المتفلجات للحسن، المغيرات خلق الله عز وجل))[٧] (صحيح مسلم) واتە : خوای گەروە نەفرەتی کردووە لەوانەی کە خاڵ دەکوتن و ئەوانەی بۆیان دەکوتن و ئەوانەی کە برۆ باریك دەکەنەوە و ئەوانەی بۆیان باریك دەکەنەوە و ئەوانەی کە دان شاش دەکەن و دەستکاری کاری خوای گەورە دەکەن . دوای ئەوە فەرموی ئایا نەفرەت نەکەم لەوەی کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەفرەتی لێ کردوە، کە ئەوەش خوای گەورە فەرمانی داوە واتا ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿...... وما آتاكُم الرسولُ فَخذُوه وما نهاكُم عنه فَانتهوا..... ﴾ {سورة الحشر:٧} . وەبەداخەوە ئەم تاوانە گەورەیە کە لە گەورەی تاوانەکانە واتا (کبائر)ە زۆر لە ئافرەتانی گرتۆتەوە ، تا کار گەیشتۆتە ئەوەی کە هەڵگرتنی برۆو دەم و چاو بەکارێکی زەروری ئەزانن و لایان شتێکی سادە و ڕۆژانەیە. کە ئەم کارەش ئەگەر مێردەکەشی فەرمانی پێ بکات نابێت ئەنجامی بدات چونکە تاوانی گەورەیە .

ج- یەکێك لەو کارە حەرامانەش کە ئافرەتان ئەنجامی ئەدەن شاش کردنی دانەکانیەتی بەمەبەستی جوان کردن ئەویش بەوەی کرانێك ئەیکرێنن بۆشاییەکی کەم ئەخەنە بەینی دانەکانیانەوە کە ئەم کارەش کارێکی حەرامە. بەڵام ئەگەر دانەکانی ناشرینیەك یان خواروخێچیەکی تیادابوو وە پێویستی بە ڕێك کردنەوە هەبوو بۆ

---

[٥] رواه البخاري (١٩-٣٧٨) في اللباس ومسلم (٢١٢٤) في اللباس .

[٦] صحيح مسلم (٨٣٧/٤) .

[٧] البخاري (٥٩٣٩) ، مسلم (٢١٢٥) ، أبو داود (٤١٦٩) .

ئەوەی چارەسەری بکرێت یان کلسی هەبوو و ویسترا لایبەرێت ئەوە هیچ ڕێگرێکی شەرعی نىیە چونکە مەبەست تیایدا چارەسەرە.

د- وە بەهەمان شێوە حەرامە لەسەر ئافرەتان کە کاری خاڵ کوتان لە لاشەیدا بکات. چونکە پێغەمبەریخوا(ﷺ) نەفرەتی کردوە لەو کەسەی کە خاڵ دەکوتێت وەئەو کەسەی کە کارەکەی بۆ ئەنجام ئەدات وەکو لە فەرموودەکەی پێشوودا هاتبوو ، وە ئەم کارەش یەکێکە لە تاوانە گەورەکان، چونکە نەفرەت لە شەرعدا تەنها بۆ تاوانە گەورەکانە.

هـ- با بزانین حوکمی شەرعی بۆ ڕەنگ کردن بە (خەنە)و بۆیە کردنی قژ و خۆڕازاندنەوە بە ئاڵتون چىيە؟ ئیمامی نەوەوی لە (المجموع) بەرگی (١) لاپەڕە (٣٢٤)دا دەفەرموێت: ڕەنگ کرنی دەست و قاچ بە (خەنە) موستەحەبە بۆ ئافرەتی شوو کردوو لەبەر ئەوەی چەندەها بەڵگە هەیە لەسەری و صحیحین ، بەڵام ئەم بۆیە کردنە نابێت بە مادەیەك بێت کە وشك بێتەوە و ڕێگربێت لە پاك و خاوێنی و تەڕبووندا .

٢- بەڵام بۆیە کردنی قژ ئەگەر ئافرەت چووبووە تەمەنەوە ئەوا ئەتوانێت ڕەنگی بکات بەڵام خۆی بپارێزێت لە ڕەنگی ڕەش لەبەر ئەو قەدەغەکردنە گشتىیە کە بۆ ڕەنگی ڕەش هەیە هەروەك چۆن ئیمامی نەوەوی لە (ریاض الصالحین) دا لاپەڕە(٢٦٢) لە بەشی قەدەغەکردنی پیاو و ئافرەت لە ڕەنگ کردنی قژیاندا بە ڕەش ، وە لە مجموع (٣٢٤/١) دەفەرموێت هیچ جیاوازیەك نىیە لە حەرامىیەتی ڕەنگ کردنی ڕەش لە نێوان پیاو و ئافرەتدا وە ئەوەش مەزهەبمانە...بەڵام بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەش بۆ قژی ڕەش بۆئەوەی ڕەنگەڕەشەکە بگۆڕێت بە ڕەنگێکی تر. (د. صالح بن فوزان الفوزان) دەفەرموێت ئەوەی من تیایدا ئەبینم کە دروست نىیە . چونکە هیچ پێویستییەك بەوە ناکات لەبەر ئەوەی بەنیسبەت قژەوە جوانترین ڕەنگ ڕەنگی ڕەشە وە هیچ ناشیرینیەکی تێدا نىیە تا پێویست بەگۆڕین بکات . وە لەم گۆڕینەشدا چاولێکەری تێدایە بۆ ئافرەتە بێباوەڕەکان .

٣- وەیەکێك لەو تایبەتمەندیانەی پەیوەست بە ئافرەتەوە خۆڕازاندنەوەیەتی بەئاڵتون و بۆی حەڵاڵە وە ئەمەش کۆدەنگی زانایانی لەسەرە. بەڵام بەمەرج گیراوەکە ئاڵتونەکانی بۆ پیاوی (نا مەحرەم) دەرنەخات بەڵکو داپۆشراوبێت بەتایبەتی لە کاتی دەرچونی لە ماڵ چونکە ئەکەوێتە بەربینینی پیاوان بۆی. وە ئەمەش فیتنەیە بۆ ئافرەت. لەکاتێکدا لەشەرعدا حەرام کراوە کەلەژێر پۆشاکێکدا پیاوان گوێیان لە خرخاڵی پیٚی ئافرەتان بێت ئەوە زۆر لە پێشتر ئەبێت کە نابێت بە ئاشکرا ئاڵتوونی ئافرەتان ببینرێت . وەکو خوای گەورە دەفەرموێت (و لا یضربن بارجلهن لیعلم ما یخیفهن من زینتهن)(النور :٣١) واتە پێیان نەدەن بە زەویدا بەمەبەستی ئەوەی کە بزانن خرخاڵیان لە پێدایە .

**مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ سایتی بەهەشت**

www.ba8.org

# "بەشی سێهەم"

## هەندێ حوکمی شەرعی تایبەت بە

## (( حیض و الاستحاضة والنفاس ))

**یەکەم : ( الحیض ) :**

١- **پێناسەی(( الحیض )):** پێناسەکەی لە زمانەوانیدا واتا ڕژان بەڵام لەشەرعدا بریتیە لە خوێنێك دەر ئەچێت لە(سەرچاوەی ڕەحمی ئافرەتەوە لە کاتێکی دیاریکراودا بەبێ ئەوەی بەهۆی نەخۆشی یان بەرکەوتنەوە بێت . بەڵکو شتێکە خوای گەورە کچانی ئادەمی ڕاهێناوە لە سەری . وخوای گەورە لە ڕەحمی ئافرەتدا دروستی کردوە وەکو خواردنێك بۆ منداڵ لەسکی دایکیدا لەکاتی سك پڕیدا، بەڵام دوای بونی منداڵکە ئەبێت بەشیر، وە ئەگەر ئەو ئافرەتە سك پر نەبو یان شیردەر نەبوو ئەوا ئەو خوێنە وەك خۆی دەمێنێتەوە ناگۆڕێت بۆ هیچ بابەتێکی تر. لە کاتی دیاری کراودا لە ڕەحمی ئافرەتەوە دێتەدەرەوە کە پێ دەوترێت (مانگانەی ئافرەت) .

٢- **تەمەنی کاتی حەیض:** ئەو تەمەنەی کەئافرەت تیایدا(عادە) ئەبێت. زۆر جار لە نۆ ساڵییەوە بۆ پەنجا ساڵی دەبێت . وەکو خوای گەورە دەفەرموێت .

﴿واللائي يئسن مِن الْمحِيض مِن نسائكُم إِن ارتبتم فَعِدتهن ثَلَاثَةُ أَشهرٍ واللائِي لَم يحِضن ........﴾ (الطلاق:٤) وَاللَّائِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ : واتە ئەوانەی کە گەیشتونەتە پەنجا ساڵی وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ : ئەوانەن کە منداڵن و لە خوار نۆ ساڵیەوەن .

٣- **حوکمەکانی ( حیض ) :-**

أ- لە کاتی (حیض) دا جیماع کردن حەرام دەبێت بەبەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وبسأَلُونك عنِ الْمحِيضِ قُلْ هو أَذًى فَاعتزِلُواْ النساء فِي الْمحِيضِ .... ﴾ (البقرە:٢٢٢) واتە پرسیارت لێدەکەن لە (حیض)ی ئافرەتان پێیان بڵێ لەو کاتەدا ناڕەحەتیە بۆ ئافرەتان و وەجیماعیان لەگەڵدا مەکەن . وە ئەم حەرامێتیە بەردەوام دەبێت تاوەکو خوێنەکە نامێنێت و خۆی دەشوات و پاك دەبێتەوە وەکو خوای گەورە دەفەرموێت ﴿...... ولاَ تقْربوهن حتى يطْهرنَ فَإِذَا تطَهرنَ فَأْتوهن مِن حيثُ أَمركُم اللّه ......﴾

بەڵام جگە لە جیماع کردن حەڵاڵە بۆ هاوسەری کە لەزەتی لێ وەربگرێت ، وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : ((إصنعوا كل شيء إلاّ النكاح))[1] واتە هەموو کارێك ئەنجام بدەن لەو کاتانەدا تەنها جیماع نەبێت .

ب- لە کاتی (حیض)دا ئافرەت بەڕۆژوو نابێت و نوێژەکانی ناکات و حەرامە لەسەری ، وە ئەگەر ئەنجامیشی بدات دانامەزرێت بەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت : ((أليس إذا حاضت المرأة لم تصل ولم تصم))[2] . واتە : ئایا ئافرەت کە لە (حیض)دایە نە بەڕۆژوو دەبێت و نە نوێژ دەکات . بەڵام پاش پاك بوونەوەی ئەوە ڕۆژووەکانی دەگێڕێتەوە بەڵام نوێژەکانی ناکاتەوە بە ووتەیەی دایکمان عائشە (ڕەزای خوای لێبێت) کە دەفەرموێت : ((كنا نؤمر بقضاء الصوم ولا نؤمر بقضاء الصلاة))[3] . واتە (ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) لە (حیض)دا بووین فەرمانمان پێدەکرا بە گرتنەوەی ڕۆژوو بەڵام فەرمانمان پێ نەدەکرا بۆ کردنەوەی نوێژەکان) ئەم جیاوازیەش بۆ ئەو دوو عیبادەتە ئەوەیە کە نوێژ زۆر دووبارە دەبێتەوە واجب نەکراوە کە بگێڕێتەوە لەبەر ناڕەحەتی و قورسێتی لەمەدا بەڵام ڕۆژوو کاتەکەی فراوانە و زۆر ئاسانترە .

---

(١) مسلم (٣٠٢) في الحيض باب جواز غسل الحائض رأس زوجها وترجيله .

(٢) رواه البخاري (٤٠٥/١) في الحيض باب ترك الحائضالصوم ومسلم (٧٩) في الإيمان .

(٣) البخاري (٨٨/١) ، ومسلم (٢٧/٤) ، أحمد (٣٢/٦) ، أبو داود (٢٥٥) .

ج- حەرامە لەسەر ئافرەتان لە کاتی (حیض)دا کە دەست بدات لەموصحەفی قورئان بەبێ هیچ پەردەیەك وەکو کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿لا يمسه إلا المطهرون﴾ (الواقعة:٧٩) . وە بەو نامەیەی کە پێغەمبەر (ﷺ) نووسیبووی بۆ (عمرو بن حزم) (ﷺ) : ((لا يمس المصحف إلاّ طاهر))[٤] . ئەم حوکمە دەشوبهێنێت بە تەواتور چونکە خەڵك بەگشتی لایان پەسندە وە شێخی ئیسلام ابن تيمية (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت : ئیمامی هەر چوار مەزهەبەکە کۆن لەسەر ئەوەی کە تەنها کەسێکی پاك دەست دەدات لە موصحەف بەڵام خوێندنی قورئان بۆ ئافرەتی (حیض) بەبێ دەست دانی لە موصحەف جێی جیاوازی بۆچوونی زانایانە وەئەوەی ڕەئێکی مام ناوەندی و گشتیترە . ئەوەیە کە قورئان نەخوێنێت گەر زۆر زەرور نەبێت بۆ نموونە ترسا گەر لەبەری بوو لەبیریبچێتەوە ئەوا دروستە .

د- حەرامە لەسەر ئافرەتی (حائض) کە طەواف بەدەوری کەعبەدا بکات ، بەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) کە بە عائیشەی فەرموو کە چووبوە (حیض)ەوە لە کاتی حەجدا. (إفعلي ما يفعل الحاج ، غير ألاّ تطوفي بالبيت حتى تطهري)[٥].

واتە : هەموو شتێك بکە کە حاجیەکان دەیکەن تەنها طەواف نەبێت ئەنجامی مەدە تاوەکو پاك دەبیتەوە .

هـ- هەر وەها حەرامە لەسەر ئافرەتانی (الحائض) کە بمێنێتەوە لەناو مزگەوتدا. بەڵام جائیزە کە لەناو مزگەوتدا تێپەڕێ بەبێ مانەوە تیایدا بەو فەرموودەیەی کە خاتوو عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (خاولیەکەم بدەرێ منیش ووتم کە لە حاڵەتی (حیض)دام فەرمووی خۆ (حیض)ەکەت لەدەستدا نییە . (رواه الحاكم) صحيح . وەهیچی تێدانییە گەر ئافرەتی (حائض) زیکرە شەرعییەکان بخوێنێت لە (لا إله إلاّ الله ، الله أكبر ، الحمد لله ، سبحان الله ، و دوعاو ویردە شەرعییەکانی بەیانیان و ئێواران و لەکاتی لەخەو هەستان و بەهەمان شێوە هیچ ڕێگرێك نییە لە ڕووی شەرعەوە کە کتێبی زانیارییە شەرعییەکان بخوێنێتەوە وەکو تەفسیر و فەرموودە و فقه و هیتد) تەواو .

سودێك لەسەر حوکمی (الصفرة والكدرة) :- (الصفرة) شتێکە وەکو کێمێکی زەرد ، و(الكدرة) شتێکە وەکو ڕەنگی ئاوێکی پیسی بۆگەن ئنجا گەر ئەو (كدرة وصفرة)یە لەکاتی (عادة) لە ئافرەتەوە دەرچوو ئەوە حوکمی (حیض)ی هەیە و هەمان ئەو حوکمانەی پێشوو دەیگرێتەوە بەڵام گەر لەکاتی (عادة)دا نەبوو ئەوا هیچ شتێك نیەو بەڵکو ئافرەتەکە پاکە بەو فەرموودەیەی أم عطية (ڕەزای خوای لێبێت) کە دەفەرموێت : ((كنا لانعد الكدرة والصفرة بعد الطهر شيئاً))[٦] واتە (ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) (كدرة و صفرة)[٧]مان بەهیچ دانەئەنا دوای پاك بوونەوە) رواه أبو داود و ئیمامی بوخاریش ڕیوایەتی کردووە بەبێ لەفزی (دوای پاك بوونەوە) وەئەمە حوکمی فەرموودەی پێغەمبەرە (ﷺ) هەیە لای زانایانی فەرموودە چونکە بێدەنگی پێغەمبەری (ﷺ) لەسەر بووە وە تێگەیشتنی ئەوە لەم فەرموودەیەدا هەیە کە پێش پاکبوونەوە لە (حیض) و كدرة و صفرة حوکمی (حیض)یان هەیە .

## زانیاریەکیتر ، ئافرەت چۆن دەزانێت کۆتایی ( حیض )ی هاتووە ؟ .

وەڵام : بەوەدا دەزانێت کە خوێنی نامێنێت وە ئەمەش دوو نیشانەی هەیە .... نیشانەی یەکەم : دابەزینی سپیایەك کە ئاوێکی سپییە دوای تەواو بوونی (حیض) دێت شێوەی لە ئاوی گەچ دەچێت وە لەوانەیە غەیری ڕەنگی سپیش بێت چونکە بۆی هەیە ڕەنگی بگۆڕدرێت بەپێی جیاوازی و بارۆدۆخی ئەو ئافرەتە . نیشانەی دووەم : ووشك بوونەوە . ئەویش ئەوەیە پارچەیەك لۆکە یان پەڕۆیەك دەخاتە ناو (فەرجی)یەوە دوای ئەوە دەری دەهێنێتەوە هیچ شتێکی پێوە نییە نە خوێن و نە (كدرة و صفرة) .

---

[٤] رواه الطبراني (الكبير) (١٣٢١٧) ، الدارقطني (١٢١/١) ، البيهقي (٨٨/١) ، ابن الحبان (٦٥٥٩) .

[٥] رواه البخاري (٤٠٧/١) في الحيض ومسلم (١٢١١) في الحج .

[٦] رواه البخاري (٤٢٦/١) في الحيض وأبو داود (٣٠٧) في الطهارة .

[٧] الكدرة : وەکو ئاوی سپی بۆگەن . الصفرة : کێم .

٤- **چی پێویستە لەسەر ئافرەتی (حائض) لەدوای تەواو بوونی (حیض)ەکەی** :- پێویستە لەسەر ئافرەتی (حائض) کە لە (حیض)ەکەی تەواو بوو خۆی بشوات کە ئەم خۆشۆردنەی دەبێت نیەتی پاك بوونەوەی هەموو لاشەی لەدڵدا هەبێت لەبەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ((گەر چوویتە (حیض)ەوە واز لەنوێژ بهێنە وە ئەگەر تەواو بوو خۆت بشۆ دوای ئەوە نوێژەکانت بکە (رواه البخاری) . تێبینی : دوای تەواو بوونی (حیض)ەکەی نوێژەکانی پێشووی ناگێڕێتەوە بە گوێرەی بەڵگەی شەرعی وە شێوازی خۆشۆردنەکەش بەم شێوەیە دەبێت کە نیەتی وابێت کە خۆی پاك بکاتەوە لە بێ نوێژی وە بڵێت (بسم الله) وە ئاو بکات بە هەموو لاشەیدا و ئاو دەکات بە قژیدا وە پێویست ناکات قژی بکاتەوە گەر بەسترابوو بەڵکو ئاو دەکات بەسەریدا وە ئەگەر بابەتی پاك کەرەوەی بەکارهێنا ئەوە شتێکی باشترە وە چاك وایە گەر لە پارچە لۆکەیەك میسك یان بۆنێکی خۆشی لێبدات و لەسەر فەرجی دابنێت دوای خۆشۆردن لەبەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) ئاوا فەرمانی بە (أسماء) کرد (ڕەزای خوای لێبێت) (رواه مسلم) .

**ئاگاداریەکی گرنگ** . گەر ئافرەتی (حیض)دار یان لە حاڵەتی (نیفاس)دابوو پاك بویەوە پێش خۆر ئاوابوون ئەوا پێویستە لەسەری نوێژی نیوەڕۆ و عەسری ئەو ڕۆژە بکات وە ئەوەی پاك بوویەوە پێش خۆر هەڵاتن پێویستە لەسەری کە نوێژی ئێوارە و عیشا بکات دوای خۆشۆردنەکەی لەبەر ئەوەی کاتی نوێژی یەکەم دەمێنێ تاوەکو نوێژی دووەم لە کاتی بونی عوزردا شیخ الإسلام ابن تیمیة لە فتاویدا لە بەرگی (٢٢)لابەڕە (٤٣٤)دا فەرموویەتی کە جمهوری زانایان لەسەر ئەوەن وەکو إمام مالیك و إمام شافیعی و إمام أحمد (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) ، کە ئەگەر ئافرەتی (حائض) پاك بووەوە لە کۆتایی شەودا دەبێت نوێژی ئێوارە و عیشا بکات وە ئەگەر لە کۆتایی ڕۆژدا پاك بویەوە ئەوە دەبێت نوێژی نیوەڕۆو و عەسری ئەو ڕۆژە بکات هەروەها ئەمە بۆچوونی عبدالرحمن کوڕی عەوف و أبي هریرة و ابن عباس (ڕەزای خوایان لێبێت) چونکە کات لەنێوان هەموو دوونوێژێکدا هاوبەشە لە کاتی هەبوونی عوزردا ئنجا لەبەر ئەوە گەر لە کۆتایی ڕۆژدا پاك بویەوە ئەوە کاتی نوێژی نیوەڕۆ ماوە چونکە عوزری هەبوو ئەوە نیوەڕۆ دەکات ئنجا عەسر وە ئەگەر لە کۆتایی شەودا پاك بووەوە ئەوە کاتی ئێوارە ماوە ئەوە ئێوارە دەکات ئنجا عیشا بەڵام ئەگەر کاتی نوێژێك هاتبوو لەو کاتەدا (عادة)بوو یان حاڵەتی (نیفاس)ی بەسەردا هات ئەوا ووتەی هەڵبژاردە و بەهێز ئەوەیە : کە قەزا کردنەوەی ئەو نوێژەی لەسەر نیە کە کاتەکەی هاتبوو ئنجا ئەو حاڵەتانەی بەسەردا هات و ئەو نوێژەی نەکردبوو وە شیخ الإسلام ابن تیمیة (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە مجموع فتاویدا لە بەرگی (٢٣) لاپەڕە (٣٣٥)دا لەم بارەیەوە دەفەرموێت : ئەوەی ئاشکرا بێت بەبەڵگەی مەزهەبی إمام أبو حنیفە و إمام مالکدا ئەوەیە کە هیچی لەسەر نیە . چونکە گێڕانەوەی پێویستی بە فەرمانێکی تازە هەیە وە هیچ فەرمانێك نیە کە پێویستی بکات لەسەری ئەو نوێژە بگێڕێتەوە چونکە درەنگ کەوتنی ئەو نوێژە ئاسایە و دەستەڵاتی ئەوی تێدا نیە بەڵام کەسێکی خەوتوو یان لەبیری چووبێت هەر چەندە ئەمانیش دەسەڵاتیان نەبوو بەڵام دوایی نوێژەکە دەکەنەوە ئەو قەزاکردنەوەی نیە بەڵکو ئەوە کاتی ئەو نوێژەیە کە دەیکات بۆ کەسێك کە خەبەری دەبێتەوە وە یان بیری دەکەوێتەوە تەواوە .

**دووەم : الإستحاضة :**

١- **حوکمەکانی (الإستحاضة)** :- {الإستحاضة} :بریتیە لە ڕژانی خوێن کە لەکاتی خۆیدا نەبێت وەکو {نزیف} لە دەمارێکەوە کە پێی دەوترێ (العازل) وە ئافرەتی (المستحاضة) حاڵەتەکەی جۆراو جۆرە چونکە خوێنی (عادة) و خوێنی (الإستحاضة) لەیەك دەچن ئەگەر خوێنەکەی بەبەردەوامی دەهات یان زۆرینەی کات بوو ئەوە چۆن دەزانین کە کامیان (حیض) وە کامەیان (الإستحاضة)یە چونکە (الإستحاضة) نوێژ و ڕۆژووی بۆ واز لێ ناهێنێت چونکە (الإستحاضة) حوکمی پاکێتی هەیە).

**وەلەسەر ئەمە (مستحاضة) سێ حاڵەت هەیە :-**

**حاڵەتی یەکەم :-** ئەوەیە کە (عادة)یەکی ناسراوی خۆی هەبێت پێش ئەوەی حاڵەتی (إستحاضة)ی بەسەردا بێت ، بەوەی کە پێش (إستحاضة) بۆ نموونە پێنج یان هەشت ڕۆژ (عادة) بوو بێت : لەسەرەتای مانگدا یان ناوەڕاستی مانگ ، وەژمارەی ڕۆژەکانی (عادة) و کاتەکەی دەزانێت وەلەم ڕۆژانەی کە دیاری کراوە واز لە نوێژ و ڕۆژوو دەهێنێت ، وەئەمە حوکمی (حیض)ە ، وەکە ڕۆژەکانی تەواو بوو خۆی دەشوات و نوێژەکانی دەست پێ دەکاتەوە ، وە دوای ئەمە ئەگەر خوێن هەبوو ئەوەی خوێنی (إستحاضة)یە ، بەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەر (ﷺ) بە أم حەبیبەی فەرموو (بمێنەرەوە بەقەد ئەوەی کە پێشتر چەند (عادة) دەبوویت ، پاشان خۆت بشۆ و نوێژ بکە) رواه مسلم ، وە بەو فەرموودەیەی کە بە فاطمەی کچی أبی حبیش فەرموو کە پرسیاری لێ کرد فەرمووی (بەڵکو ئەوە دمارێکە و (حیض) نییە) .

**حاڵەتی دووەم :-** ئەگەر (عادة)یەکی ناسراوو دیاریکراوی نەبوو بەڵام خوێنەکەیان جیاواز بوو ، کە هەندێ لە خوێنەکەی سیفەتی (حیض)ی پێوەبوو ، بەوەی کە ڕەنگی ڕەش یان لێڵە یان بۆنێکی ناخۆشی هەیە ، وەهەندێکی سیفەتی (حیض)ی پێوەنییە . بەوەی کە ڕەنگی سورە و بۆنی نییە و لێڵ نییە . ئالەم حاڵەتەدا حسابی ئەو خوێنەی کە سیفەتی (حیض)ی پێوەیە بە (عادة) حساب دەکرێت ، کاتی بۆ ڕادەگیرێت لەو کاتەدا واز لە نوێژ و ڕۆژوو دەهێنێت ، وەدوای ئەمە حسابی (إستحاضة)ی بۆ دەکرێت ، وەلە کاتی تەواو بوونی ئەو خوێنەی کە سیفەتی (حیض)ی هەبوو خۆی دەشوات نوێژ دەکات و ڕۆژوو دەگرێت وەلەم حاڵەتەدا پاك بۆتەوە ، بەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەر (ﷺ) بە فاطمەی کچی حبیشی فەرموو کە (ئەگەر (حیض) بێت ئەوە خوێنەکەی ڕەش و ناسراوە ، ئەوە واز لە نوێژ بهێنە ، بەڵام ئەگەر وانەبوو ئەوا دەست نوێژ بگرەو نوێژەکانت بکە) أبو داود و نسائی و صححە وابن حبان والحاکم ، وە ئەمە ئەوەی لێ تێدەگەین کە (مستحاضة) بە جۆری خوێنە کەوا دەناسرێتەوە .

**حاڵەتی سێهەم :-** ئەگەر (عادە)یەکی ناسراوی نەبوو یان سیفەتێکی وای نەبوو کە لە (حیض)ەکە جیا بکاتەوە . ئەوا لەم حاڵەتەدا حسابی زۆرینەی ڕۆژەکانی (حیض) بۆ خۆی دەکات کە شەش یان حەوت ڕۆژە لە مانگێکدا . چونکە بە شێوەیەکی گشتی ئافرەتان کاتی (حیض)یان ئەوەندەیە . بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) کە بەحمنەی کچی جەحشی فەرموو (کە ئەوە شەیطانە و شەش یان حەوت ڕۆژ لە (حیض)دا دەبیت ، دوای ئەو کاتە خۆت بشۆ . ئنجا کە (إستقأت) ئەوا بیست و سێ ڕۆژ یان بیست چوار ڕۆژ نوێژ بکەو ڕۆژوو بگرە ، وە ئەوە بەستە و بەردەوام ئەوە بکە کە ئافرەتانی تر لە کاتی (حیض)دا دەیکەن) رواه الخمسة وصححە الترمذي ، ئەوەی کە تێ دەگەین لەوانەی پێشتر باسکرا . ئەوەیە ئەو ئافرەتە چۆن لەسەر (عادة) ڕاهاتبوو ئەوە بە پێی ئەوە حیساب بۆ خۆی دەکات . وەئەوەشی کەدیاری کراو بوو ئەوە ئیش بەوە دەکات . وە ئەوەشی کە دیاری کراو نەبوو یان ڕاهاتنەکی تەواو نەبوو ئەوا شەش ڕۆژیان حەوت ڕۆژ ڕادەگرت وە بەوەش کۆکردنەوە لەنێوان هەرسێ ئەو سوننەتەدا دەکات کە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتووە لەسەر (مستحاضة) . وە شیخ الإسلام إبن تیمیة (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت ئەو نیشانانەی کە باس کراون شەش یان (عادة)یە چونکە (عادة) یەکێکە لە بەهێزترین نیشانەکانێتی ، لەبەر ئەوە بنەمای دەستپێکردنی (حیض)ە . وەیان خوێنەکە ناسراوە ، چونکە خوێنی ڕەش و لێڵ و بۆن ناخۆش نیشانەیەکی زۆر دیار ترە لە خوێنی سورەکە (حیض) بێت ، وەیان ئەوەی حساب بۆ گشتێتی (عادة)ی ئافرەتان بکرێت . لەبەر ئەوە بنچینە ئەوەیە کە تاك لەسەر زۆرینەو کۆحیسابی بۆ بکرێت وە ئەم سێ نیشانانە بەڵگەی سوننەتیان لەسەرە وە بە واقیعی سەلمێنراوە . وە کۆمەڵ نیشانەیەکی تریشی باس کردووە بەڵام لە کۆتاییدا دەفەرموێت بە هێزترین وتەکان ئەوەیە کە ئەو نیشانانەی کەلەسەرەوە باسکران کەلە سوننەتدا هاتوون وەغەیری ئەوانە لە غو دەکاتەوە .

## ٢- چی پێویستە لەسەر (مستحاضة) لە کاتێکدا کە حوکمی پاکێتی دەبێت :-

أ:- پێویستە لەسەری کە خۆی بشوات ل کۆتایی ئەو (عادة)یەدا کە بەو شێوانەی پێشوو باس کران .

ب:- فەرجی دەشوات بۆ ئەوەی چی لەسەرە پاك بێتەوە لە کاتی نوێژەکاندا . وە پارچە لۆکەیەکی لەسەر دابنێت یان شێوەی لۆکەوە بەتوندی رایگرێت بۆ ئەوەی لێی نەبێتەوە ئنجا دەست نوێژ بگرێت کە کاتی نوێژ هات بەو فەرموودەیەی کە لە بارەی (مستحاضة)وە هاتووە کە دەفەرموێت (واز لە نوێژەکانی دەهێنێت لە رۆژەکانی (عادة)دا ئنجا کە ئەو رۆژانە تەواو بوو خۆی دەشوات و دەست نوێژ بۆ هەموو نوێژێك دەگرێت) رواه أبو داود و ابن ماجة والترمذي وقال حديث حسن .

## سێهەم : (النيفاس)

(النيفاس) پێناسەکەی و ماوەکەی (النيفاس) : بریتیە لەو خوێنەی کە لە رەحمی ئافرەتەوە دێت لە کاتی منداڵبووندا وە پاش منداڵ بوونیش وە ئەمە ئەو خوێنەیە کە لەکاتی سکپڕیدا پەنگی خواردۆتەوە وە هەر کەمنداڵەکەی بوو خوێنەکە ووردەوردە دێتە دەرەوە وە ئەو خوێنەی کە دەبینرێت پێش منداڵ بوون لەگەڵ ئەوەی نیشانەی ئەوەیە کە منداڵ بوونە کە نزیك بۆتەوە ئەو خوێنە بریتیە لە (النيفاس) وە هەندێ لە (فقهاء) تایبەتیان کردووە بە دوو رۆژ یان سێ رۆژ پێش منداڵ بوون وە زۆر جاریش سەرەتاکەی لە کاتی منداڵ بووندایە ئەوەی کە پێی بووترێت سکپڕبوون بریتیە لەوەی ئاکامی دروستبوونی کۆرپەلەی تێدابێت وە کەمترین ماوە بۆ دروست بوونی مرۆڤ (٨١) رۆژە وە زۆر جاریش (٣) مانگە وە ئەگەر لەباری چوو پێش ئەم ماوەیە خوێنیشی لەگەڵدابوو ئەوا هیچ گرنگیەکی نییە وە واز لەنوێژ و رۆژوو بۆ ئەو خوێنە ناهێنرێت چونکە خوێنێکی خراپە وە یان نەزیفە وە حوکمی وەکو حوکمی (مستحاضة) وایە . وە زۆر ترین ماوەی (النفاس) بە گشتی (٤٠) رۆژە لە رۆژی منداڵبوونەوە یان دووسێ رۆژیش پێش منداڵبوونەکە وەکو لە پێشتردا باس کرا بەو فەرموودەیەی أُم سلمة (رەزای خوای لێبێت) لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) ئافرەتی (النفساء) (٤٠) رۆژ وازی لە نوێژ و رۆژوو دەهێنا . رواه الترمذي . وەلەسەر ئەوە ئەهلی عیلم کۆڕان هەر وەکو الترمذي و غەیری ئەویش باسیان کردووە وەهەچ کاتێك پاکبووەوە پێش (٤٠) رۆژەکە بەوەی کە خوێنی نەما ئەوا خۆی دەشوات و دەست دەکاتەوە بە نوێژ چونکە بە مەرج نەگیراوە کە (٤٠) رۆژ بێت وە کاتی دیاریکراو نییە بۆ کەم ترین کاتی وە ئەگەر (٤٠) رۆژەکە تەواو بوو وە خوێنەکەی هەر بەردەوام بوو وا رێکەوت کە دوای ئەو (٤٠) رۆژە (عادة)ی بوو ئەوە هەر بەردەوام دەبێت لەسەر نەکردنی نوێژ و رۆژووی وە ئەگەر کاتی (عادة)نەبوو ئەو (الإستحاضة)یە وازی لە نوێژو رۆژوو بۆ ناهێنرێت ، وەئەگەر لە (٤٠) رۆژەکە زیادی کردبوو بەبێ ئەوەی کە کاتی (عادة)ی بێت بەڵام بەردەوام نەبێت ئەوا شوێنی جیاوازی بۆچوونی زانایانە.

هەندێ ئەحکامی تایبەت بە (النيفاس)وە . حوکمەکانی (النيفاس) وەکو حوکمەکانی (حيض) وایە وەکو :

١- حەرامە جیماع کردن لە حاڵەتی (نیفاس)دا هەروەکو چۆن حەرامە لەکاتی (حيض)دا بەڵام جائیزە لەزەت لێوەرگرتنی بە بێ جیماع کردن .

٢- حەرامە لەکاتی (نیفاس)دا نوێژ بکات و بەرۆژوو ببێت یان تەواف بکات هەروەکو حاڵەتی (حيض) .

٣- حەرامە لەکاتی (النيفاس)دا دەست دان لە قورئان و خوێندنەوەی مەگەر ترسی لەبیرچوونەوەی هەبێت .

٤- واجبە لەسەر ئافرەت دوای حاڵەتی (النيفاس) کەرۆژووی رەمەزانی بگرێتەوە هەروەکو لە حاڵەتی (حيض)دا هەر وایە .

٥- واجبە لەدوای تەواو بوونی (النيفاس) ئافرەت خۆی بشوات هەروەکو چۆن لەدوای (حيض)یشدا واجبە لەسەری وە بەڵگە لەسەر ئەمانە .

**بەڵگەی یەکەم :-** لە أم سلمة (رەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت : لەسەردەمی بێغەمبەر (ﷺ) ئافرەتی (النفساء) (٤٠) رۆژ دەمایەوە (رواه الخمسة) هەروەها ابن تيمية (رەحمەتی خوای لێبێت) لە (المنتقى) مجلد (١) لاپەرە (١٨٤)دا

دەفەرموێت : مانای ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت : فەرمانمان پێدەکرا کە (٤٠) بمێنینەوە بۆ ئەوەی نەوەکو هەواڵەکە درۆبێت و وانەبێت و دووبارە خوێن هەبێت چونکە بە گشتی ناگونجێت کە ئافرەتانی سەردەمێك (نیفاس) و (حیض)ی وەکو یەك بن ،

**بەڵگەی دووەم :-** هەر کە أم سلمة (ڕەزای خوای لێبێت) فەرموویەتی کە لە ئافرەتانی خێزانانی پێغەمبەر (ﷺ) (٤٠) ڕۆژ دەمانەوە لە حاڵەتی (نیفاس)دا وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێ نەدەکردن کە نوێژەکانیان بگێڕنەوە رواه أبو داود . سوودێك : ئەگەر خوێنی (النفساء) پێش (٤٠) ڕۆژەکە نەماو خۆی شۆرد و دەستی کرد بە نوێژەکانی بەڕۆژوو بوو دوای ئەوەی دوو بارە خوێنی هەبوو پێش (٤٠) ڕۆژەکە ئەوە ووتەی ڕاست ئەوەیە کە دووبارە حاڵەتی (النفاس)ە و دەبێت چاوەڕوان بێت تا نامێنێت وە ئەو ڕۆژووەی کە لەو کاتەدا گرتوویەتی کەوا دیاربوو کە پاك بۆتەوە ئەوا دروستە و نایان گێڕێتەوە بڕوانە (مجموع الفتاوی شیخ محمد إبراهیم) مجلد (٢) لاپەڕە (١٠٢) وە (فتاوی شیخ بن باز) (حاشیة ابن قاسم علی شرح الزاد١-٤٠٥) وە {رسالة في الدماء الطبیعیة للنساء کە دانانی شیخ محمد بن صالح العثیمین} وە {فتاوی السعدیة لاپەڕە ١٣٧} سوودێکی تر : شیخ عبد الرحمن بن سعدی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت دەرکەوتن لە باسکردنی ئەم حاڵەتانەدا کە خوێنی (النیفاس) هۆکەی منداڵبوونە ، وە خوێنی (إستحاضة) خوێنێکە لە تووشبوونەوە یان نەخۆشیەوە وە یان هاوشێوەی ئەوانە وە خوێنی (حیض) ئەوە خوێنی ڕاستەقینەیە خوای گەورەش زاناترە . بڕوانە کتێبی (إرشاد أولي الأبصار والألباب) لاپەڕە(٢٤)

**حوکمی خواردنی حەب : بۆ ڕێگرتن لە ( حیض ) :**

دیارە ئەمە ئەگەر زیانی بۆ لاشەی ئافرەتەکە نەبێت ئەوا دروستە ، بەڵام ئەوەی سەلمێنراوە کە زەرەری هەیە چونکە ئەو خوێنە سروشتییە و دیارە هەموو شتێکی سروشتی کە ڕێی لێ بگیرێت بەشی خۆی زەرەری دەبێت وە زانایان نەیان فەمووە کە حەرام بێت بەڵام فەموویانە کە خواردنی چاك نییە .

**حوکمی لەباربردنی منداڵ :-**

خوشکی موسوڵمانم تۆ لە شەرعی خوای گەورەدا بە ئەمین دانراوی لەسەر ئەو دروست کراوەی خوای گەورە و باڵادەست لە ڕەحمی تۆدا دروستی کردووە لەبەر ئەوە مەیشارەرەوە و لەناوی مەبە . خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ولا يحِل لَهن أَن يكْتمن ما خلَق اللّه ِفي أَرحامِهِن ِإن كُن يؤمِن ِباللَّهِ والْيومِ الآخِرِ﴾ (البقرة:٢٢٨) واتە : حەڵاڵ نییە بۆیان کە ئەوەی خوای گەورە لە ڕەحمیاندا درووستی کردووە بیشارنەوە ئەگەر باوەڕیان بە خواو ڕۆژی دوایی هەیە ، هەوڵ مەدە لەبار خۆتی بەریت ئنجا بەهەرچی ڕێگایەك بێت چونکە خوای گەورە ڕێی داوی بەشکاندنی ڕۆژوو لە ڕەمەزاندا گەر ئەو ڕۆژووە ناڕەحەتی هەبوو لەسەرت لەکاتی سك پڕبووندا یان ئەو ڕۆژووە زیانی بۆ کۆرپەلەکەت هەبوو . گەر ئەو کۆرپەلەیە گەیشتبووە ئەوەی کە ڕۆحی تێدابێت ئەوە ئەو لەباربردنە حوکمی کوشتنی نەفسێکی هەیە کە خوای گەورە حەرامی کردووە تەنها بەحەق نەبێت ، وەلەسەر ئەمەش حوکمەکانی بەرپرسیارێتی لەسەر دادەبەزێت لە ڕوانگەی دانی باجەکەی بەوردی بەپێی وردەکارییەکانی کە فیدیەکەی چەند بێت وە یان لە ڕوانگەی دانی کەفارەت لەلایەن هەندێ زانایانەوە ، کە ئەویش ئازاد کردنی بەندەیەکی موسوڵمانەوە ئەگەر نەبوو . ئەوا بەڕۆژوو بوونی دوومانگ لەسەر یەك ، وە هەندێ لە زانایان ناویان بەوە بردووە کە زیندەبەچاڵێکی بچووکە ، شیخ محمد بن إبراهیم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (مجموع الفتاوی)ی خۆیدا (١١-١٥١) (هەوڵ دان بۆ لەباربردنی منداڵ ئەگەر ژیانی تێدابوو ئەوە شەرعی نییە و حەرامە بەڵام ئەگەر زانرا ئەو منداڵە مردووە ئەوە دروستە .... هەروەها (مجلس هیئة کبار العلماء السعودیة) ژمارە (١٤١) بەرواری (١٤٠٧/٦/٢٠) بڕیاری لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوەداوە لەو بارەیەوە کە بریتییە لە :-

١- حەرامە لەبار بردنی کۆرپەلە لە هەموو کاتێکدا مەگەر هۆکارێکی شەرعی هەبێت یان حاڵەتێکی زۆر ناڕەحەت هەبوو .

٢- گەر لە قۆناغی یەکەمدابوو لەوەی (٤٠) ڕۆژەکە بوو وە ئەو لەباربردنە لەم حاڵەتەدا ترسی ئەوە بوو بۆ بەڕێوەبردنی منداڵ بوویان ترسی ئەوە بوو کە بترسن لە وەی کە نەتوانێت بەخێویان بکات یان ترسی پاشەڕۆژیان بوو یان بۆ ئەوەی کە ئیتر منداڵیان پێویست نیە ئەمانە هاوشێوەی ئەمانەیە هیچیان دروست نییە و حەرامە .

٣- دروست نییە سکەکە لەناو ببرێت گەر لە قۆناغی (علقة)دا بوو یان لە قۆناغی (مضغة)دابوو مەگەر لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕ و جێی متمانە ڕایان وابێت کە مانەوەی ئەو سکە زیانی گەورەی بۆ سەر سەلامەتی ئەو دایکە هەبێت بەوەی کە ترسی ئەوەیان هەبێت کە تیاچوونی دایکەکەی بەدواوە بێت دوای ئەوەی هەموو ڕێگەچارەیەکی بۆ گیرابێتە بەر و هیچ ئەنجامێکی نەبووبێت لە دوور خستنەوەی ئەو مەترسیانە .

٤- دوای قۆناغی سێهەم لە دوای تەواو بوونی چوار مانگی (سك پڕی) حەڵاڵ نییە و حەرامە لەباربردنی تاوەکو کۆمەڵێك لەپسبۆڕانی پزیشکی متمانە پێکراو بڕیاری ئەوە دەدەن کە مانەوەی کۆرپەلەکە دەبێتە هۆی مردنی دایکەکە وە ئەمەش دوای ئەوەی هەموو ڕێگایەك گیرابێتە بەر بۆ ڕزگارکردنی وە کە ڕێگە دراوە بە لەبار بردنی منداڵ بەم مەرجانەی سەرەوە ، بۆ نەهێشتنی زیانێکی گەورەترە و بەدەست هێنانی گەورەترین بەرژەوەندی ، وە کە (مجلس هيئة كبار العلماء السعودية) بڕیاری ئەمەی داوە بەم مەرجانە وەلەگەڵ ئەوەشدا بەوەی کە تەقوای خوای گەورە بکرێت وە دڵنیای بکرێت لەم هۆکارانە . هەروەها لە (رسالة في الدماء الطبيعية للنساء) لاپەڕە (٦) کە نووسراوی (محمد بن صالح العثيمين)ە (ڕەحمەتی خوای لێبێت) : دەفەرموێت گەر مەبەست لەو لەباربردنە بۆ لەناو بردنی بێت . ئەمە ئەگەر دوای ئەوەبێت کە ڕۆح کرابێت بەبەریدا . ئەوە حەرامە و هیچ گومانێکی تێدا نییە . چونکە ئەوە کوشتنی بە ناحەقە . وە بەناحەق کوشتنیش حەرامە بە قورئان و سوننەت و إجماع ، هەروەها إمام ابن جوزی لە کتێبی (أحكام النساء)دا لاپەڕە (١٠٨-١٠٩) دەفەرموێت : مادام جێبەجێ کردنی نکاح بۆ بەدەست هێنانی منداڵە . وەلەهەموو ئاوێکیش منداڵ دروست نابێت ، ئنجا ئەگەر لە ئاوەکە منداڵ دروست بوو ئەوە ئەو مەبەستە دێتە دی لەبەر ئەوە بە ئەنقەست لەباربردنی پێچەوانەی مەبەستی پاکە ، چونکە گەر لەباربردنەکە لەسەرەتای سك پڕبووندا و پێش ڕۆحکردن بەبەریدا بوو ئەوا تاوانێکی زۆر گەورەیە ، چونکە بەرەو تەواوێتی و ڕۆحکردن بەبەریدا دەچێت . هەرچەندە تاوانی لەوە کەمترە کە ڕۆح کرابێت بەبەریدا چونکە ئەگەر بەئەنقەست ئەو کۆرپەلەیە لەناو ببرێت کە ڕۆحی تێدایە . ئەوە وەکو کوشتنی ئیمانداڕێك وایە ، وە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَإِذَا الْمَوْؤُودَةُ سُئِلَتْ * بِأَيِّ ذَنبٍ قُتِلَتْ﴾ (التكوير:٨-٩) واتە : ئەو ڕۆژەی کە کۆرپەلەکان پرسیاریان لێدەکرێت بە چی تاوانێك لەناو بران . لەبەر ئەوە خوشکی موسوڵمان لە خوای گەورە بترسە و خۆت بپارێزە لە بەزاندنی سنوورەکانی خوای پەروەردگار . وە خۆت مەدە لەم تاوانە گەورەیە بە هەرچی مەبەستێك بێت . وەهەڵمەخەڵەتێ بە ڕاگەیاندنە سەرلێشێوێنەکان یان دابونەریتی خراپەکاران کە نەلەگەڵ دین و نە لەگەڵ عەقڵدا ناگونجێن ..

**مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ سایتی بەهەشت**

www.ba8.org

# "بەشی چوارەم"

## ( هەندێك ئەحكام تایبەت بە جل و بەرگ و حیجاب )

یەكەم :– مەرجەكانی جل و بەرگی شەرعی بۆ ئافرەتانی موسوڵمان .

١– پێویستە ئەو پۆشاكە فراون بێت بە شێوەیەك كە هەموو لاشەی دابپۆشێت لەو پیاوانەی كە نامەحرەمن وە هیچ شوێنێكی دیار نەبێت مەگەر ئەوەی عادەتی لەسەرە وەك دەم و چاو و هەردوو دەست و پشتی دەستی .

٢– پێویستە كە تەنك نەبێت كە پێستی یان پۆشاكی ژێرەوەی دیاربێت .

٣– نابێت كە تەسك بێت بە جۆرێك كە ئەندامەكانی لاشەی دەربكەوێت لە (صَحيحِ مُسلمْ)دا هاتووە ((صنفان من أهل انار لم أرهما))[1] واتە پێغەمبەر (ﷺ) (فەرموویەتی دوو كۆمەڵ هەیە لە ڕیزی ئەهلی دۆزەخن . نەمبینیون كۆمەڵێكیان قامچییان پێیە وەكو كلكی مانگا وایە كە ئەشكەنجەی خەڵكی پێدەدەن . وە ئافرەتانێك پۆشاكیان لەبەردایە بەڵام ڕووتن لەنجەولاردەكەن بەملاولادا قژیان وەكو كۆپارەی پشتی حوشتربەرزە دەكەنەوە ناچنە بەهەشتەوە وە بۆنیشی ناكەن كەهەر چەند بۆنەكەی لەدووری ئەوەندە و ئەوەندەوە بۆن دەكرێت) .

وە شیخ الإسلام ابن تیمیة (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (مجموع الفتاوى)دا لە شەرحی (پۆشاكیان لەبەردایە بەڵام ڕووتن) دەفەرموێت كە جلێك لەبەردەكات كە دایناپۆشێت ئەو لەكاتێكدا پۆشتەیە بەڵام لەڕاستیدا ڕووتە . وەكو نموونەی ئەوەی كە پۆشاكێكی تەنك لەبەردەكات كە ڕەنگی پێستی دیاربێت ، یان جل و بەرگێكی تەسك كە هەموو ئەندامەكانی لاشەی ئاشكرا دەكات و زیاتر سەرنج ڕادەكێشێت وەك سنگی و ڕانی یان ئەندامەكانی تری . جا لەبەر ئەوە داپۆشینی ڕاستەقینەی ئافرەت لەوەدایە كە لاشەی دەرنەخات و ئەندامەكانی دیارنەبێت بەوەی كە ئەستورو فراوان بێت

٤– ئەوەیە كە پۆشاكەكەی نەشوبهێنێت بە پۆشاكی پیاوانە . ((لعن النبي (ﷺ) المتشبهات من النساء بالرجال))[2] . واتە پێغەمبەر (ﷺ) (نەفرەتی كردووە لەو ئافرەتانەی كە خۆیان دەشوبهێنن بە پیاوان وە لەو پیاوانەی كە خۆیان دەشوبهێنن بە ئافرەتان) وە خۆشوبهاندنیش لە پۆشاكدا هەیە وە بەهەر جۆرێك جل و بەرگێك لەبەر بكات كەلەناو كۆمەڵگادا تایبەتە بە پیاوان . وە دیارە نەفرینیش بۆ هەرچ تاوانێك هاتبێت ئەوە لە تاوانە گەورەكانە خوای گەورە هەموولایەكمان بپارێزێت .

٥– نابێت ئەو پۆشاكە جۆرێكی وابێت لە ڕەنگاو ڕەنگیدا سەرنجی سەیركەران ڕابكێشێت بۆلای خۆی لە كاتی دەرچوونی لە ماڵدا . نەوەكو بكەوێتە ڕیزی ئەوانەی كە جوانی خۆیان پیشان دەدەن و سنووری خوای گەورە دەبەزێنن :

### دووەم :– حیجاب : واتاكەی و بەڵگەكانی لە شەرعدا و سوودەكانی :–

حیجاب : واتاكەی ئەوەیە كە ئافرەت داپۆشراوبێت لەئاست ئەو پیاوانەی كە لەمەحرەمەكانی نین . وەكو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ .....﴾ (سورة النور:٣١) . وەهەروەها دەفەرموێت :

---

[1] مسلم (٢١٢٨) و (٥٢) وأحمد (٢/٢٢٣,٣٥٦) عن أبي هريرة .

[2] البخاري (٥٨٨٥) ، أبو داود (٤٠٩٧) ، الترمذي (٢٧٨٤) ، ابن ماجة (١٩٠٤) .

﴿..... وإِذَا سألْتموهن متاعاً فَاسألُوهن مِن وراء حِجابٍ ......﴾ (سورةالاحزاب:٥٣) . واته گەر پرسیاری پێداویستەکی خۆتان لێکردن ئەوە بالەپشت حیجابەوە بێت . وە مەبەست لە حیجاب ئەوەیە کە بەربەستێك هەبێت لە نێوانتاندا ئیتر دیوارێك بێت یان دەرگایەك بێت یان پۆشاکێك بێت یان هەر شتێکیتر. وە لەفظي ئایەتەکە ئەگەر چی بانگهێشتی لەگەڵ خێزانەکانی پێغەمبەرە (ﷺ) بەڵام حوکمەکەی بۆ گشتێتیە . چونکە هۆکارەکانی گەڕانۆتەوە بۆ ئەوەی کە دەفەرموێت : ﴿..... ذَلِكُم أَطْهر لِقُلُوبِكُم وقُلُوبِهِن .....﴾ (سورةالاحزاب:٥٣) واتە : دەفەرموێت : ئەوە چاکترە بۆ دڵی خۆتان بۆ پاکێتی دڵی ئەوانیش واتە ئافرەتان) وەئەم هۆکارە هۆکارێکی گشتیە . وەئەم تێگەیشتنە بەڵگەیە لەسەر تێگەیشتنی حوکمەکەی وە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿يا أَيها النبِي قُل لِّأَزواجِك وبنَاتِك ونِساء الْمؤمِنِين يدنِين علَيهِن مِن جلَابِيبِهِن ......﴾ (سورة الأحزاب:٥٩) شيخ الإسلام ابن تيمية (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (مجموع الفتاوى)دا بەرگی (٢٢) لاپەڕە (١١١–١١٢)دا دەفەرموێت : جلباب بریتیـیە لە ئەوەی کە ئیبن مسعود و جگە لەویش پێی دەڵێن (الرداء) واتە : عەبا کە بریتیە لەو پارچە قوماشە گەورەیەی کە لەسەر سەری-یەوەیە هەموو لەش دادەپۆشێت ئەی خوشکی موسوڵمان ، بێگومان ئەو حیجابە ڕاستەقینەیە دەتپارێزێت لەو سەیرکردنە ژەهراویانەی کە لەو مرۆڤە دڵ نەخۆشانەوە دەروون پیسانەوە دێت بۆت ، وەدەبێتە ڕێگرێك بۆ ئارەزوو و حەز و نییەتی نییەت خراپەکان . لەبەر ئەو پابەندبەپێوەی و دەستی پێوە بگرە وە ئاوڕ مەدەرەوە بەلای ئەو بانگەشە بریقەدارانەی کە دژایەتی خۆداپۆشین دەکات یان لە قورسایەتی کەم دەکاتەوە وە دڵنیابە ئەوان خێریان بۆ تۆ ناوێت جگە لە شەڕ هەر وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ويرِيد الَّذِين يتَّبِعون الشَّهواتِ أَن تَمِيلُواْ ميلاً عظِيماً ........﴾ (سورة النساء:٢٧) . واتە ئەوانەی کە تەنها شوێن ئارەزووەکانیان دەکەون دەیانەوێت زۆر لاتان بدەن لەسەر ڕێگەی ڕاست .

**مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ سایتی بەهەشت**

www.ba8.org

# "بەشی پێنجەم"

## ( دەربارەی هەندێ ئەحکام تایبەت بە نوێژی ئافرەتانەوە )

خوشکی بەڕێز . دیارە کەنوێژ یەکێکە لەپایەکانی ئیسلام وەیەکەم پرسیارە لە قیامەتدا پرسیارمان لێبکرێت دربارەی . لەبەر ئەوە پارێزگاری لە نوێژەکانت بکە لەکاتی خۆیدا بەمەرجەکانیەوە و ئەرکەکانی و واجبەکانیەوە . خوای گەورە بەدایکانی ئیمانداران دەفەرموێت ﴿....... وأَقِمن الصَّلَاةَ وآتِين الزكَاةَ وأَطِعن الله ورسولَه .....﴾ (سورة الاحزاب:٣٣) . وەئەم فەرمانەش بۆ گشتێتیە بۆ هەموو ئافرەتانی موسڵمان . چونکە نوێژ ڕوکنی دووەمی ئیسلامە بە تەرك کردنی جیاوزی هەیە لەنێوان زانایاندا هەندێکیان دەفەرموون پێی کافر دەبێت و لە ئیسلام پێی دەچێتە دەرەوە و هەندێکیشیان دەفەرموون ئەگەر بڕوای پێبێت ئەوە پێی کافر نابێت بەڵام لە سەر لێواری تیاچوونە . چونکە بەڕاستی گومان دەکرێت لە دینداری کەسێك کە نوێژ نەکات چی ئافرەت بێت یان پیاو . وە دواخستنی نوێژێك لە کاتی خۆی بەبێ بوونی هیچ عوزرێکی شەرعی بریتیە لە (إضاعة) کردنی ئەو نوێژە واتە بەفیڕۆدانی خوای گەورە دەفەرموێت ﴿فَخلَف مِن بعدِهِم خلْف أَضاعوا الصَّلَاةَ واتبعوا الشهواتِ فَسوف يلْقَونَ غَياً﴾ (سوره مريم:٥٩) واتە کۆمەڵێك دوای ئەوان دروست بوون نوێژەکانیان دەفەوتاند وە شوێن دونیا دەکەوتن بۆ ئەوانە سزایەکی توند هەیە . هەروەها ئیبن کثیر (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە تەفسیرەکەیدا دەفەرموێت واتای (إضاعة کردنی نوێژ) واتە دواخستنی کاتەکەیەتی بەوەی کە کاتێك نوێژەکەی دەکات کە کاتی نەماوە . وە تەفسیری ووشەی (غیا) کە ئەنجامەکەیەتی و پێی دەگەن ئەگەر تەوبە نەکەن بەوە دەگەن کە خەسارەت مەندیەیان دۆڵێکە لە دۆڵەکانی دۆزەخ) خوا پەنامان بدات . کە بەداخەوە ئەو حاڵەتە لەناو موسوڵماناندا زۆرە کە دەبینین یان دەبیستین زۆر موسوڵمان هەیە نوێژی بەیانی لەگەڵ نیوەڕۆدا دەکات گوایە قەزای دەکاتەوە یان لەوە خراپتر موسوڵمانی واهەیە کە هەر حەڤدە ڕکاتەکە لە عیشادا بەسەر یەکەوە دەکات ! ولا حول ولا قوة إلاّ بالله . وە بەنسبەت نوێژی ئافرەتانەوە هەندێ ئەحکام هەیە تایبەتە بە ئافرەتانەوە جیای دەکاتەوە لە پیاوان . وە بەم شێوەیە ڕوون دەکرێتەوە:-

١- بۆ ئافرەتان بانگ و قامەت نیەیە . چونکە بۆ بانگ پێویست بە دەنگ بەرزکردنەوە دەکات ، وە بۆ ئافرەتان دەنگ بەرزکردنەوە دروست نیەیە وە لە (المغني)دا إبن قدامة المقدسي دەفەرموێت هیچ جیاوازیەیەك لەم بارەیەوە نازانم .

٢- هەموو لاشەی ئافرەت عەورەتە لە نوێژدا جگە لە دەم و چاوی نەبێت . وەلە لەپی دەست و پشتی دەستی و پێیەکانیدا جیاوازی زانایان هەیە ، ئەوە ئەگەر نامەحرەم نەبێت بەڵام ئەگەر نا مەحرەم ئەیبینی ئەوا واجبە کە دایان بپۆشێت . هەروەك چۆن واجبە لەسەری جگە لەنوێژدا دایان بپۆشێت لە کاتی ئامادەبوونی پیاوان کە نامەحرەمبن پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (لايقبل صلاة حائض يعني من بلغن الحيض إلاّ بخمار) (رواه الخمسة) واتە خوای گەورە نوێژی ئافرەتێك وەرناگرێت کە گەیشتبێتە حاڵەتی (حيض) کە بە خمارەوە نەبێت . (خمار) واتە داپۆشینی سەرشانەکان و گەردنی . وە أم سلمة (ڕەزای خوای لێبێت) پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا ئافرەتان نوێژبکەن بە (درع) و بخمار بغير إزار .

فەرمووی بەڵێ ئەگەر (درع)ەکە دەرخستنی پێیەکانی داپۆشێت (أبو داود و صَحَحَ الأئمة وقفه) ئەم دوو فەرموودەیەی سەرەوە بەڵگەن بۆ ئەوەی مەرجەکە سەروو شانەکانی لە نوێژدا داپۆشێت . وە جائیزە کە دەم و چاوی ئاشکرا بکات لەبەر ئەوەی زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەم مەسەلەیە ئەگەر نامەحرەم نەیبینێ ، شیخ الإسلام ابن تیمیة (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (مجموع الفتاوی)دا بەرگی (٢٢) لابەڕە (١١٣-١١٤) دەفەرموێت گەر ئافرەت بەتەنیا نوێژی کرد ئەوە واجبە خۆی داپۆشێت بەڵام جگە لەنوێژ حەڵاڵە بۆی سەری ڕووت بکات لە ماڵی خۆیدا ، چونکە جوانکاری لە نوێژدا مافێکی خوای گەورەیە ، هەروەك چۆن بۆ هیچ کەس نییە طەواف بە دەوری کەعبەدا بە ڕووتی ئەگەر تەنانەت شەویش بوو . وە یان نوێژ بکات بە ڕووتی ئەگەر بەتەنیاش بێت وەهەروەها (فليس العورة في الصلاة مرتبطة بعورة النظر لا طردا و عكسا) واتە : مەرج نیە ئەوە کە لە کاتی نوێژدا بۆ ئافرەت عەورەت بێت لە کاتی تریشدا جگە لە نوێژ هەر عەورەت بێت ئەمە بە گشتی بەو جۆرەیە. تەواو . وە هەر إبن قدامة لە (المغني)دا بەرگی (٢) لاپەڕە (٣٢٨) دەفەرموێت پێویستە ئافرەت هەموو لاشەی داپۆشێت لە کاتی نوێژدا وە ئەگەر شتێکی لێ دەربکەوێت نوێژەکەی دانامەزرێت مەگەر شتێکی زۆر کەمبێت وە ئەمە بۆچوونی (إمام مالك و إمام الأوزاعي و إمام شافعي)یە (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) .

* ***تێبینی :*** بەڵام ووتە لە ئافرەتانی صەحابی‌یەوە هەیە کە بانگ و قامەتیان کردووە هەروەها ئیمامەتیشیان بۆ خۆیان کردووە بڕوانە (تمام المنة)(ص١٥٤)

٣- هەروەها المغني بەرگی (٢) لاپەڕە (٢٥٨) دەفەرموێت کە ئافرەت لە کاتی ڕکوع و سوجدەدا خۆی کۆدەکاتەوە خۆی بڵاونا کاتەوە و بە شێوەیەك قاچەکانی دەکاتە لای تەنیشتی ڕاستی لەجیاتی ئەوەی کە بە (التورك یان الإفتراش) دابنیشێت چونکە ئەوە داپۆشراوترە بۆ ئەو هەروەها ئیمامی نەوەوی ڕەحمەتی خوای لێبێت لە (المجموع) بەرگی (٣) لاپەڕە (٤٥٥)دا دەفەرموێت ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (المختصر)دا فەرموویەتی : جیاوازی نی‌یە لەنێوان پیاوان و ئافرەتاندا لە جێبەجێ کردنی نوێژدا جگە لەوە نەبێت کە بۆ ئافرەت چاکتر وایە کەلاشەی بهێنێتەوە یەك و سکی جووت دەکات بە ڕانەکانیەوە لەکاتی سوجدەدا چونکە ئاوا داپۆشراوتر دەردەکەوێت وە بەتایبەتی لە (ركوع و سجده)دا وە بەگشتی لەهەموو کاتی نوێژدا .

٤- بە نیسبەت نوێژی بە کۆمەڵی ئافرەتان بە ئیمامەتی یەکێکیان ئەوا جیاوازی هەیە لە نێوان زانایاندا لەنێوان دروستێتی و نادروستێتی‌دا . وەزۆرینەیان لەسەر ئەوەن کە ڕێگری لەو مەسەلەیەدا نییە لەبەر ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە أم ورقة (ڕەزای خوای لێبێت) ئیمامەتی بۆ کەس و کاری خۆی بکات (رواه أبو داود و صححه ابن خزيمة) وەهەندێکیان دەفەرموون بۆ نوێژی سوننەت دروستە بەڵام بۆ فەرز نا ، زیاتر ئەوە دەگەیەنێت کە دروستە بۆ زانیاری وەرگرتن لەم مەسەلەیەدا بگەڕێرەوە بۆ (المغنى) بەرگی (٢) لاپەڕە (٢٠٢) یان لە (المجموع)ی ئیمامی نەوەوی بەرگی (٤) لاپەڕە (٨٤-٨٥) هەروەها ئافرەت دەتوانێت دەنگ بەرز بکاتەوە لەکاتی قورئان و نوێژدا بەمەرجێك پیاوانی نا مەحرەم گوێیان لە دەنگی نەبێت.

٥- حەڵاڵە بۆ ئافرەتان کە بچن بۆ مزگەوت بۆ نوێژی جەماعەت لە مزگەوتەکاندا لەگەڵ پیاواندا ، بەڵام نوێژی ماڵەوەیان خێرترە بۆیان ، هەروەك ئیمامی مسلم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە صەحیحەکەیدا دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) فەرموویەتی : ((ڕێگری لە ئافرەتان مەکەن لە هاتنیان بۆ مزگەوت)) هەروەها دەفەرموێت :

((لا تمنعوا نساءكم المساجد و بيوتهن  خير لهنَّ))[1] واته ((ڕێگری له ئافرەتان مەکەن له هاتنیان بۆ مزگەوت ، وەنوێژی ماڵەوەیان خێرتره بۆیان)) وه ئەوەی که نوێژی ماڵەوەیان خێرتره بۆیان لەمزگەوت لەبەر ئەوەی داپۆشراوتره و دوور دەبن له فیتنه . وەئەگەر چوون بۆ مزگەوت ئەوه مەرجەکه ئەم ئادابه شەرعیيانەی خوارەوەی تێدابێت ...

أ- پێویسته که خۆی بەتەواوی داپۆشێت به جل و بەرگی شەرعی . خاتوو عائشة (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت ئافرەتان نوێژیان بەجەماعەت دەکرد لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دوای که دەڕۆیشتن به جۆرێك که بایان دەدا به خۆیاندا نه دەناسرانەوه (متفق علیه)[2] .

ب- نابێت بەهیچ شێوەیەك خۆی بۆن خۆش بکات بەپێچەوانەی پیاوەوه که سوننەته خۆبۆنخۆش کردن بۆ پیاوان ، بەو فەرموودەیەی که پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : (ڕێ له ئافرەتان مەگرن بۆ مزگەوتەکان بەڵام بەبێ بۆنخۆش کردنبێت) . (رواه إمام أحمد و أبو داود) . هەروەها ئەبو هورەیره (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((هەر چ ئافرەتێك خۆی بۆن خۆش کرد بابۆ نوێژی عیشای داهاتوو نەیەتەوه)) (رواه إمام أحمد و مسلم وأبو داود) . زانای پایەبەرز ئیمامی شوکانی له (نیل الأوطار)دا بەرگی (٣) لاپەڕه (١٤٠-١٤١)دا دەفەرموێت بەڵگەکان لەسەر ئەوەن که کاتێك چوونه دەرەوەی ئافرەتان بۆ مزگەوتەکان شەرعیيه که نەبێته هۆی تاوان بۆ خۆیان و پیاوان ، وەکو بۆنی خۆش و ئاڵتوون یان هەر جوان کاریيەکی تری سەرنج ڕاکێش .

ج- پێویسته گەر چووه دەرەوه به جل و بەرگی ڕازاوه و خشڵ و زێڕەوه نەبێت . دایکی ئیمانداران عائشة (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت (گەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەی ببینیایه که ئێمه دەیبینین ئەوه ڕێگری له ئافرەتان دەکرد هەروەك چۆن (بني إسرائیل) ڕێیان لێگرتن) (متفق علیه) . ئیمامی شەوکانی له (نیل الأوطار)دا لەسەر فەرموودەکەی عائشه (ڕەزای خوای لێبێت) که دەفەرموێت (ئەوەی ببینیایه که ئێمه بینیمان) دەفەرموێت مەبەس تیایدا بریتیه له جوانکاری جل و بەرگ و خۆبۆن خۆش کردن و دەرخستنی جوانیيه چونکه لەسەردەمی خۆیدا ئافرەتان زۆر به چاکی خۆیان دادەپۆشی هەروەها إمام ئیبن الجوزی (ڕەحمەتی خوای لێبیت) لەکتێبی (أحکام النساء)دالاپەڕه (٣٩) دەفەرموێت پێویسته لەسەر ئافرەت وریایی هەبێت له چوونەدەرەوەدا تا بتوانێت چونکه ئەگەر لەخۆی دڵنیا بوو کەتووشی تاوان نابێت ئەوا خەڵك بەرامبەر ئەو تووش دەبێت ، وەئەگەر زەرور بوو بچێته دەرەوه ئەوا دەبێت چاوه ڕێی ڕێپێدانی مێردەکەی بکات گەر هاوسەری بوو یان باوکی یان برای گەورەی وەهەوڵ بدات لەو ڕێگایانەوه بڕوات که قەرەباڵغیان کەمتره ئەگەر توانی وه لەلای ڕێگاوه بڕوات نەك ناوەڕاستی ڕێگاکەوه . تەواو .

د- بۆکاتی جەماعەت ئەگەر یەك ئافرەت هەر خۆی بوو ئەوا تەنها له پشت پیاوانەوه دەوەستێت بەو فەرموودەیەی ئەنەس (ڕەزای خوای لێبێت) که دەفەرموێت کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) جەماعەتی بۆ کردین دەفەرموێت من و کوڕێکی تر که هەتیو بوو لەپشتیەوه وەستاین لەماڵی خۆماندا وه دایکیشم که (أم سلیم) بوو لەدوای ئێمەوه وەستا (رواه البخاري في صحیحه) . ((وەئەگەر ئافرەتان ژمارەیان زۆرتربوو لەیەکێك ئەوا بەڕیزێك یان ئەگەر زیاتر بوو بەچەند ڕیزێك له دوای پیاوانەوه دەوەستن . چونکه پێغەمبەری خوا (ﷺ) پیاوانی دەکرده

---

[1] صحیح عن ابن عمر صحیح أبي داود (٥٧٦) ، الإرواء (٥١٥) .
[2] البخاري (٨٦٧) .

پێش منداڵەکانەوە و ئافرەتانیش لەدوای منداڵانەوە . (رواه إمام أحمد) . وەلە ئەبو هورەیرەشەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی باشترین ڕیزی نوێژ لە پیاواندا ڕیزی پێشەوەیە . وەباشترین ڕیزی نوێژ لە ئافرەتاندا کۆتایی ڕیزەکانەوە خراپترینی ڕیزی ئافرەتان ڕیزی پێشەوەیانە (رواه الجماعة إلاّ البخاري) . لەهەردوو فەرموودەکەدا بەڵگەی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئافرەتان ڕیزی نوێژیان لەدوای ڕیزی پیاوانەوەیە وە نابێت بە تاك تاك و جیا ئەگەر لەدوای پیاوانەوە بوون ئیتر ئەگەر نوێژەکە فەرزیش بێت یان تەراویح .

هـ- ئەگەر لە جەماعەتدا إمام هەڵەی کرد ئەوا ئافرەتان بەلێدانی لەپی دەستی ڕاستیان لەسەر پشتی دەستی چەپیان (إمام) ئاگاداردەکەنەوە بەپێی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرموێت : ((ئەگەر هەڵەیەکتان کرد لەنوێژدا با ئافرەتان دەس بدەن بەیەکدا و پیاوان (سبحان الله)بکەن وەئەمە ڕێپێدانێکی کاتی‌یە بۆ ئەو لێدانی دەستە بەیەکدا لەکاتی نوێژدا لەکاتی ڕوودانی هەڵەدا : وەکو هەڵەی ئیمام ، وەبۆ ئەوە ئەم لێدانی دەستی بەیەکدا بۆ ئافرەتان دانراوە چونکە دەنگی ئافرەت سەرنج ڕاکێشەرە بۆ پیاوان بۆیە فەرمانی بەوە پێکراوە وەنابێت قسەی تێدابکات وەکو (سبحان الله)کەی پیاو .

و- کە کاتێك ئیمام سەلامی دایەوە ئەوا دەبێت ئافرەتان پێش پیاوان هەستن و بچنە دەرەوە لە مزگەوت .. وە دەبێت پیاوان دابنیشن و چاوەڕێ بکەن لە ڕۆیشتندا . بۆ ئەوەی تێکەڵاوی ڕوونەدات هەروەك (أم سلمة) (ڕەزای خوای لێبێت) ریوایەتی کردووە و فەرموویەتی (کاتێك سەلام دەدرایەوە لە نوێژی جەماعەت ئافرەتان هەڵدەستان بۆ ڕۆیشتن ، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ پیاواندا هەندێك دەمانەوە وە کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هەڵبستایە پیاوانیش هەڵدەستان بۆ ڕۆیشتن . ئیمامی (شوکانی) لە (نیل الإوطار)دا بەرگی (٢) لاپەڕە (٣٢٦)دا دەفەرموێت ئەم فەرموودەیە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە چاك وایە ئیمام ئاگای لە حاڵی موسوڵمانان بێت وە حساب بۆ ئەوە بکات کەڕێگر بێت لە هۆکارێك کە سەر دەکێشێت بۆ حەرام ، وە دوور کەوتنەوە لەشوێنێك کە گومانی تاوانی تێدایە وە ئەوەشی تێدایە کە تێکەڵاوبونی پیاوان لەگەڵ ئافرەتاندا حەرامە ئیمامی (نەوەوی) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (مجموع)دا بەرگی (٣) لاپەڕە (٤٥٥)دا دەفەرموێت جیاوازی نوێژی جەماعەتی پیاوان و ئافرەتان لە چەند خاڵێکدایە .

*یەکەم :* وەکو لەسەر پیاوان فەرزە لەسەر ئافرەتان فەرز نی‌یە .

*دووەم :* ئیمامی ئافرەتان لەناوەڕاستی ڕیزەکەدا دەوەستێت لە ناو ڕیزەکەدا .

*سێهەم :* ئافرەت لەدوای پیاوەوە دەوەستێت نەك بەتەنیشتی‌یەوە بە پێچەوانەی پیاوەوە.

*چوارەم :* ئەگەر ڕیزیان لە دوای پیاوانەوە بوو ئەوا دوایین ڕیزیان لە هەموو ڕیزەکانی تر خێرترە بە پێچەوانەی پیاوانەوە .

ز- دەرچوونی ئافرەتان بۆ نوێژی جەژن : لە أم عطیةوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێدەکردین کە لە نوێژی جەژنی ڕەمەزان و قوربان‌دا دەربچین بۆ نوێژ (ئافرەتە ئازادەکان ، وە ئەوانەی کە لە حاڵەتی (حیض)دا بوون و کچە گەنجەکان) بەڵام ئەوانەی کە (حائض) بوون نوێژیان نەدەکرد بەڵام لە خێرەکەدا و دوعاکردنی موسوڵمانان‌دا بەشداریان دەکرد ئیمامی شەوکانی دەفەرموێت لەم فەرموودەیەوە و فەرموودەکانی تردا . ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شەرعی‌یە دەرچوونی ئافرەتان بۆ نوێژەکان لە (المصلی)دا بەبێ جیاوازی لەنێوان گەنج و پیر و کچ و ژن و (حائض)دا مەگەر عوزرێکی هەبێت و لە چوونەدەرەوەدا تووشی ناڕەحەتی ببێت (نیل

الأوطار) بەرگی (٣) لاپەڕە (٣٠٦)دا هەروەها شيخ الإسلام ابن تيمية لە (مجموع)دا بەرگی (٦) لاپەڕە (٤٥٨–٤٥٩) دەفەرموێت بە ئافرەتانی موسوڵمانان ڕاگەیەندراوە کە نوێژەکانیان لەماڵەکانیاندا خێرترە لە چوونیان بۆ جومعە و جەماعەت جگە لە نوێژی جەژنەکان نەبێت کە فەرمانیان پێکراوە کە ئامادەبن لەو دوو نوێژەدا کەلەوانەیە لەبەر ئەم هۆیانەبێت خوای گەورەش زاناترە.

***یەکەم :*** ئەم دوو نوێژە لەساڵەکەدا دووجار هەیە بەپێچەوانەی جومعە و جەماعەتەوە.

***دووەم :*** ئەم دوو نوێژە لەجیاتی ناکرێتەوە بە جیاوازی لەنێوان جومعە و جەماعەتدا وەکو نوێژی نیوەڕۆی لە ماڵدا ئەوە جومعەیە بۆ ئەو . سێهەم : ئەم دوو نوێژە دەرچوونە بۆ دەشت بۆ زیکری خوای گەورە کە دەشوبهێنرێت بە (حەج)ەوە لە هەندێ ڕووەوە . هەر بۆیە جەژنی گەورە لەکاتی حەجدا لەیەك کاتدایە لەگەڵ حەجاجەکاندا . بەڵام شوێن کەوتوانی ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) بەمەرجیان گرتووە کە ئەو ئافرەتانەی کە زۆر جوانن و هەیکەلی هەڵکەوتوون مەکروهە بچن بۆ نوێژی جەژن وە ئەو ئافرەتانەی کە دەچن واچاکە لەجل و بەرگێکدابن کە سەرنج ڕاکێش نەبێت وە جلێك لەبەر نەکەن کە دیاربن . وەدەبێت خۆیان بۆنخۆش نەکەن . ئەم حوکمە بۆ ئەوانەیە کە لەتەمەندان یان ترسی ئەوەیان نەماوە کەتووشی تاوان ببن . بەڵام ئافرەتی گەنج و یان جوان و سەرنج ڕاکێش ئەوان چاك نىیە چونیان بۆ نوێژی جەژنەکانیش چونکە ئەوانە ترسی ئەوەیان زۆرە کە خۆیان تووشی تاوان ببن یان پیاوان بەبۆنەی ئەوانەوە تووشی تاوان ببن . وە ئەگەر بووترێت ئەوە پێچەوانەی فەرموودەکەی پێشووە کە أُم (عطية) ڕیوایەتی کردبوو ئەڵێین جێگیر بووە لە فەرموودەی صەحیحدا (صەحیحی بوخاری وموسلیمدا) کە عائشە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرموویەتی (ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی ببینیایە کە ئێستە لە ئافرەتان دەبینرێت ئەوا ڕێگری لێدەکردن هەروەکو چۆن (بني إسرائيل) ڕێگرییان لە ئافرەتانی خۆیانیان دەکرد . وە ئاشکراشە هۆکارەکانی خراپە لەم سەردەمەدا زۆر زیاترە بە پێچەوانەی سەردەمی یەکەمی ئیسلام هەروەها ئیمام ئیبن الجوزی لە کتێبی (أحكام النساء) لاپەڕە (٣٨)دا دەفەرموێت ئەوەمان ڕوون کردەوە کە دەرچوونی ئافرەتان بۆ نوێژەکان و جەژنەکان حەڵاڵە بەڵام ئەگەر ترسی ئەوەیان هەبوو تووشی تاوان ببن بۆخۆیان یان خەڵك لەوانەوە ئەوا نە چوونیان لەچوونیان خێری زیاترە ، چونکە ئافرەتانی سەردەمی یەکەم زۆر جیاوازیان هەبوو لەگەڵ ئافرەتانی ئێستادا هەروەها پیاوانیش ، واتا تەقوایەکی زۆر زیاتریان هەبوو) خوشکی موسوڵمانم لە گەیاندنی بۆچوونی ئەم زانایانەوە دەرکەوت شەرعیەو دروستە چۆن بۆ نوێژی جەژنەکان بەمەرجی نیەت بۆ خوا بوون و بوونی تەقواو لە خوا نزيك بوونەوە ، وە بەشداری کردن لە دوعای موسوڵماناندا و دەرخستنی شیعارێکیتری ئیسلام کە نوێژی جەژنە ، دەبێت ئاگات لەوەبێت کە مەبەستت تیایدا دەرخستنی جوانی نەبێت خوای گەورە هەموو لایەك بپارێزێت .

**مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ سایتی بەهەشت**

www.ba8.org

# "بەشی شەشەم"

## هەندێ ئەحكامی تايبەت بە ئافرەتانەوە لەبەشی حوكمی مردوودا .

بێگومان خوای گەورە مردنی لەسەر هەموو نەفسێك فەرز كردووە ، وەتەنها خۆی مانەوەی بۆ هەيە وەكو دەفەرموێت ﴿ويبقى وجه ربك ذُو الْجَلَالِ والْإِكْرامِ﴾{سورة الرحمن:٢٧} . وەلاشەی مردووانی نەوەی ئادەمی جياكردۆتەوە لە زيندەوەرانیتر بەوەی كە دەبێت هەندێ حوكمی هەيە پێويستە لەسەر زيندووەكانيان جێبەجێ بكەن . وەئێمە لەم بەشەدا ئەوانە باس دەكەين كە پەيوەندی بە ئافرەتانەوە هەيە وەكو .

١- پێويستە كە لاشەی مردووی ئافرەت هەر ئافرەت بيشوات . وەشەرعی نی‌يە كە پياوان ئافرەتان بشۆن . جگە لە مێرد نەبێت كە دەتوانێت خێزانی خۆی بشوات وەهەروەها شۆردنی لاشەی مردووی پياوان دەبێت هەر پياوان بيشۆن . جگە لەخێزان نەبێت كە ئەميش دەتوانێت مێردی خۆی بشوات .هەروەك چۆن ئيمامی علی (ڕەزای خوای لێبێت) خێزانی خۆی شۆرد كە (فاطمة)ی كچی پێغەمبەر بوو (ﷺ) (ڕەزای خوای لێبێت) . وە ئەسمای كچی عميس (ڕەزای خوای لێبێت) مێردی خۆی شۆری كە أبو بكری صديق بوو (ڕەزای خوای لێبێت) .

٢- چاك وايە كە كفنی ئافرەت پێنج كراسی سپیبێت : پارچە قوماشێك داپۆشێت . وە لەچكێك لەسەر سەری ، وەكراسێكی لەبەر بكرێت وە بەدوو پشتوێن بپێچرێتەوە لەسەر ئەوانەوە .

٣- چی ئەكرێت لە قژی سەری ئافرەتی مردوو :- دەكرێت بە سێ پەلكەوە وە بەناو شانيدا شۆڕدەكرێتەوە ، بەو فەرموودەيەی كە (أم عطية) (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت (قژی كچەكەی پێغەمبەرمان (ﷺ) كرد بەسێ پەلكەوە و بەسەر شانيدا شۆڕمان كردەوە . (متفق عليه) .

٤- حوكمی بەدوادا ڕۆيشتنی جەنازە بۆ ئافرەتان . لە (أم عطية)وە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت (ڕێگريمان لێدەكرا بۆ شوێن كەوتنی جەنازە بەڵام زۆر بە توندی نەبوو) (متفق عليه) . ئەم نەهيە بۆ حەرامێتيە وە ووتەی (زۆر بە توندی نەبوو) شيخ الإسلام لە (مجموع الفتاوى)دا بەرگی (٢٤) لاپەڕی (٣٥٥)دا لەسەری دەڵێت لەوەی كە دڵنيايی نەكراوە لە نەهيەكە ، وە ئەمە حەرامێتيەكە لانابات ، وەلەوانەيە كە (أم عطية) (ڕەزای خوای لێبێت) وا گومانی بردبێت كە نەهيەكە بۆ حەرامێتی نەبووە ، وە بەڵگە لێرەدا ووتەی پێغەمبەرە (ﷺ) نەك گومانی يەكێكیتر .

٥- حەرامێتی سەردانی گۆڕستان بۆ ئافرەتان :- أبو هوريرە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت (لعن النبي (ﷺ) زوارات القبور)[1] واتە پێغەمبەر (ﷺ) نەفرەتی كردووە لەو ئافرەتانەی بە زۆری سەردانی گۆڕستان دەكەن . لەسەر ئەم حوكمەش ابن تيميە (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت ئاشكرايە كە ئەگەر ئافرەت ڕێگای پێبدرێت بۆ سەردانی گۆڕستان ئەوا دەرگای ناڕەزايی و لەخۆدان و هاواركردنی بۆ مردوو بۆ دەكرێتەوە ، لەبەر ئەوەی ئافرەت لاوازە و ئارامگرتنی كەمە و ناڕەزايی زۆرە ئەمەش لەهەمان كاتدا هۆكارێكن بۆ ئازاردانی مردوو بە گريانەكەی .

وەهەروها هۆيەكن بۆ پياوان بەوەی كە تووشی تاوان وناڕەحەتی ببن بەهۆی دەنگ و ڕەنگيانەوە ٠ هەروەك چۆن لە فەرموودەيەكی تردا هاتوە كە دەفەرمويت (فإنكن تفتن الحي و تؤذين الميت) واتا ئيوەی ئافرەتان ئەبن بەوەی كە زيندوان توشی ناڕەحەتی و تاوان بكەن وئازاری مردوان بدەن ئنجا ئەگەر سەردانی ئافرەتان بۆگۆڕستان جێی گومان وهۆكارێك بێت بۆ حەرام بۆ خۆ يانو تووش بوونی پياوانيش ٠ناتوانين بڵێن قازانجيشی هەيە يان هەندێ

---

(1) أخرجه الترمذي في كتاب الجنائز باب ما جاء في كراهية زيارة القبور للنساء الحديث (١٠٥٦) وأخرجه ابن حبان في كتاب الجنائز : باب زيارة القبور للنساء (٣١٧٩) وقال حديث صحيح .

جار وانابێت ٠ به ڵگەی خراپەی زیاتره بۆ یه ئەم حوکمه حەرام دەبێت وەبۆ ئەوەی لەسەرەتاوه ڕێگری لەخراپە کان بگیرێت ٠ هەروەك چۆن سەیرکردنی نامەحرەم حەرامکراوه وەیان مانەوه لەگەڵ ئافرەتی بێگانەدا بەهەمان شێوه چەندە ها حوکمی تریش کە سەرەتان بۆ تاوان ٠ وه ئەگەر بوترێت سودی ئەوەی تێدایه دەپارێتەوه بۆ مردوەکه ئەوا لەماڵەوه ش ئەتوانێت بۆی بپارێتەوه ٠ (مجموع الفتاوی بەرگی (٢٤) لاپەرە (٣٥٥–٣٥٦)

٦– حەرامێتی هاوارکردن لەسه رمردوو : ئەویش ئەوه یه کە دەنگی بەرزدەکاتەوه) ٠ وه یان جلەکانی دادەدرێت وەیان ڕومەتی بریندار دەکات وەیان قژی دەرنێتەوه ٠ وەیان دەم وچاوی ڕەش دەکات وەك نارەزاییەك بۆ ئەو مردووەی کە لێیان مردوه ٠ وه پاڕانەوەی نارەحەتی وله ناو چون بۆخۆی وەزۆر هاوشێوەی تری ئەمانه کە نیشانەیەکن بۆئەوەی کە نا ڕازیەبە قەزاوقەدەری خوای گەوره ٠ هەروەها نیشانەیه لەسەر نەبوونی ئارامگرتنی ٠ وه ئەمه ش حەرامه و له گوناهەگەورەکانه هەروەك چۆن لەصه حیحی موسلیم وبوخاریدا هاتوه ٠کە پیغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ((لیس منا من لطم الخدود ...... الجاهلیة))[٢] واته (له ئێمه نیيه کەسێك کە ڕوومەتی برینداردەکات وه جل وبەرگی دادەڕێت وەهاواریش بکات به هاواری جاهیلەکان). هەروەها له هه ردوو صه حیحدا هاتوه کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (إني بريء من الصالقة والحالقة والشاقة) صالقة : ئەو کەسەیه کە دەنگ بەرزدەکاتەوه له کاتی موصیبەتدا ٠ وەحالقة : ئەو کەسه یه کە قژی دەتاشێت یان دەی ڕنێتەوه لەکاتی ڕودانی موصیبەتدا وه شاقەش : ئەو کەسەیه کە یەخەی خۆی دادەدرێت له کاتی موصیبەتدا ٠ هەروەها له صەحیحی موسلیمدا هاتووه کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت (لعن النائحة والمستمعة)[٣] واته (نەفرەت لەو کە سەی هاوار دەکات بۆ مردووەوه ، ئەوەی کە کاتێك گوێی لێدەبێت له ناخەوه به دڵێتی و پێی خۆشه) ٠ بۆ یه واجبه لەسەرت ئەی خوشکی موسڵمان کە خۆت لەم کاره حەرامه بپارێزیت لەکاتی ڕوودانی نارەحتیدا وەکو کەس مردن ٠وه پێویسته کە ئارام بگریت و به هیوای پاداشت بیت ٠ بۆ ئەوەی ئەو موصیبەته ببێته هۆی سڕینەوەی تاوانەکانت و ببێته زیادەیەکیش بۆ کردەوه چاکەکانت . وه دڵنیاش به خۆشکی بەڕێز کە ئەو نارەحەتیه هەر دەڕوات و کۆتایی پێدێت ئیتر ئارام بگریت یان نارازی بیت . ئنجا ژیر ئەو کەسەیه کە لەکاتی یەکەمی نارەحەتیەکەدا خۆی بگرێت هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (إنما الصبر عند الصدمة الأولى) واته ئارامگرتنی ڕاستەقینه ئەوەیه کە لەکاتی ڕوودانەکەیدا خۆت بگریت . وه خوای گەورەش له سورەتی (البقرة)دا ئایەتی (١٥٥–١٥٧)دا دەفرموێت ﴿ولنبلونكم بشيء من الخوف والجوع ونقص من الأموال والأنفس والثمرات وبشر الصابرين * الذين إذا أصابتهم مصيبة قالوا إنا لله وإنا إليه راجعون * أولئك عليهم صلوات من ربهم ورحمة وأولئك هم المهتدون﴾ . بەڵام دروسته وەله بەزەیی و ڕەحمەوەیه کە گریان هەبێت بۆ مردوو بەو مەرجەی کە هاوار و کردەوەی حەرامی لەگەڵدا نەبێت کە نارازی بوونی تێیدا بێت بەرامبەر به قەدەری خوای گەوره چونکه گریان بەزەییەکە بۆ مردوو وه نەرمێتی دڵه . وه هەروەها کارێکە ناتوانرێت ڕێگری لێبکرێت هەر بۆیه ئەو جۆره گریانه هیچی تێدانیيه بەڵکو چاکه ... خوای گەوره هیدایەتی هەموو لایەك بدات لەسەر ئەمه .

**مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوه بۆ سایتی بەهەشت**

www.ba8.org

[٢] أحمد (٤٣٢/١) ، البخاري (٢١٩٧) ، المسلم (١٠٣) ، ابن ماجة (١٥٨٤) .

[٣] أخرجه أبو داود في كتاب الجنائز باب في النوح (٣١٢٨) وهو حديث صحيح .

# "بەشی هەشتەم"

## هەندێ ئەحکام تایبەت بە ئافرەتانەوە لە ( حەج ) وعەمرەدا /

حەج کردن بۆ ماڵی خوای گە ورە بە شێوە یەکی گشتی فەرزی کیفایەیە هـەموو سـاڵێك لەسـەر هـەموو موسـڵمانان . وە لەسەر هەموو موسڵمانێك کە مەرجەکانی واجبێتی (حەج)ی تیدا بێت لە ژیانیـدا یـەك جـار فـەرزە لەسـەری ٠ وە لـەوە زیـاتر ئەوە سوننەتە ٠ وە(حەج) یەکێکە لە پایەکانی ئیسلام ٠ وەبەشێکە لە جیهاد بۆ ئافرەتان ٠ بەو فەرمودەیـەی کـە (عائشـة) ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەری (ﷺ) پرسیوە ((یا رسول الله هل علی النساء جهاد ؟ قال نعم علیهن جهاد لا قتال فیه الحج والعمرة)) رواه ابن ماجة (٢٩٠١) في المناسك باب الحج جهاد النساء وأصله في البخاري (٦/٧٥) في (الجهاد) باب جهاد النسـاء . واتە ئایا ئافرەتان جیهادیان لەسەرە فەرمووی بەڵـێ جیهادێك کوشتنی تێدانییە ئەو یش ٠ (حەج و عەمرەیە) . (رواه احمد وأبن ماجة بسند صحیح)وە لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە کە عائشة ڕەزای خـوای لێبێـت بـە پێغەمبـەری(ﷺ) فـەرموو ئێمـە پێمان وایە کە (جیهاد) باشـترین کـردوەوە یـە ٠ ئایـا ئێمـە واتـا ئافرەتـان جیهـاد نەکـەین پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی بـەڵام باشترین جیهاد حەجێکی قەبوڵ کراوە . وە لە حەجدا هەندێ ئەحکام هەیە تایبەتە بە ئافرەتان .

<u>١/</u> **بوونی مەحرەم** : حەج هەندێ مەرجی گشتی هەیە بۆ پیاو وئافرەت یەکسانە ئەویش بریتییە لە (ئیسلام) و (عەقڵ) و (ئازاد بێت) وە (گەیشتنە تەمەنی باڵغ بوون) ٠ هەروەها پارەی چون وهاتنەوەی هەبێت ٠ بەڵام هەندێ خاڵێ تایبەت هەیە تا یبەتە بە ئافرەتان ئەوانیش (١) ٠ ئەبێت کەسێکی (مەحرەم)ی لە گەڵدا بێت وەکو مێرد یان باوك یان کەسێکی بێت کەبە هەتاهەتایی لەسەری حەرام بێت بەهۆی نەسەبەوە ٠ یان بە هۆی (مباح)ەوە وە کو برای لە شیرەوە ٠ یان ئەگەر دایکی شوی کردبوە وە ئە وا مێردەکەی دایکی دەبێتە (مەحرەم) یان کوڕی مێردەکەی وە بە ڵگەش لەسەری زۆرە لەوانە إبن عباس (ڕەزای خوای لێبێت) بۆمان دەگێڕێتەوە فەرمووی (گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو ووتاری ئەدا دەیفەرموو هیچ پیاوێك بە تەنیا لەگەڵ ئا فرەتدا نەمێنێتەوە مەگەر ئافرەتەکە مەحرەمێکی لەگەڵدا بێت ٠ وە ئافرەت سەفەر نەکات بە بێ (مەحرەم) لەم کاتەدات پیاوێك هەڵساو ووتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من خێزانەکەم بۆ حەج کردن ڕۆیشتوە ٠ وە خۆشم بۆ چەند غەزایەك ناوی خۆم نووسیوە ٠ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی دەرچۆ بە پەلە لەگەڵ خێزانەکەتدا حەج بکە . (متفق علیه) وە لە عبد الله ی کوڕی ئیمامی عومەرەوە (ڕەزای خوا لە هەردووکیان بێت) فەرمووی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ئافرەتان سەفەر نەکەن ٠ سێ جار ئەمەی دوو بارە کردووە ٠ دوایی فەرمووی مەگەر لەگەڵ مەحرەمێکدا بێت . (متفق علیه) ٠ وە فەرموودەکان لەسەر ئەوە زۆرن کە نەهی لە سەفەری ئافرەتان دەکەن بەبێ مەحرەم ئیتر بۆ حەج بێت یان بۆ هەرکارێکی تربێت . هۆکەشی ئاشکرایە کەئافرەت لاوازە و تووشی ناڕەحەتی وناخۆشی سەفەر دەبێت تەنها پیاوان دەتوانن بەرامبەر ئەو ناڕەحەتیانە خۆڕاگربن هەروەها ئافرەت چێی چاوو تەماح و ئارەزووی پیاوخراپانە لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەك بواری ئەوەنییە بەتەنها سەفەر بکات مەگەر مەحرەمێکی خۆی لەگەڵدا بێت بیپارێزێت لەناڕەحە تیەکانی ڕێگاو خراپەی خراپەکاران ٠ وە بە مەرج گیراوە ئەومەحرەمە دوو مەرجی تێدابێت ئەوانیش باڵغ بوونی وئیسلامەتی ٠ چوونکە کەسی (بێباوەڕ) متمانەی پێ ناکرێت ٠ ئنجا ئەگەر ئەو ئافرەتەی وابوو لەوەی کە مەحرەمێکی ئاوای دەست نەکەوت ٠ ئەوا پێویست دەکات کەسێك لەجیاتی خۆی بگرێت حەجی بۆبکات .

<u>٢/</u> ئەگەر ئەو حەجەی فەرز نەبوو واتاجاری یەکەم نەبوو تەنها سوننەت بوو ئەوا مەرجەکە هاوسەرەکەی ڕێگای ڕۆیشتنی پێبدات ٠ لەبەرئەوەی حەقی مێردەکەی تێدا دەڕوات ٠ إبن قدامة (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (المغني)دا بەرگی (٣) لاپەڕە (٢٤٠)دا دەفەرموێت حەجی سووننەت مێرد دەتوانێت ڕێگری بکات هەروەها (إبن المنذر) دەفەرموێت : ئەوانەی

که من فەرموودەم لێوەرگرتوون هەموویان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە پیاو بۆی هەیە و دەتوانێت ئەگەر بیەوێت ڕێگری لە خێزان بکات بۆ چوون بۆ حەجی سوننەت . ئەمەش لەبەر ئەوەی کە مافی مێرد واجبە لەبەر ئەوە ئافرەت بۆی نىیە بیفەوتێنێت بۆ کارێك کە واجب نەبێت .

٣/ درووستە کە ئافرەت حەج و عەمرە بکات لەجیاتی پیاوێك کە خۆی نەتوانێت . شيخ الإسلام ابن تيمية لە (مجموع الفتاوى)دا بەرگی (٢٦) لاپەڕە (١٣)دا وەدەفەرموێت . دروستە ئافرەتێك لەجیاتی ئافرەتێکی تر حەج بکات ئەگەر ئەو ئافرەتە عوزری هەبوو ئەمە کۆدەنگی زانایانی لەسەرە . ئیتر ئەگەر ئەو ئافرەتە کچی خۆی بوو یان کچی نەبوو هەردروستە . هەروەها دروستیشە ئافرەت لەجیاتی پیاو حەج بکات لای هەر چوار زاناکان و جمهوری زانایان ، هەروەك جۆن پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کردوە بەو ئافرەتە (خثعمية) کە حەج بۆ باوکی بکات کاتێك کە ئافرەتەکە ووتی . ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەج کە فەرزێکی خوای گەورەیە لەسەر بەندەکانی . لەسەر باوکم فەرزبووە بەڵام باوکم زۆر پیرە و ناتوانێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکرد کە حەجی بۆ بکات . لەگەڵ ئەوەی ئیحرامی پیاو تەواو ترە لە ئیحرامی ئافرەت .

٤/ ئەگەر ئافرەت توشی (حيض) یان (نفاس) بوو لەو کاتەی کە بەڕێگاوەیە بۆ حەج ئەوا ڕێگا تەواو دەکات و دەڕوات . وەئەگەر تووشی ئەم حاڵەتانە بوو لە کاتی (ئیحرام)دا ئەوە ئیحرام دەبەستێت هەروەکو ئافرەتانی تر کە پاکن لەبەر ئەوەی (ئیحرام) بەستن بەمەرج نەگیراوە پاکبێت شيخ إبن القدامة لە (المغني)دا بەرگی (٣) لاپەڕە (٢٩٣-٢٩٤)دا دەفەرموێت : وە پوختەی ئەم باسە ئەوەیە کە خۆشۆردن لە کاتی (ئیحرام)دا بۆ ئافرەتان دروستە هەر وەك چۆن بۆ پیاوان دروستە . چونکە عبارەتی (حائض و نفساء) تەواو ترە ! ، چونکە فەرموودە لەوبارەیەوە هاتووە جابر (ڕەزای خوای لێ-بێت) لە بەشێکی فەرموودەکەدا دەفەرموێت : (تاگەیشتینە (ذوالحليفة) لەوێ ئەسمائی کچی عميس (ڕەزای خوای لێبێت) محمەدی کوڕی ئەبوبکر)ی بوو ، ئنجا جوابی نارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی چی بکەم ئەویش فەرمووی (ﷺ)خۆی بشوات و پارچە قوماشێك بدات بەڕەحمیدا ئیتر (ئیحرام) ببەستێت (متفق عليه) ، وەلە ئیبن و عەباسەوە (ڕەزای خوای لێبێت) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی (حائض و نفساء) ئیحرام دەبەستن و هەموو کارەکانی تردەکەن تەنها طەواف نەبێت بەدەوری کەعبەدا) (رواه أبو داود) . وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) کە خۆی بشوات بۆ (إهلال) لە کاتی حەجدا وە مەبەست لە خۆشۆردنی (حائض و نفساء) لەکاتی ئیحرامدا پاکێتیەو ئەو بۆنە ناخۆشانە ناهێڵێت بۆ ئەوەی ئازاری ئەو خەڵکانە نەدات کە کۆبونەتەوە وە پیسی کەم دەکاتەوە ، ئەگەر لەکاتی ئیحرامدا بوون هیچ زەرەرێکی نابێت بۆ ئیحرامەکەیان بەڵام دەبێت ئاگاداربن لەو کارانەی کە زەرەری بۆ ئیحرامەکەیان هەیە وەکو ، نابێت طەواف بەدەوری کەعبەدا بکەن تاوەکو لە (حيض و نيفاس)کەیان پاك دەبنەوە و خۆیان دەشۆن وە ئەگەر ڕۆژی عەرەفە بوو هێشتا پاك نەبووبوونەوە وە ئەمانیش (ئیحرامیان بۆ عمرە و تمتع بۆ حەج) بەستبوو ئەوە دەبێت (ئیحرام ببەستن بۆ حەج) . وە ئەکەونە ناو عەمرەوە ئەوا دەبن بە (قارنتین) جۆرێکە لە حەج . وە بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە (عائشە ڕەزای خوای لێبێت) تووشی (حيض) بوو لە کاتێکدا نیەتی عەمرەی هەبوو ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە ژوورەوە بۆلای سەیری کرد (عائشە ڕەزای خوای لێبێت) دەگری فەرمووی ئەوە چیتە لەوە دەچێت تووشی (حيض) بوبیت ، فەرمووی بەڵێ . فەرمووی (ئەوە حاڵەتێکە خوای گەورە لەسەر کچانی ئادەمی نووسیوە ، ((إفعلي كما يفعل الحاج غير ألاّ تطوفي بالبيت حتى تطهري)) واتە ئەوە ئەنجام بدە کە چۆن حاجیەکان ئەنجامی دەدەن تەنها ئەوەندە نەبێت طەواف بەدەوری کەعبەدا مەکە)[1] (البخاري ومسلم) .

---

[1] رواه البخاري (٤٠٧/١) في الحيض ومسلم (١٢١١) في الحج .

تێبینی :– بەڵام کە پاك بویەوە ئینجا طەوافەکەی دەکات .

زانای پایەبەرز إبن القیم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (تهذیب السنن)دا بەرگی (٢) لاپەڕە (٣٠٣)دا دەفەرموێت فەرموودە ڕاستەکان ئاشگران لەسەر ئەوەی کە عائشە (ڕەزای خوای لێبێت) یەکەم جار نیەتی (عمرەی)ی هەبووە پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێ کردووە کە حەج بکات ئەمە پاش ئەوەی کە تووشی (حیض) بووە کە بو بە قارن . لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) پێی ووت بۆ تۆ تەنها ئەوەندەی بەسە کە طەواف بکەیت و بەینی صەفا و مەڕوەش بۆ حەجەکەشت و عەمرەکەیشت) .

٥/ ئافرەت چی دەکات لە کاتی (ئیحرام)دا :– هەر ئەو کارانە ئەنجام دەدات کە پیاو ئەنجامی دەدەن وەك خۆشوردن و خۆپاك ڕاگرتن و برینی قژ و نینۆك کردن و نەهێشتنی بۆنی ناخۆش بۆ ئەوەی لە کاتی (ئیحرام)دا نەبێت بۆ ئەم کارانە چونکە لەو کاتەدا ئەمانە قەدەغەیە ، بەڵام ئەگەر پێویستی بەوانە نەدەکرد ئەوە پێویست ناکات ئەنجامیان بدات چونکە ئەوانە لە پێداویستیەکانی ئیحرام نی‌یە ، وە هیچی تیانی‌یە ئەگەر بۆن بدات لە لەشی بە بۆنێك کە زۆر بەهیز نەبێت ، بەو فەرموودەیەی کە عائشە (ڕەزای خوای لێبێت) کە دەفەرموێت ئێمە لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) چوینەدەرەوە سکمان دەدا لە ڕوومان لە کاتی (إحرام)دا ئەگەر یەکێکمان ئارەقی بکردایەتەوە بە دەم و چاویدا دەهاتە خوارەوە پێغەمبەریش (ﷺ) دەیبینی و قەدەغەی نەدەکردین . (رواه أبو داود) ئیمامی شوکانی لە (نیل الأوطار) بەرگی(٥) لاپەڕە (١٢)دا دەفەرموێت : بێدەنگی پێغەمبەر (ﷺ) بەڵگەیە لەسەر دروستێتی ئەو کارە چونکە هەرگیز بێدەنگ نەدەبوو لەسەر کارێك کە شەرعی نەبووبێت .

٦/ لە کاتی (ئیحرام)دا برقع و نیقاب لائەدات . ئەگەر ئەوانەی لە پێش (ئیحرام)دا پۆشیبوو ، وەئەو دوانەش داپۆشەرێکن بۆ دەم و چاو تەنها لە ئاستی چاوی دوو کونی تێدایە ئافرەت لەو کونەوە سەریری لێوەدەکات بەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت (لاتنقب المحرمة) واتە : با ئافرەتی ئیحرام بەستوو نیقاب نەکات . رواه البخاري . وبرقع لە نیقاب بەهێزترە . ، وەئەگەر دەستکێشی لەدەستا بوو لایان دەدات . ئەگەر نیقاب و دەست داپۆشین واجب بێت بە قەناعەتی ئەو کەسە ئەوا بەشێکی‌تر دایان دەپۆشێت . وشیخ الإسلام ابن تیمیة (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت : ئافرەت عەورەتە هەر بۆیە دەبێت پۆشاکێك لەبەر بکات کە داپۆشێت :

هەروەها ئیبن القیم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (تهذیب السنن)دا بەرگی (٢) لاپەڕە (٣٥٠) دەفەرموێت هیچ ووشەیەکیش نی‌یە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە فەرموبێتی لە کاتی ئیحرامدا واجبە ئافرەت ڕووی دەربخات ، تەنها ئەوەندەنەبێت کە نەهی لە نیقاب کردووە . تاوەکو دەفەرموێت جێگیربووە لە (أسماء)وە کە دەم و چاوی داپۆشیوە لەکاتی (ئیحرام)یشدا بووە ، ((کان الركبان يمرّون بنا ونحن مع رسول الله (ﷺ) محرمات فإذا حاذوا بنا سدلت ..... ))[٢] . واتە عائشە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت ئێمە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ)دا بوین لە ئیحرامدا بووین سوار ئەیاندا بەلاماندا . ئەگەر نزیکمان بونایەوە ئەوە هەر یەکێکمان جلبابەکەی لەسەر سەری شۆڕدەکردەوە بۆ سەردەم و چاوی وە ئەگەر دوور بکەوتنایەتەوە لامان دەبرد . أبو داود . جا بزانە ئەی خوشکی موسوڵمان کە قەدەغەکراوە لێت کە دەم و چاوت و دەستت داپۆشیت بەو شتانەی کە تایبەتی‌یە وەکو نیقاب و دستکێش لەکاتی (ئیحرام)دا ، بەڵام لە کاتی تردا ئەوا جێگای جیاوازی نێوان زانایانە بەڵگەی بەهێزتر ئەوەیە کە واجب نی‌یە :– ، وەهیچ بەڵگەیەکیش نی‌یە بۆ ئەوەی کە شتێك دابنرێت بۆ ئەوەی ئەو پارچە قوماشە

[٢] أبو داود (١٧٥٧) ، ابن ماجة (٢٩٣٥) .

بەردەم و چاو نەکەوێت وەك پارچەدارێك یان عەمامە لەسەر کردن یان بە دەست بەرزکردنەوەی چونکە بەردەم و چاویش بکەوێت هیچی تێدانی‌یە .

٧/ دروستە بۆ ئافرەت هەرچی جلێکی ئافرەتانە لەبەر بکات لەکاتی (ئیحرام)دا کە خۆی بیەوێت بەو مەرجەی ڕازاندنەوەی تێدانەبێت و خۆشوبهاندن نەبێت بە جل و بەرگی پیاوان ، وە تەسك نەبێت کە ئەندامەکانی لەش دەربخات . وە تەنکیش نەبێت کە لاشەی دانەپۆشێت . وەهەروەها کورتیش نەبێت کە قاچی و دەستی دەربکەوێت . بەڵکو دەبێت فراوان و ئەستووربێت .

مەرج نی‌یە ڕەنگێکی دیاری کراو لەبەر بکات وەك سەوز بەڵکو هەر چ ڕەنگێك کە خۆی بیەوێت دەتوانێت ئیتر سوور بێت یان سەوز یان ڕەش وەبۆی هەیە بیگۆڕێت بەڕەنگێکی تر ئەگەر ویستی هەبوو .

٨/ وە سوننەتە بۆ ئافرەتیش کە (لبيك اللهم لبيك)بکات دوای (ئیحرام) بە ئەندازەی ئەوەی کە خۆی گوێی لێبێت . (ابن عبد البر) دەفەرموێت زانایان لەسەر ئەوەکۆن کە سوننەت وایە کە ئافرەت دەنگ بەرز بکاتەوە تەنها ئەوەندەی بۆ خۆی گوێی لێبێت . بەڵکو مەکروهە دەنگ بەرز بکاتەوە لەترسی فیتنە ، لەبەر ئەوە سوننەت نی‌یە بۆی کە بانگ بدات وە قامەت بکات وەلە نوێژیشدا بۆ ئافرەت هەیە تەنها بەدەستی ڕاستی بدات بە دەستی چەپیدا ئەگەر ئیمام سەهووی کرد نابێت بڵێت (سبحان الله) دیارە هەر لەبەر دەنگەکەی) وەرگیراوە لە (المغني) بەرگی (٢) لاپەڕە (٣٣٠-٣٣١)دایە . تەواو .

٩/ هەروەها واجبە لەسەر ئافرەت تەواو خۆی داپۆشێت لەکاتی (طەواف)دا . وەدەنگی بەرز نەکاتەوە . وەچاوی لەحەرام بپارێزێت ، وە پیاوان ناڕەحەت نەکەن بەتایبەتی لای بەردەرەشەکەو رووکنی یەمانی . وە طەواف کردنی ئافرەت لە دوورترین ڕیزەکانەوە کە پیاوان ناڕەحەت نەکات خێرترە لە طەواف کردنی لە نزیك کەعبە کە ناڕەحەتی پیاوانی تێدابێت ، چونکە ئەو ناڕەحەت کردنە حەرامە . لەبەر ئەوەی فیتنەی تێدایە لەو تێکەڵاوبوونەیان لەگەڵ پیاواندا وە نزیکی لە کەعبەوە و ماچ کردنی بەردەڕەڕەشەکە سوننەتە ئەگەر توانرا ، بەڵام نابێت بۆ سوننەتێك حەرامێك ئەنجام بدرێت . بەڵکو لەم کاتەدا بۆ ئافرەتان سوننەت نی‌یە . تەنها دەتوانێت کە گەیشتە ئاستی ئیشارەتی بۆ بکات ئیمامی نەوەوی لە (مجموع)دا بەرگی (٨) لاپەڕە (٣٧)دا دەفەرموێت باش نی‌یە بۆ ئافرەتان کە ماچی بەردەڕەشەکە بکەن ، یان دەستی لێبدەن . مەگەر کاتێك چواردەوری کەعبە چۆڵبێت لە شەودا یان کاتێکی تربێت ، چونکە زەرەری بۆ خۆیان و غەیری خۆشیان دەبێت . هەروەها لە (المغني)دا بەرگی (٣) لاپەڕە (٣٣١) دەفەرموێت : چاك وایە بۆ ئافرەت کە طەواف یە شەوبکات ٠چونکە زیاتر داپۆشراترە وکەمتر خەڵك توشی ناڕەحەتی دەکەن ٠ وەزیاتر ئەتوانێت لە کە عبە نزیك بیتەوە ودەستی بدات لە بەردەرەشەکە .

١٠/ وە بە نیسبەت (طەواف)ەوە بۆ ئافرەتان وەسەعی نێوان صەفاو مەروە هەمووی بە ڕۆیشتنە ٠ ئیبن المنذر دەفەرموێت ٠٠ ئەهلی عیلم لەسەر ئەوەکۆن کە ئافرەت نابێت هەروەلەو ڕاکردن بکات بەدەوری کەعبە و نیوان صەفاو مەروەش هەر بە ڕۆیشتنە ٠ چونکە بنچینەی ئەودوانە ئەوەیە کە پێست دەردەکەوێت وە بۆ ئافرەت نابێت بەڵکو ئافرەت داوایان لێ دەکرێت کە داپۆشراوبێت بەڵام لە هەموو لەو ڕاکردنەدا بۆی هەیە لاشەی دەربکەوێت کە ئەمەش دروست نی‌یە .

١١/ ئافرەت چی بکات ئەگەر چووەحاڵەتی (حیض)ەوە لەکاتی مە ناسیکەککانی حەجدا وەچیش نابێت بکات ٠ تاوەکو پاك ئەبێتەوە ٠ هەموو کارەکان ئەنجام ئەدات ٠وەکو ٠٠ ئیحرام بەستن ووە ستان لەسەر عەرەفەومانەوەلە مزدەلیفە ٠بەڵام طەواف بە دەوری کەعبە داناکات تاوەکو پاك دەبێتەوە بەوفەرموودەی عائیشە ڕەزای خوای لێبێت کە چوبوە حاڵەتی (حیض)ەوە پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو ((إفعلي كما يفعل الحاج غير ألاّ تطوفي بالبيت حتى تطهري))[٣] واتە : هەموو

---

[٣] رواه البخاري (٤٠٧/١) في الحيض ومسلم (١٢١١) في الحج .

ئەوكارانە ئەنجام بدە كە حاجیەكانی تر ئەنجامی ئەدەن تەنها طەواف نەبێت تاوەكو پاك ئەبێتەوە ٠ ئیمامی شەوكانی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (نیل الاوطار)دا بەرگی (٥) لاپەرە (٤٩) دادەفەرموێت فەرموودەكە ئاشكرایە كە ڕێگری كراوە لە (حائض)كە طەواف بكات بەدەوری كەعبەدا تاوەكو خوێنی نامێنێت وخۆی ئەشوات ٠ وە قەدەغەكردنەكەش مەبەست تیایدا ئەوەیە كە ئەگەر بكرێت بە تاڵەو دانامەزرێت ئەوەش ووتەی جمهوری زانایانە هەروەها سەعی نێوان صەفاو مەروە ناكات چونكە سەعی دروست نیيە تەنها لەدوای طەواف نەبێت پێغەمبەر (ﷺ) سەعی نەكردوە تەنها لە دوای طەواف نەبێت وەئیمامی نەوەوی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (المجموع)دا بەرگی (٨) لاپەرە (٨٢)دا دەفەرموێت ٠ بە بۆچوونی ئێمە ئەگەر سەعی بكات پێش طەواف ئەوا سەعیەكەی دانەمەزراوە٠ وە ئەمە ش ووتە جمهوری زانایانە ٠ هەروەها ماوردی إجماعی لەسەر ئەمە نەقل كردووە ٠ وەئەمەش مەزهەبی ئیمامی مالیك وابی حنیفە و(ئیمام أحمد)ە ٠ بەڵام ئیبن المنذر لە عطاء وە هەندێك زانای فەرموودە ناسی گێڕاوەتەوە كە دروستە پێش طەواف بكرێت وە بەڵگەشمان ٠٠ ئەوەیەكە پێغەمبەر (ﷺ) سەعی كردوە دوای طەواف ٠ وەفەرمووشیەتی لە منەوە مەناسیكە كان وەربگرن ٠ بەلام فەرمودەكەی ئیبن شریك (ڕەزای خوای لێبێت) لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) بووە فەرموویەتی لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) دەرچوین بۆحەج ٠ خەلك ئەهات بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) هەیان بوو پرسیاریان لێ ئەكردو پێیان ئەوت ئەی پێغەمبەر (ﷺ) سەعیم كرد پێش طەواف ئایا شتێكم پێش خستوە یان دوا خستوە ٠ ئەویش دەیفەرموو ((لاحرج إلاّ على رجل إفترض من عرض رجل مسلم وهو ظالم ....))[٤] واتە : ئەمە هیچی تێدا نیيە تاوانی گەورە ئەوەیە كە موسوڵمانێك ستەم بكات لە برای موسوڵمانی خۆی یان غەیبەتی بكات ئەوە بە ڕاستی تاوان و تیاچووە . وەشیخ محمد الامين الشنقيطي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە تەفسیرەكەیدا (أضواء البيان) لە بەرگی (٥) لاپەرە (٢٥)دا دەفەرموویت بزانەكە جمهوری زانایان كە لە ناویاندا هەر چوار زاناكەش لە سەرئەوەن كە سەعی دروست نیيە تەنها دوای طەواف نەبێت ٠ ئەگەر لە پێش طەوافدا سەعی بكات ئەوا سەعیەكی دروست نیيە وە (ماوردی) و جگە لەمیش دەفەرموون ئەمە كۆدەنگی زانایانی لەسەرە بۆ فەرموودەكەی ابن شريك (ڕەزای خوای لێبێت) هەر ئیمامی إبن القدامة لە (المغني)دا بەرگی (٥) لاپەڕە (٢٤٠)دا دەفەرموویت سەعی بەدوای (طەواف)دا دادێت ٠ واتە دروست نیيە سەعی پێش طەواف ٠ ئەمەش ووتە مالیك وشافیعی وخاوەن بۆ چوونەكان ٠ بەڵام عطاء دەفەرموێت دەبێت ٠ وە ئیمام أحمد دەفەرموێت ئەگەر لەبیرچوون بووئەوا دا مەزراوە ٠ بەڵام ئەگەر بە ئەنقەست بوو ئەوا دانامەزرێت وەكە پرسیاریان لێكرد بۆ كاتی نەزانین ولەبیر چوون فەرمووی واتا هیچی تێدانیيە لە مەوە زانرا ٠ كە ئەو فەرموودەیەی كە ئەوانەی كردویانە بەبەڵگەی ئەوەی دروستە سەعی پێش طەواف بكرێت نابێتە بەڵگە بۆی چوونكە ئەو فەرموودەیە دوو واتا لەخۆی دەگرێت ٠ یەكەمیان ئەوەیە سەعی پێش (إفاضة) كردووە وەسەعیەكەی بۆهاتن بووە لەبەر ئەوە سەعیەكەی كەوتۆتە دوای طەواف ٠ دووەمیان یان بۆ ئەو كەسانەیە نەیان زانیبێت یان لە بیریان چوبێت نەك بە ئەنقەست ٠هەر بۆیەش لە سەرئەم بابەتە زیاتر ڕۆیشتم چونكە هەندێك هەن ئێستا فەتوای ئەوە ئەدەن كە سەعی پێش طەواف دروستە بە هەموو شێوەیەك . پەنا بەخوا .

***ئاگاداری :*** گەر ئافرەت طەوافی كردبووەوە كە تەواو بوو تووشی حاڵەتی (حیض)بوو ئەوە لەو كاتەدا سەعی دەكات چونكە سەعی بەمەرج نەگیراوە كە لەحاڵەتی پاكێتیدابێت ئیمامی إبن قدامة المقدسي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (المغني)دا بەرگی (٥) لاپەڕە (٤٦٠)دا دەفەرموێت : زۆربەی ئەهلی عیلم لەسەر ئەوەن كە مەرج نیيە كە ئافرەت پاكبێت بۆ سەعی نێوان صەفا و مەروە وەلەوانەی كە ئەمەیان فەرمووە ئیمام عطاء و إمام مالیك و ئیمامی شافیعی و ئەبو ثور خاوەن ڕەئیەكانن هەتا ئەوەی كە ئەبو داود فەرموویەتی . لە ئیمام أحمدم بیستوە فەرموویەتی : ئەگەر ئافرەت طەوافی كرد و دوایی تووشی حاڵەتی (حیض)بوو ئەوا سەعی بەینی صەفا و مەروە دەكات و دوایی سەفەر دەكات : لە عائیشەوە (ڕەزای

---

[٤] البيهقي (١٤٦/٥) ، الدارقطني (٢٥٤٢) : اسناده حسن ، أبو داود (٢٠١٥).

خوای لێبێت) ڕیوایەت کراوە کە فەرموویانە (ئەگەر ئافرەت طەوافی کرد بە دەوری کەعبەدا و دوورکات نوێژی کرد و کەوتە حاڵەتی (حیض)ەوە باسەعی نێوان صەفا و مەروە بکات) رواه الاثرم . تەواو .

١٢/ دروستە بۆ ئافرەتان کە بە کۆمەڵ لە موزدەلیفە دەربچن دوای مانگ ئاوابوون وەڕەمی (الجمرة العقبة) بکەن لە کاتی گەیشتنیان بە (منى) . بۆ ئەوەی تووشی ناڕەحتی و قەڕباڵغی نەبن .

هەر إبن قدامة لە (المغني)دا بەرگی (٥) لاپەڕە (٢٨٦) دەفەرموێت : هیچی تێدا نی‌یە کە (ئافرەت بە کۆمەڵ لەگەڵ پیر و لاوازەکاندا پێش بخرێت ، وەلەوانەی کە کەسوکارێکی لاوازیان پێش خستوە عبد الرحمن کوڕی عەوف و عائیشەن (ڕەزای خوایان لێبێت)) وە ئەمەش بۆچوونی عطاء و الثوری شافیعی و أبو ثور خاوەن ڕەئی‌یەکانن (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) وەهیچ جیاوازی‌یەکیان لەسەر ئەمە نەزانیوە . چونکە ئەمە ئاسانی‌یەکە بۆ ئەوان وە بۆ ئەوەیە کە توشی ناڕەحەتی قەرەباڵغی نەبن وەشوێن کەوتنێکە بۆ سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) هەروەها ئیمامی شەوکانی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (نیل الاوطار)دا بەرگی (٥) لاپەرە (٧٠)دا دەفەرموێت بەڵگەکان لەسەر ئەوەن کەکاتی ڕەمی دوای دەرکەوتنی خۆرە بۆ یەکێك کە هیچ عوزرێکی شە رعی نەبێت .بەڵام هەریەکێك عوزری شەرعی هەبێت وەکو ئافرەتان و لاوازەکان دروستە ئەگەر پێش ئەوکاتەش بێت وەئیمامی نەوەوی لە (المجموع)دا بەرگی(٨) لاپەرە (١٢٥)دا دەفەرموێت شافیعی وهاوەڵانی شافیعی لەسەر ئەوەن کە سوننەت وایە لاوازەکان وئافرەتان پێش بخرێت لە موزدەلیفە بۆ (منى) دوای نیوەی شەو پێش نوێژی بەیانی . بۆئەوەی ڕەمی (الجمرة العقبة) بکەن پێش ئەوەی قەرەباڵغی خەڵك هەبێت وەئەو فەرموودانەی هێناوە کە بەڵگەن لە سەر ئەمە .

١٣/ ئافرەت بۆحەج وعەمرەش قژی تەنها کورت ئەکاتەوە بە ئەندازەی سەری پەنجەکان وەبۆی دروست نی‌یە کە بیتاشێت . بە پێچەوانەی پیاوانەوە هەر ئیمامی إبن قدامة لە (المغني)دا بەرگی (٥) لاپەڕە (٣١٠)دا دەفەرموێت ئەوەی کە شەرعی‌یە بۆ ئافرەتان کورت کردنەوەیە نەك تاشین . هیچ جیاوازیەك نی‌یە لە مەدا لەنێوان زانایاندا . ابن المنذر دەفەرموێت ئەهلی عیلم لە سەر ئەمە کۆن چوونکە تاشین بۆ ئافرەتان ئەتکە. وە ابن عباس ڕەحمەتی خوای لێبێت لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆ مان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی (ليس على النساء حلق . إنما على النساء التقصير)[٥] (رواه أبو داود) . واتا بۆئافرەتان نی‌یە کە قژیان بتاشن تەنها کورت کردنەوە یان بۆ هەیە و ئیمامی علی (ڕەزای خوای لێبێت) دەگێڕێتەوە دەفەرموێت (پێغەمبەر (ﷺ) نەهی کردووە لە تاشینی قژی ئافرەتان)[٦]. و ئیمام أحمد (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت : لە هەموو پەلکێکی بەئەندازەی سەری پەنجەکانی لێ کورت دەکرێتەوە . ئەمەش ووتەی ئیبن و عمر و شافیعی و إسحاق و أبو ثورە (ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لێبێت) . وە أبو داود دەفەرموێت : گوێم لە ئیمام أحمد بوو پرسیاری لێکرا ئایا ئافرەت لە هەموو قژی کورت دەکاتەوە ؟ فەرمووی بەڵێ قژی کۆدەکاتەوە و دەهێنێتە پێشەوە ، ئینجا لە هەموو بەشەکانی بەئەندازەی سەری پەنجەیەکی لێ کورت دەکاتەوە . تەواو .

١٤/ ئافرەتی (حائض) ئەگەر ڕەمی (جمرة العقبة) کردبێت و قژی کورت کردبێتەوە ئەوە لە ئیحرامەکەی دەردەچێت ، وە ئەوانەی بۆ حەڵاڵ دەبنەوە کە لەکاتی ئیحرامدا لەسەری حەرام بووە . تەنها ئەوەنەبێت کە بۆ مێردی دروست نی‌یە بۆ لایەنی جیماع . وە نابێت بهێڵێت هاوسەری ئەم کارەی لەگەڵدا بکات . تاوەکو طەواف دەکات بەدەوری کەعبەدا طەوافی (الإفاضة) . ئەگەر لەم کاتانەدا هاوسەری چووەلای ئەوا فیدیەی لەسەر واجب دەبێت کەئەوەیش سەربڕینی مەڕێکە لە مەککەو دابەشکردنێتی بەسەر هەژارانی ناو حەرەمدا . چونکە ئەمە پێش (تحلل الأول)ە واتە پێش ئەوەی کە ئەو شتانەی بۆ حەڵاڵ بێتەوە کە بە ئیحرام بەستن لێی حەرام کراوە .

---

[٥] رواه أبو داود في كتاب المناسك باب الحلق والتقصير (١٩٨٥) بإسناد حسن .
[٦] الترمذي (٩١٤) ، النسائي (١٣٠/٨) .

١٥/ ئەگەر چوە (حيض)ەوە دوای طەوافی (الإفاضة) . ئەوا كەی ویستی ئەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی چونكە ئیتر طەوافی (ماڵ ئاوایی) لەسەر نامێنێت بەو فەرموودەیەی عائشە (ڕەزای خوای لێبێت) كە دەفەرموێت : (صفیەی كچی حیی)چووە (حیض)ەوە دوای طەوافی (الإفاضة) ئەمەیان بۆ پێغەمبەر (ﷺ) باسكرد ئەویش فەرمووی (ئەوە دەمانهێڵێتەوە) ؟ عائشە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی بەڵام ئەو طەوافی (الإفاضة)ی كردووە بە دەوری ماڵی خوادا ، پاشان چوەتە (حیض)ەوە ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی دەی بۆی هەیە بڕوات (متفق علیه) .

وە لە ئیبن عەباسەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت (فەرمان كراوە بە خەڵكی كە كۆتایین كاریان طەوافیان بێت بە دەوری (البیت)دا بێت تەنها بۆ ئافرەتی (حائض) نەبێت لەسەری سوك كراوە) (متفق علیه) وەهەر لە ئیبن عەباسەوە (ڕەزای خوای لێبێت) (كە پێغەمبەر (ﷺ) ڕوخسەتی داوە بە ئافرەتی (حائض) كەدەربچێت پێش ئەوەی طەواف بكات ئەگەر پێشتر طەوافی (الإفاضة)ی كردبوو) (رواه أحمد) .

ئەمە ووتەی ئیمامی نەوەویە لە (المجموع)دا بەرگی (٨) لاپەڕە (٢٨١) . دەفەرموێت ابن المنذر فەرمووی ئەمە بۆچوونی زۆری ئەهلی عیلمە لەوانە ئیمام مالك و ئەوزاعی واحمد و ئەبو حنیفة و جگە لەوانیش هەروەها لە (المغني)دا بەرگی (٣) لاپە رە (٤٦١) دەفەرموێت ئەمە بۆچوونی زۆرینەی زانایانی شارەكانە وە دەفەرموێت ئافرەتی كەش كەلە حاڵەتی (النیفاس)دا بێت هەمان حوكمی هەیە چونكە ئەحكامەكانی حائض هەمان حوكمی هەیە لەگەڵ حوكمی (النفاس)دا لەوەی كەچی لەسەرە و چی لەسەر لادەچێت وەك یەك وان .

١٦/ كارێكی باشوو گونجاوە ئەگەر ئافرەت سەردانی مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) بكات لەگەڵ مەحرەمی خۆیدا بۆ نوێژكردن و پاڕانەوە تیایدا بەڵام بۆی دروست نیە سەردانی گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ) بكات چونكە ڕێگری لێكراوە ئافرەت سەردانی گۆڕستان بكات شیخ (محمدبن ابراهیم آل شیخ) موفتی وڵاتی سعودیە (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (المجموع الفتوی)ی خۆیدا بەرگی (٣) لاپەڕە (٢٩٣)دا دەفەرمووێت ڕاست لەمەدا ئەوەیە كە سەردانی گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ) نەكەن لەبەر گشتێتی بەڵگەكان وەلە قەدەغەكردنەكەشدا بۆسەردانی گۆڕستان بەگشتی باسی كراوە لەبەر ئەوە بۆهیچ كەسێك نیە تایبەتی بكات تیایدا مەگەر بەڵگەیەكی پێ بێت وەشیخ عبدالعزیز بن باز ڕەحمەتی خوای لێبێت لە كتێبی (التحقیق والإیضاح)دا لاپەڕە (٩١) دەفەرموێت كەكاتێك باسی ئەوەی كردوە كەكەسێك كە چوە مزگەوتەكەی پێغەمبەر (ﷺ) سەردانی گۆڕەكەی بكات فەرمووی ئەم سەردانی گۆڕەی پێغەمبەرە (ﷺ) تەنها بۆ پیاوان درووستە بەتایبەتی بەڵام ئافرەتان بۆیان دروست نیە سەردانی هیچ گۆڕێك بكەن . هەروەك لەپێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتووە كە نەفرەتی كردوە لە وئافرەتانەی سەردانی گۆرەكان ئەكەن وە ئەوانەی كە مزگەوت و قوبە لەسەر قەبر دروست دەكەن (صحیح)[٧] بەڵام چون بۆمەدینە ونوێژكردن ودوعا كردن وشتی تر كە شەرعیین لە مزگەوتی پێغمبەردا (ﷺ) ئەوە دروستەو مافی هە موولایەكە .

تێبینی : دیارە ئەم سەردانە ئەگەر بەزۆری و بەردەوامی بێت ، بەڵام هەندێ جار ئەوا هیچی تێدا نیە ئەمە ووتەی شێخ ئەلبانیە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (الأدلة الرضیة)ی ئیمامی شەوكانی .

**مافی بڵاوكردنەوەی پارێزراوە بۆ سایتی بەهەشت**

www.ba8.org

[٧] أخرجه الترمذي في كتاب الجنائز باب ما جاء في كراهية زيارة القبور للنساء الحديث (١٠٥٦) وأخرجه ابن حبان في كتاب الجنائز : باب زيارة القبور للنساء (٣١٧٩) وقال حديث صحيح .

# "بەشی نۆیەم"

**( هەندێ ئەحكامی تایبەت بەژن ومێردایەتی و كۆتایی پێ هێنانی ) .**

خوای گەورە دەفەرموویت : ﴿ومن آياتِهِ أَنْ خلَق لكُم من أنفُسِكُم أزواجاً لتسكُنوا إليها وجعلَ بينكُم مودةً ورحمةً إن في ذَلك لآياتٍ لقَومٍ يتفكَرونَ﴾ {سورة الروم:٢١} . وە هەروەها دەفەرموێت : ﴿وأنكِحوا الأيامى منكُم والصالِحين من عِبادكُم وإمائكُم إن يكُونوا فُقَراء يغنِهم الله من فَضلِهِ والله واسِع عَليم﴾ {سورة النور:٣٢} . ئیمامی ئیبن كثیر (رەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمویت ئەمە فەرمانی خوای گەورەو میهرەبانە بەژن هێنان وە هەندێ لە زانایان بۆچوونیان لەسەر واجبێتی ژن هێنانە لەسەر كەسێك كە توانای هەبێت .

وەئەو فەرمودەیەشیان كردوە بە بەڵگەی بۆچوونەكەی خۆیان كە دەفەرموێت (يا معشر الشباب ، من استطاع منكم الباءة فليتزوج فانه أغضُ للبصر وأحصن للفرج ، ومن لم يستطع فعليه بالصوم فإنه لَهُ وجاء)[1] واتە ئەی كۆمەڵی گەنجان كێ لە ئێوە توانای هەیە با خێزان دروست بكات ، چونكە ئەوە بەربەستێكە بۆ نەزەر تێكردن وەپارێزگاریەكە بۆ داوێن ، وەهەرچیەكتان نەی توانی با بەڕۆژوو بێت ٠ ڕۆژوو بۆ ئەو قەڵغانە ٠

هەروەها ئیبن كثیر( رەحمەتی خوای لێبێت) باسی ئەوە دەكات كە خێزان پێكەوەنان هۆكارێكە بۆ دەوڵەمەندی ، بەڵگەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورەیە كە دەفەرمویت ﴿ ....إن يكُونوا فُقَراء يغنِهم الله من فَضلِهِ والله واسِع عَليم﴾ {سورة النور:٣٢} ، وە ئیمام ئەبوبەكر (ڕەزای خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت : گوێ ڕایەڵی خوای گەورە بكەن لەوەی كەفەرمانی پێكردوون بۆ ژن هێنان ٠ ئەویش بەڵێنی خۆیتان بۆ جێبەجێ دەكات لەوەی كە دەوڵەمەندتان دەكات ٠ وەبەڕاستیش ئەمە لە بواری ژیاندا سەلمێنراوە كە زۆربەی ئەوانەی كە لە گەنجێتیاندا هەژار بوون دەبینین دوای خێزان پێكەوەنان زۆر بەرچاو باری ئابووریان باش دەبێت ٠ وە ئیبن مسعود (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت " بە دوای دەوڵەمەندیدا بگەڕێیت لە ژن هێناندا دەیدۆزیتەوە " وەكو خوای گەورە دەفەرمویت ﴿ ....إن يكُونوا فُقَراء يغنِهم الله من فَضلِهِ والله واسِع عَليم﴾ {سورة النور:٣٢} . واتا ئەگەر ئەوان هەژار بن خوای گەورە لە رزقی خۆی دەوڵەمەندیان دەكات وەخوای گەورەش بەشی فراوانەو زاناشە بەسەر دروستكراوەكانیدا) ٠ وەئەم ئایەتەش بەر پەرچ دانەوەیە بۆ ئەو كەسانەی كەزۆر ڕۆئەچن لە مەسەلەی ئەوەی كە توانایان نیە خێزان بەرن بەڕێوە ، بەڵكو وەكو هۆكارێكی تر ئەبێت موسوڵمان پشت بە خوای خۆی ببەستێت و خوای گەورەش دەوڵەمەندە ٠

شیخ الإسلام ئیبن تیمیە (رەحمەتی خوای لێبێت) لە (مجموع الفتاوي)دا بەرگی (٣٢) لاپەڕە (٩٠) دەفەرموێت : خوای گەورە حەڵاڵی كردووە بۆ موسوڵمانان كە ژن بهێنن یان ژن تەڵاق بدەن ٠ وە حەڵاڵی كردووە بۆیان كە ژنی تەڵاق دراو بخوازن ٠ وە حەڵاڵیشی كردووە كە خێزانی خۆیان كە تەڵاقیان دا بوو مارە بكەنەوە بە مەرجێك دوای خۆیان شویان كردبۆوە ٠ بەڵام گاور لەسەر هەندێكیان ژن هێنانیان حەرام كردووە ، وە لەسەر هەندێكیشیان كە حەڵاڵ كردووە بەڵام لێیان حەرام كراوە كە تەڵاقی بدات ٠ بەڵام جولەكە تەڵاقیان حەڵاڵ كردووە ، بەڵام ئەگەر خێزانەكە شووی كردەوە دوای خۆی بە كەسێكی تر ئەگەر مێردی دووەمیشی بمرێت یان تەڵاقی بدات لای جولەكە بە یەكجاری حەرام دەبێت ٠ كەواتە گاور تەڵاقیان لا نیە وەجولەكەش گەڕانەوەیان لا نیە بۆ مێری یەكەم — بەڵام خوای گەورە هەردوكیانی بۆ موسوڵمانان حەڵاڵ كردووە .

[1] رواه البخاري (١١٩/٤) في الصوم ومسلم (١٤٠٠) في النكاح .

وە ئیمام ئیبن القیم ( ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە کتێبی (الهدي النبوي) بەرگی (٣) لاپەڕە (٤٩)دا چەند ڕوونکردنەوەیەکی جوان لەسەر سوودی جیماع باس دەکات کە یەکێکە لە ئامانجەکانی خێزان پێکەوەنانە ٠ دەفەرموێت لە بنچینەدا (جیماع) بۆ سێ مەبەست دانراوە :

***یەکەم :-*** پاراستنی نەوەیە و بەردەوامیەتێتی تا ئەو کاتەی خوای گەورە کۆتایی بەم جیهانە دەهێنێت .

***دووەم :-*** دەرچوونی ئەو ئاوەیە کە (مەنی)یە کە بە مانەوەی و هێشتنەوەی زیان بەلاشە دەگەیەنێت ٠

***سێیەم :-*** وەرگرتنی چێژە وەلەزەت وەرگرتنە لەو نیعمەتەی کە خوای گەورە دایناوە هەروەها تێکەڵاوبوونێکی ڕۆحی-یە و خۆشەویستی پتەوتر دەکات ٠

هەروەها خێزان پێکەوەنان سوودی زۆر گەورەی هەیە ، گەورەترینیان بریتی‌یە لە :

١ : پارێزەرێکە لە زینا

٢ : وە هۆکارێکە بۆ نەکردنی نەزەر یان زۆر کەم کردنەوەی لەگەڵ تەقوادا

٣ : هەروەها زۆر کردنی نەوەیەو پاراستنێتی لە فەوتان

٤ : جگە لەوەی کە ئارامی لە نێوان ژن و مێردا دروست دەکات و ئاسودەیان دەکات

٥ : هەروەها بەهاوکاری هەردوو لا ئەتوانن خێزانێکی باش دروست بکەن کە خێزانیش بەردی بناغەی کۆمەڵگای موسوڵمانانە ٠

هەروەها سوودی ئەوەی هەیە کە مێرد هەڵئەستێ بە بەرپرسیارێتی خۆی کە بەخێو کردن و پاراستنی خێزانەکەی دەکەوێتە ئەستۆو بەر پرسیاری یەکەم دەبێت بۆ پەروەردە کردنێکی جوانی خێزانی و منداڵی وە ئافرەتیش ئەرکی کاری ماڵەوەی بە پلەی یەکەم لە سەر دەبێت ٠ وەهەڵئەسێت بەکارە ڕاستەکەی خۆی لە ژیاندا ، نەك ئەوەی کە دوژمنانی ئافرەت و کۆمەڵگا بانگەشەی بۆ دەکەن کە ئەبێت هاوشێوەی پیاو کاربکات لە دەرەوەدا ، وەئافرەتیان هێناوەتە دەرەوە لە ماڵەکەی خۆی ، وە دوریان خستۆتەوە لە کارە بنچینەییەکەی وە کۆمەڵە کارێکیان داوەتێ کە هی ئەو نی‌یە ، وە کارەکەی خۆیان داوەتە دەست یەکێکی تر ، بەوەش یاسای خێزان شێوێنراوە ، وە بەهەڵە تێگەیشتن و کێشە لە نێوان ژن و مێردا دروست بووە ٠ جاری وا هەبووە گەیشتۆتە ئاستی لێك جیا بوونەوە یان ژیانێکی ساردو سڕو بێ تام ٠ چونکە کە پیاو ئەو وزەیەی هەیەتی لە دەرەوەی ماڵ کار دەکات کە دێتەوە پێویستی بە کەسێکە بیحەوێنێتەوە پشوویەکی بۆ دروست بکات ٠ بەڵام کە ئافرەتیش خۆی کار بکات ئەوا خۆیشی ماندوو دەبێت زیاتر لە پیاو ئەوا لەم حاڵەتەدا کەسیان ناتوانێت وەکو پێویست ئەم کارە ئەنجام بدەن ئەمە وەکو تەنها نموونەیەکە لە خراپیەکانی کار کردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ ٠ تەنها لە چەند حاڵەتێکی پێویستدا و بە چەند مەرجێکی شەرعی نەبێت کە لەوەو پێش باسمان کرد ئافرەت بۆی هەبوو کار بکات بەڵام تابتوانرێت ماڵ چاکترین قەڵایە بۆ ئافرەت ٠

شێخ محمد الامین الشنفیطی لە تەفسیری (أضواء اليان) بەرگی (٣) لاپەڕە (٤٢٢)دا دەفەرموێت : ئەم بۆچوونە هەڵەیەی کە دوژمنانی دین دروستیان کردووە دژایەتی هەیە لەگەڵ وەحی خوای گەورەدا ، وەلەگەڵ شەرعەکەیدا وە لەگەڵ هەست و عەقڵیشدا ٠ بەوەی کەیەکسانی بخەنە نێوان ژن و پیاوەوە لە هەموو بوارەکانی ژیان دا و لە هەموو حوکمەکاندا ئەمە هەڵەو خراپی ئەوەی تێدایە کە شێواندن و تێکدانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تێدایە کە ئەمەش لای هەمووان ئاشکرایە و ناشاردرێتەوە ، مەگەر کەسێك مەبەستی نەبێت کە تێبگات ٠ وەئەگەر تێشگەیشتبێت لەبەر هەر مەبەستێکی دنیایی خۆی لێ هەڵە بکات بۆچی ؟ چونکە خوای گەورە وای گێڕاوە کە ئافرەت بە چەند سیفەتێکی تایبەتی دروست بکات ، کە گونجاو بێت بۆ بەشداری کردنی لە کۆمەڵگەدا بەزۆر شێواز کە غەیری ئەو نەتوانێت بەو شێوازە بەشداری بکات ، وەکو شوو کردنی و منداڵ بوونی و شیردانی وە بە خێوکردنی منداڵی بە سۆزی دایکایەتی نەك لە دایەنگاوە ئیش کردنی ناو ماڵی خۆی و ڕێز گرتنی

هاوسەری چەندەهای تر ٠ وەئەم خزمەتانەشی لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا لە ناو ماڵی خۆیدا بە پارێزراوی و خورەوشتی جوانی و بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی کەمترنییە لە خزمەتی پیاو کە کار کردنێتی لە دەرەوەی ماڵ ٠ وەئەوەی ئەمرۆ بێ باوەڕەکان و شوێنکەوتەکانیان بانگەشەی بۆ دەکەن کەئافرەتیش وەکو پیاو ئەبێت بێتە دەرەوە بۆ کارکردن لەگەڵ پیاواندا ، لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتی سك پڕی و شیردانیدا لە حالەتی (نیفاس)دا ناتوانێت هیچ کارێك بکات کە ناڕەحەتی تێدابێت کە ئەمەش بەئاشکرا لەبەر چاوەو سەلمێنراوە ، وەئەگەر هەردووکیان ژن و پیاو چوونە دەرەوە بۆ کارکردن ، ئەوا هەموو کارەکانی ناوماڵ سەنگی خۆی لەدەست دەدات و تێك دەچێت وەك ئاگابوون لە منداڵی بچووك یان شیردانی ئەوەی‌ا کەپێویستی بەشیرە ، یان ئامادەکردنی خواردن و خواردنەوە بۆ هاوسەری خۆی کە ئەو لە ئیش هاتەوە یان وەکو پێویست خۆڕاواندنەوەو خۆئامادەکردنی بۆ مێردی ٠ خۆئەگەر بوترێت یەکێك بەکرێ بگرێت بۆئەوەی لە جیّی خۆی ئەو کارانە بکات ئەوا ئەو مرۆڤەشی کە زۆر جار ئەویش ئافرەت دەبێت وەکو ئەو ئافرەتە لە ماڵەوەدا دەمێنێتەوە کە ئەو ئافرەتە لیّی ڕایکردەوە ئەوا هاوکێشەکە وەکو خۆی لێهاتەوە لەبەرئەوە با لە خوای گەورە بترسین ئەی خوشکی موسوڵمانم وە هەولبدە نەخەڵتێیت بەو بانگەشە فریودەرانە ، چونکە واقعی ئەو ئافرەتانەی کە فریویان خواردووە گەورەترین شاهێدن لەوەی کە ئەم فکرەیە تەنها بۆ چێژ وەرگرتن و هێنانە دەرەوەی ئافرەتە بۆ مەبەستە خراپەکانی خۆیان وەتاقی کردنەوەش باشترین وەڵامە ، وەچارەسەریش ئەی خوشکی موسوڵمان هەوڵ بدە بە ڕێزەوە کە ڕێگری نەکەیت لە شوکردندا تاوەکو گەنجیت و خوازراویت وە دوای مەخە بەبیانووی تەواو کردنی خوێندن یان کارکردنەوە چونکە مەرج نییە کە هەموو کاتێك ئەو کەسەی کەخۆت مەبەستت بێت هەموو کاتێك ئامادەبێت لە هەموو تەمەنێکدا وەژیان پیکەوەنانێکی ڕێزدار ئەوە بەختەوەری و ئارامی تۆی تێدایە ، وەئەوە جیّی هەموو کارێك و خوێندنێك بۆ تۆ دەگرێتەوە٠ وەهەرچەندە کارو خوێندن بەرز بێت ناگەنە ئەو ژیانەی کە بەختەوەر بیت بەوەی کە خێزانێکی پڕ سۆزو خۆشەویستیت هەبێت ٠ چونکە ئەوانەی کە هەرچەندە خوێندنیان باش بێت بەڵام بە شوو نەکردنیان یان توشی هەڵە دەبن یان هەست بە کەمی و بۆشاییەکی گەورە دەکەن لە ژیاندا کەهەر واشە لە واقیعدا ٠ وەخۆت خەریك بکە بەکاروباری ناوماڵی خۆت و بەخێوکردن و پەروەردە کردنی منداڵەکانت ، چونکە ئەوە کاری ڕاستەقینەی تۆیە وەدوای غەیری ئەوە مەکەوە چونکە هیچ شتێك ناگات بەوە ، وەڕێگر مەبە لە ڕازی بوونت بەوەی کە کوڕێکی بەدین و بەڕەوشت بکەیتە هاوسەری ژیانی خۆت چونکە دڵسۆزترین کەسمان کە پێغەمبەرە (صلی الله علیه وعلى آله وسلم) وەسیەتمان بۆ دەکا و دەفەرموێت (إذا جائکم من ترضون دینه وخلقه فانکحوه ، إلا تفعلوا تکن فتنة فی الارض وفساد)[٢] رواه الترمذي وحسنه . واتە ئەگەر یەکێك هاتە خوازبێنی کچەکانتان کە دین و ڕەوشتیتان بەدڵ بوو ئەوا بیدەنیّ و ڕێگر مەبن ئەگەر وانەکەن ئەوا خراپەو بەد ڕەوشتی لە زەویدا بڵاو دەبێتەوە ٠ بەڕاستی جوانی فەرمووە ئەوا تا ئێستا ئەنجامی سەرپێچی ئەم فەرموودەیەمان بینیوە و بیستووە کە چۆن خراپەکاری هەموو شوێنێکی گرتووە خوای گەورە بمانپارێزێت ٠

**بابەت: وەرگرتنی بۆچوونی ئافرەت لە شووکردندا : -**

ئەو ئافرەتانەی کە بە شوو دەدرێن لەسیّ بەش بەدوور نین :

***یەکەم*** : یان ئەوەتا منداڵەو کچە ٠

***دووەم*** : یان ئەوەتا کچەو بەڵام تەمەنی گەورەیە ،

وەحاڵەتی ***سێیەم*** : ئەوەیە کە بێوەژن بێت ٠ وەبۆ هەر سێ حاڵەتەکە حوکمی شەرعی تایبەت بە خۆیان هەیە :

١: کچی منداڵ : ئەوەیە کە هیچ جیاوازییەك لەنێوان زانایاندا نییە کە باوکی بۆی هەیە بیدات بەشوو بەبیّ ئیزنی خۆی ئەگەر داواکارەکەی موسوڵمان و ڕەوشت جوان بوو ، وەك چۆن ابو بکر (ڕەزای خوای لێبێت)عائیشەی کچی (ڕەزای خوای

---

[٢] الترمذي (١٠٨٥) ، السلسلة الصحيحة (١٠٢٢) .

لێبێت) مارە کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) کە تەمەنی تەنها شەش ساڵان بوو وە لە نۆ ساڵیدا گواستیەوە (متفق علیه)وە بۆ ئەو تەمەنەش دیارە کە ئافرەت لە شوێنە گەرمەکاندا زوتر پێ ئەگات و باڵغ دەبێت .

هەروەها لە (المغنی) دا بەرگی (٦) لاپەرە (٤٨٧) ابن المنذر دەفەرموێت هەموو ئەوانەی کە زانیاریمان لێ وەرگرتوون کۆ دەنگن لەسەر ئەوەی کە باوك بۆی هەیە کە کچەکەی بدات بەشوو وەدروستە بەمەرجێك ئەگەر ئەو کەسە شایانی ئەوە بوو لە هەموو ڕوویەکەوە ٠

٢ : بەڵام کچێك کە باڵغ بوبێت بەشو نادرێت بەبێ ڕەزای خۆی نەبێت وە ڕازی بونیشی بەڵگەکەی ئەوەیە کە بێدەنگ بێت لەسەری ، بەوفەرموودەیەی کە دەفەرموێت ( ولا تنكح البكر حتى تستأذن قالوا : يا رسول الله (ﷺ) فكيف إذنها قال : ان تسكت) (متفق عليه) واتا کچی بالغ بوو بەشو نادرێت تاوەکو ڕازی بوونی خۆی نەزانرێت ئینجا صەحابە (ڕەزای خوایان لێبێت) فەرمویان ئینجا چۆن بزانرێت کە ڕازیە : پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی بەڵگەی ئەوەیە کە بێ دەنگ بێت ، لەبەرئەوە بە دڵنیاییەوە ئەبێت ڕازی بوونی خۆی وەربگیرێت ئەگەر ئەوەیشی کە ئەیدات بەشو باوکی بێت ئەمەش ڕاسترین بۆچوونی زانایانە ٠

هەروەها ئیبن القيم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە کتێبی (الهدي النبوي)دا بەرگی (٥) لاپەڕە (٩٦)دا دەفەرموێت ئەمە وتەی زۆربەی زانایانی پێشینەیە ، وەمەزهەبی ابی حنیفە و ئیمام احمدە لە یەکێك لە ڕەئەکانیدا ، وەئەمەش وتەی ئەوانەیە کە شایەتیان بۆ دەدەین ، وە هیچ بۆچونێکی ترمان جگە لەمە نیە ٠ وەئەمەش یەك ئەگرێتەوە لەگەڵ حوکمی پێغەمبەردا (ﷺ) وەبەپێی فەرمان کردنی ئەوە ٠ تەواو

٣ : بەڵام بێوەژنی تەمەندار نادرێت بەشو ئیلا بە ڕەزامەندی خۆی نەبێت ، وە ڕازی بوونیشی ئەبێت بەوتن بێت بە پێچەوانەی کچەوە کە بێدەنگی بوو چونکە کچ زۆر جار لایەنی شەرم کردنی زیاترە .

هەر شێخ ابن قدامة لە (المغنی)دا بەرگی (٦) لاپەڕە (٤٩٣)دا دەفەرموێت هیچ جیاوازیەك لەنێوان وتەی زانایاندا نازانین کە هەبێت لەوەی کە ڕازی بوونی بێوەژن بەوتەیە بۆ دەربڕینی بۆچونەکەیەتی چونکە زمان هۆکاری دەربڕینی ئەوەیە کە لە دڵدایە وەهەر زمانە کە حسابی بۆ دەکرێت لە هەموو شوینێکدا کە جێی ڕەئی وەرگرتن بێت ٠

هەروەها شێخ الاسلام إبن تيمية ( ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (المجموع الفتاوی)دا بەرگی (٣٢/٣٩/٤٠)دا دەفەرمویت : بە نیسبەت ئافرەتەوە بۆ کەس نیە کە بەبێ پرسی خۆی بیدات بەشوو هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) خۆی فەرمانی بەوە کردووە ، ئەگەر ئافرەتەکە پێی ناخۆش بوو ، ئەوا زۆری لێ ناکرێت مەگەر کچی تەمەن منداڵ بێت ئەوا باوکی دەتوانێت بیدات بەشوو بەکەسێکی شایستە ، بەڵام باڵغ بووی بەتەمەن (بێوەژن) ئەوا دروست نیە بدرێت بەشوو بێ پرسی خۆی و ڕازی بوونی لەسەری ٠ ئەمە نە بۆ باوك و نە بۆ غەیری ئەویش دروست نیە بە کۆدەنگی موسوڵمانان ، هەروەها کچی باڵغیش بۆ غەیری باوك و باپیر دروست نیە بەبێ پرسی خۆی بەشووی بدات ئەمەش بەکۆ دەنگی زانایانە ٠ بەڵام باوك یان باپیری پرسی پێ دەکەن ٠

وەزانایان بۆچوونی جیاوازیان هەیە لە ئیزن وەرگرتنەکەدا ئایا واجبە یان کارێکی خوازراوە (مستحبه)؟ وە وتەی بەهێز ئەوەیە کە واجبە ، هەروەها واجبە لەسەر ئەو کەسەی کە بەرپرسیاری ئافرەتەکەیە کە لە خوا بترسێت و بزانێت لە کێی مارەدەکات و ئەیدات بە چ کەسێك ، وەسەیر بکات بزانێت ئەیدات بە کەسێك کە شایستەیە لە ڕووی دین و ڕەوشت و بەر پرسیارێتیەوە یان نا چونکە ئەبێت لەبەر سوود و قازانجی ئافرەتەکە ئەو کەسە پەسەند بکات نەك بۆ سوود و قازانجی خۆی ، چونکە بەڕاستی ئەوە ئەمانەتێکە لە ئەستۆیداو بەرپرسیارە لێی لە دنیاو قیامەتدا ٠ کە بەداخەوە لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆدا زۆر جار تەنها لایەنی ماڵ و سەروەت بە گرنگ گیراوە کە ئەوەش کارێکی زۆر هەڵەیە و زۆربەی جار حاڵەتی نەویستراوی لێ ئەکەوێتەوە ٠

بەمەرج وەرگرتنی ئامادەبوونی (سەرپەرشتیکەری) ئافرەت لە بەشودانداو حیکمەتەکەی:ـ

ڕێپێدانی ئافرەت لە شووکردندا بەو مانایە نی یە کە بە ئارەزووی خۆی هەرکەسێکی ویست شووی پێ بکات ئەگەر لەو شووکردنەشدا و لەو هەڵبژاردنەی خۆیدا زیانی بۆ سەر کەس و کاری و خێزانی هەبوو ، بۆیە دەبێت سەرپەرشتیکارێکی خۆی سەرپەرشتی بکات لەو کارەیدا، وە عەقدی شوکردنەکەی لە ئەستۆدایە ٠ وەنابێت خۆی عەقدی مارەکردنی خۆی ببەستێت ، ئەگەر وابوو ئەوا ئەو عەقدە بەتاڵە و بێ بنچینەیە ، هەروەك لە سوننەتدا هاتووە، کە خاتوو عائیشە ( ڕەزای خوای لێبێت) بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (أيما أمراءة نكحت نفسها بغير إذن وليها فنكاحها باطل ، فنكاحها باطل فنكاحها باطل)[٣] قال الترمذي حديث حسن (واتە هەر ئافرەتێك خۆی عەقدی خۆی بەست بۆ مارەکردنی خۆی بەبێ پرسی سەرپەرشتیکاری ڕاستەقینەی خۆی ئەوا ئەو عەقدە بەتاڵە تا سێ جار ئەمەی دووبارە کردەوە)بۆ زیاتر دڵنیایی لە ئەو حوکمەوە لە هەرچوار( سنن) دا هاتووە کە دەفەرموێت (لا نكاح الا بولی)واتە هیچ مارە بڕینێك دروست نی یە بەبێ سەرپەرشتکاری ئافرەت (ولی أمر) هەردوو فەرمودەکە و ئەوانەشی کە هەمان واتایان هەیە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە مارە بڕین دانامەزرێت بەبێ سەرپەرشتکاری ئافرەت (واتە وەلی أمر) چونکە بنچینە لە قەدەغەکردندا بۆ دانەمەزراندنی ئەو کارەیە ٠ هەر ئیمامی الترمذی دەفەرموێت ، ئەمە ئەهلی عیلم کاریان لەسەر کردووە لەوانە ئیمامی عمر و علی و ئیبن عباس و ئەبو هورەیرەوە و جگە لە مانەش (ڕەزای خوا لەسەر هەموویان بێت )، وەهەر ئەمەش ڕەئی فەقیهەکانی تابعینیش بووە کە فەرمویانە : مارە بڕین نی یە بەبێ( وەلی ئەمر ) ، وە وتەی ئیمامی شافعی و ئیمام احمد و اسحاق ، بڕوانە ( المغنی ) بەرگی ٦ لاپەڕە ٤٤٩ ٠

بابەت :ـ

## حوکمی لێدانی دەف بۆ ئافرەتان لە کاتی ڕاگەیاندنی مارە بڕیندا :--

لێدانی دەف بۆ ئافرەتان کارێکی خوازراوە (مستحب)ە تاوەکو بزانرێت و ئاشکرا بکرێت ئەو ژن هێنانە ، وەئەمەش لە نێوان ئافرەتان خۆیاندا ئەبێت ، وەنابێت تێکەڵاو بکرێت لەگەڵ مۆسیقادا ، وەیان هیچ ئامێرێکی تر ، وەیان ئافرەتێکی گۆرانی بێژ لەگەڵیدا گۆرانی بڵێت ، بەڵام هیچی تێدا نی یە ئەگەر سروودی تێدا بوترێت بەو بۆنەیەوە بەڵام نابێت پیاوان گوێیان لە دەنگیان بێت ٠ پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (فصل مابين الحلال والحرام الدف والصوت فی النكاح) ٠ رواه الخمسة الا أبا داود ، وحسنه الترمذی ، واتە (جیاوازی نێوان حەڵاڵ و حەرام دەف لێدان و دەنگی سرودە بۆ ئافرەتان) ئیمامی شوکانی لە (نيل الاوطار) دا بەرگی (٦) لاپەڕە (٢٠٠)دا دەفەرموێت ئەم فەرمودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دروستە لە ژن هێناندا لەدەف بدرێت وەسرود بوترێت وەکو نمونەی ئەوەی کە بوترێت ( أتيناكم أتيناكم) واتا واهاتین بۆ لاتان واهاتین بۆ لاتان ، وەهاوشێوەی ئەمە نەك بەگۆرانیەك کە هەست ببزوێنێت بۆ خراپە وەوەسفی لاشەی ئافرەت و خراپە کاری تێدا بێت چونکە ئەمە لەم کاتەدا حەرام کراوە هەروەك چۆن لە کاتەکانی تریشدا حەرامە ٠ هەروەها لەکاتی ژن هێناندا ئەو تێکەڵاو کردنانەی کە ئەنجام ئەدرێت لە هۆڵەکاندا یان لە شوێنی تردا بەڕاستی هەرکەسێك هۆکاری بێت یان لە دەسەڵاتیدا بێت ئەنجام نەدرێت و بێدەنگ بێت لێی ئەوا بە پلەی یەکەم ئەو هەموو تاوانەی ئەکەوێتە سەرشان ئینجا ئەو خەڵکەی کە بەشداری ئەو هەموو بێ فەرمانیەی خوای گەورە و پیغەمبەری خوا دەکەن (ﷺ)٠

خوشکی موسوڵمان هەوڵ بدە ڕۆنەچیت و ئیسراف نەکەیت لە کڕینی ئاڵتون و جل و بەرگدا بۆ کاتی ژن هێنان چونکە ئەم کارە لەو ئیسرافانەیە کە خوای گەورە قەدەغەی کردووە وە پێشی ڕاگەیاندوین کە ئەنجام دەرانی ئەم کارەی خۆش

---

[٣] رواه أحمد (٦/١٦٦) وأبو داود (٢٠٨٣) في النكاح والترمذي (١١٠٢) في النكاح وقال هذا حديث حسن . والحاكم (٢/١٦٨) وقال هذا حديث صحيح على شرط الشيخين .

ناوێت وەکو دەفەرموێت ﴿..... ولا تسرفُوا إنه لا يحِب المسرفين﴾ {سورة الأنعام:١٤١} ٠ چاك وایە لە هەموو کارەکانماندا مام ناوەند بین ٠

واجبێتی گوێڕایەڵی ئافرەت بۆ هاوسەرەکەی و حەرامێتی سەرپێچی کردنی : –

پێویستە لەسەرت خوشکی موسوڵمان کە گوێڕایەڵی هاوسەری خۆت بکەیت لە هەموو کارێکی چاکدا ٠ لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (إذا صلت المراءة خمسها ، وصامت شهرها وحَصنت فَرجها ، وأطاعت بَعْلها ، دَخَلَت من ای ابواب الجنة شاءت)[٤] ٠ (واتە ئەگەر ئافرەت هەر پێنج نوێژە فەرزەکانی کرد ، وە مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژو بوو ، وە داوێنی لە خراپە کاری پاراست ، وە گوێڕایەڵی هاوسەرەکەی کرد ئەوا لە هەر دەرگایەکی بەهەشتەوە ویستی دەچێتە بەهەشتەوە) ٠ وە هەر لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی (لا يحل لإمراة ان تصوم وزوجها شاهد إلا بإذنه ، ولا تأذن فی بیته إلاّ بإذنه)[٥] ٠ واتە بۆ هیچ ئافرەتێك حەلاڵ نیيە کە بە ڕۆژو بێت و هاوسەرەکەی ئامادەبێت مەگەر بە ڕەزامەندی هاوسەرەکەی خۆی بێت ، وە ڕێگای کەس نەدات بچێتە ماڵەکەی مەگەر بە ڕەزامەندی هاوسەرەکەی خۆی نەبێت ٠ دیارە ڕۆژووەکە مەبەست تیایدا ڕۆژوی سوننەتە نەك فەرزی ڕەمەزان ٠ وە هەر لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) بۆمان دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە دەفەرموێت (اذا دعا الرجل امراته الى فراشه ، فلم تاته فبات غضبان عليها ، لعنتها الملائکة حتی تصبح)[٦] ٠ واتە ئەگەر پیاو خێزانەکەی بانگ کرد بۆ سەر جێگاو خێزانەکەی ڕازی نەبوو ، هاوسەرەکەی تورەبوو لێی تا بەیانی ئەوا مەلائیکەت نەفرینی لێ ئەکەن تاوەکو ڕۆژ ئەبێتەوە ٠ وەلە روایەتی البخاری و مسلم دا ٠ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی : (والذي نفسي بيده ما من رجل يدعوا امراته الى فراشه ، فتأبى عليه الا كان الذي في السماء ساخطا عليها حتى يرضى عنها) البخاري ومسلم . واتە سوێند بەو خوایەی کە ژیانی منی بەدەستە ، هیچ پیاوێك نیيە کە خێزانەکەی بانگ بکات بۆ جیماع و ئەویش ڕازی نەبێت ، ئیلا خوای گەورە تورە دەبێت لێی تاوەکو هاوسەرەکەی لێی ڕازی دەبێتەوە ٠

(تێبینی : – دیارە ئەم ڕازی نەبوونەی ئافرەت ئەگەر هۆکارێکی شەرعی نەبێت کە ڕێگر بێت وە دەبێت پیاو ئاگای لەو حاڵەتانە بێت وەکو نەخۆشی و هەموو عوزرێکی شەرعی تر کە ڕێگربن) ٠

وەلەو مافانەی تری پیاو بەسەر ئافرەتەوە ئەوەیە کە سەرپەرشتی ماڵ و منالی بکات وە لەماڵ نەچێتە دەرەوە بەبێ ڕەزامەندی هاوسەری ، وەك پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێت : (المراة راعية فی بیت زوجها ومسؤلة عن رعيتها)[٧] ٠ واتە ئافرەت وەك شوان لە ماڵی مێردیدا و بەرپرسیارە لەوەی کە لەبەر دەستیدایە ٠ وەپێویستە کە کارەکانی ناوماڵی خۆی جێ-بەجێ بکات بە پێی توانا ٠ چونکە بەڕاستی بە هەردوولا ئەتوانن ژیانێکی پڕ کامەرانی بۆخۆیان و ماڵ و مندالیان دروست بکەن ٠

وەشێخ الإسلام ابن تیمیة (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (مجموع الفتاوی)دا بەرگی (٣٢) لاپەرە (٢٦٠ – ٢٦١)دا دەفەرموێت کە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ ... فَالصالِحات قَانِتات حافِظَات للغيبِ بِما حفِظ الله ..... ﴾ {سورة النساء:٣٤} .

ئەوە ئەگەیەنێت کەبۆ ئافرەت واجبە گوێڕایەڵی هاوسەرەکەی بکات بەگشتی لە کارئاسانی بۆکردن و ئەگەر سەفەری کرد سەفەر کردن لەگەڵیداو پاراستنی نهێنیەکانی و قەناعەت بوونی و زۆری تریش کە لە سوننەتی پێغەمبەردا (ﷺ) بەوردی هاتووە ٠هەروەها زانای پایەبەرز ئیبن القیم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (الهدی) بەرگی (٥) لاپەڕە (١٨٦ – ١٨٩)دا

---

[٤] أحمد (١٦٦١) ، صحیح الجامع (٦٦٠) .
[٥] متفق علیه . رواه البخاري (٢٩٣/٩) في النكاح ومسلم (١٠٢٦) في الزكاة ، وأبو داود (٢٤٥٨) في الصوم .
[٦] متفق علیه . رواه البخاري (٢٩٣/٩-٢٩٤) في النكاح ، ومسلم (١٤٣٦) في النكاح .
[٧] البخاري (٥١٨٨) ، مسلم (١٨٢٩) ، الترمذي (٢٥٥٤) ، أحمد (٥/٢) .

دەفەرموێت : ئەوانەی کە بە واجبی دەزانن کە خێزان خزمەتی هاوسەری خۆی بکات ئەوەیان کردووە بە بەڵگە کە ئەوانە مەبەستن لەکەلامەکەی خوای پەروەردگار کە دەفەرموێت ﴿الرجالُ قَوامونَ علَى النساء ..... ﴾ {سورة النساء:٣٤} . بەلاَم ئەوەی کە هەندێ جار روو ئەدات بەوەی کە پیاو خزمەتی ناو ماڵ بکات بە گشتی وەکو جل شۆرین و نان دروست کردن و گسك لێدان ئەوە زۆر هەڵەیە و پێچەوانەی فیطرتە .

وەهەروەها ئەو عەقدی مارە برینانەی کە دەبەسترێت بە شێوەیەکی گشتی لەسەر عورفی و عادەتی ئەو شوێنە دەوەستێت دیارە عورفیش هەروایە کە ئافرەت ئەبێت کارەکانی ماڵەوەی جێبەجێ بکات ، وەلەم مەسەلەیەدا هیچ جیاوازییەك ناکرێت لەنێوان هیچ ئافرەتێك بۆ ئافرەتێکی تر دەوڵەمەند بێت یان هەژار ڕێزدار بێت لەناو خەڵکدا یان بێ ڕێز هەموو وەك یەکن ئەوەتا یەکێك لە بەڕێزترین ئافرەتان کە فاطمەیە (رەزای خوای لیبێ)کە خزمەتی هاوسەری خۆی دەکرد . وەجارێکیان حاڵی خۆی بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) باس کرد کە ئیش و کاری زۆر لە ماڵەوەدا دەکات بەلاَم پێغەمبەری خوا (ﷺ) پشتگیری نەکرد .

پرسیار : ئەگەر ئافرەت وای بینی کە پیاوەکەی لێی بێتاقەتە و حەز بە مانەوە ناکات لەگەڵیدا بەلاَم ئەم حەزی بە مانەوە دەکرد لەگەڵ پیاوەکەیدا چۆن ئەو حاڵەتە چارەسەر ئەکرێت ؟ وەلاَم : خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وإن امرأةٌ خافَت مِن بعلِها نشوزاً أو إعراضاً فَلا جناْح علَيهما أن يصلِحا بينهما صلْحاً والصلْح خير ....﴾ {سورة النساء:١٢٨} .

ابن كثير دەفەرموێت ( ئەگەر ئافرەت ترسی ئەوەی هەبوو کە مێردەکەی وازی لێ بهێنێت ، یان پشت گوێی بخات . ئەوا ئەتوانێت لە مافی خۆی یان هەندێك لە مافی خۆی ببورێت وەکو خەرجی و جل و بەرگ و هاوشێوەی ئەمانە . وەپیاوەکەش ئەتوانێت ڕازی بێت لەسەری و قبوڵی ئەمە بکات ، وەئەمە هیچی تێدا نییە ئەگەر ئافرەت ئەنجامی بدات وە بۆ پیاویش چاك وایە کە ڕازی بێت لەسەر ئەمە ، وەهەر بۆ ئەمەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ ... فَلاَ جناْح علَيهما أن يصلِحا بينهما صلْحاً والصلْح خير ..... ﴾ {سورة النساء:١٢٨} . واتە هیچی تێدا نییە کەبەم شێوەیە ڕێك بکەون و پێك بێنەوە . وە خێر لە پیك هاتنەوەدایە .

پرسیار : ئەگەر ئافرەت ویستی لە هاوسەرەکەی نەبوو وەنەیدەویست کە بمێنێتەوە لەگەڵیدا چی دەکات لەم حاڵەتەدا ؟

وەلاَم : خوای گەورە دەفەرموێت ﴿...... فَإنْ خِفْتم ألا يقِيما حدود اللّهِ فَلاَ جناح علَيهما فِيما افْتدت بِهِ ..........﴾ {سورة البقرة:٢٢٩} .

ابن كثير (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە تەفسیرەکەیدا بەرگی (١)دا لاپەڕە (٤٨٣)دا فەرموویەتی ئەگەر ژن و پیاو بەیەکەوە نەدەگونجان ، وەئافرەت بە مافی پیاوەکەی هەڵنەدەستا ، وەخۆشی نە دەویست وەنەی دەتوانی لەگەڵیدا بمێنێتەوە وە ئەوە دەتوانێ مارەیی‌یەکەی بۆ بگێڕێتەوە . وەئەمە هیچی تێدانی‌یە ئەگەر ئەنجامی بدات . وە پیاویش هیچی تێدا نییە کە لێی قبوڵ بکات . وە ئەمەیە کە پێی دەوترێت (خُلع) .

پرسیار : ئەگەر ئافرەت داوای جیابوونەوەی کرد لە هاوسەرەکەی بەبێ هیچ هۆیەکی شەرعی چی بۆ هەیە لە هەڕەشەی خوایی ؟

وەلاَم : لە ثەوبانەوە (ڕەزای خوای لێبێت) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە فەرموویەتی (أيما إمرأة سأَلتْ زَوجها طلاقها من غير ما بأس فحرام عليها رائحة الجنة)[8]. واتە : هەر چ ئافرەتێك داوای (طلاق) لە هاوسەرەکەی بکات بە بێ هیچ هۆیەکی شەرعی ئەوا بۆنی بەهەشتی لەسەر حەرامە . وە مەسەلەی جیابوونەوە کارێکی نەویستراوە تەنها کۆتایین چارەسەرە دوای بەکارهێنانی هەموو ڕێگا چارەسەرەکانی ترەوە تەنها لە زەرورەتێکی زۆردا نەبێت نابێت ئەنجام بدرێت چونکە ئاشکرایە کەچەند دەرەنجامی زیان بەخشی لێ دەکەوێتەوە کە شاراوە نییە وە لەکاتێکدا ئافرەت داوای جیابوونەوە دەکات کە پیاو

[8] حديث صحيح رواه أبو داود (٢٢٢٦) والترمذي (١١٨٧) ، وابن ماجة (٢٠٥٥) .

هەڵنەستێت بە ئەرکی سەرشانی بەرامبەر بە خێزانەکەی یان لە ڕووی دینەوە زەرەرمەندێت ئەگەر لەگەڵیدا بمێنێتەوە . خوای گەورە دەفەرموێت ﴿....فَإِمساكٌ بِمعروفٍ أَو تسريحٌ بِإِحسانٍ.....﴾ {سورة البقرة:٢٢٩} . وە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ للذِين يؤْلُونَ مِن نسآئِهم تربص أَربعةِ أَشهرٍ فَإِنْ فَآؤوا فَإِن اللّٰه غَفُور رحِيم*وإِنْ عزموا الطلاَق فَإِن اللّٰه سمِيع عِلِيم﴾ {سورة البقرة:٢٢٦-٢٢٧} .

چی پێویستە لەسەر ئافرەت لە کاتی کۆتایی هاتنی عەقدی (زەواج)دا ؟ دیارە جیابوونەوەی ژن و مێرد دوو جۆرە : یەکەمیان جیابوونەوەیەکە لە ژیاندا ، دووەمیان جیابوونەوەیە بە هۆی مردنەوە ، وەهەردوو جۆرەکە واجبە لەسەر ئافرەت کە (عدة) ڕابگرێت واتا ئەو کاتە کە شەرع دایناوە بۆ شوکردنەوە تا ئەو کاتە ، وەحیکمەت و مەبەست تیایدا دڵنیاییە بەوەی کەسک پڕی هەبێت یان نا نەوەکو شوکردنەکەی نزیك بێت و سك پڕبوونی گوماندار‌بێت و بێتە هۆی کێشە و وون بوونی وەچە ، وە ڕیزگرتنیشە بۆ عەقدەکەی پێشووتر وەهەروەها حورمەتێکە بۆ مێردی پێشوو ، وەدەربڕینی خەفەتێکە بە جیابوونەوەی هاوسەری پێشووی .

وە (عدة) چوار جۆرە :-

***جۆری یەکەم :*** (عدة)ی سك پڕە : واتا کە مێردەکەی دەمرێت ئەم سکی پڕە . وەکاتەکەشی بە دانانی سکەکەیەتی ، ئیتر ئەگەر طەلاقدانیش بێت طەلاقی ئاشکرا بێت کە مەجالی تێدا نەمابێت یان طەلاقی (ڕەجعی) بێت واتە مەجالی تێدامابێت مێردەکەی مابێت یان مردبێت . وەکو خوای گەورە دەفەرموێت ﴿....وَأُوْلَاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ....﴾ {سورة الطلاق:٤}. واتە : ئەوانەی کە سك پڕن کاتەکانیان ئەوەیە کە منداڵەکەیان دەبێت .

***جۆری دووەم :*** (عدة)ی طەلاقدراوێکە کە لە کاتی (حيض)دا بێت ، کە ئەویش دەبێت سێ جار (حيض) بشوات وەکو خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلاَثَةَ قُرُوَءٍ.....﴾ {سوره البقره:٢٢٨} . واتە : ئەو طەلاقدراوانەی کە سکیان نییە کاتەکەیان دەبێت سێ جار لە (حيض) پاك ببنەوە.

(ثلاثة قروء) واتە سێ (حيض) .

***جۆری سێهەم :*** ئەوەیە کە جیابوونەتەوە بەڵام لە (حيض)دا نەبووە ، وە ئەمیش دوو جۆرە : یان منداڵە (حيض)ی نی-یە یان گەورەیە ئیتر (حيض)ی نەماوە لە هەردوو کاتەکەدا یەك (عدة) یان هەیە کە ئەویش (سێ مانگە . وەکو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿واللائِي يئِسن مِن الْمحِيضِ مِن نسائِكُم إِن ارتبتم فَعِدتهن ثَلَاثَةُ أَشهرٍ واللائِي لَم يحِضن وأُولَات الْأَحمالِ أَجلُهن أَن يضعن حملَهن ومن يتقِ الله يجعل له مِن أَمرِهِ يسراً﴾ {سورة الطلاق:٤} .

***جۆری چوارەم :*** ئەوەیە کە هاوسەرەکەی مردبێت خوای گەورە (عدة)ەکەی بۆ دیاری کردووە وەکو دەفەرموێت ﴿وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجاً يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْراً ..... ﴾ {سورة البقرة:٢٣٤} . واتە : کاتەکەیان چوار مانگ و دە ڕۆژە . ئەمە ئەگەر هاوسەرەکەی چووبێتە لای یان نە چووبێت . گەنج بێت یان پیر بێت هەمان کاتی هەیە . بەڵام سك پڕ ناگرێتەوە چونکە باسمان کرد کە کاتەکەی ئەو ئەوەیە کە منداڵەکەی ببێت . تەواو لە (الهدي النبوي) إمام ابن القيم ، بەرگی (٥) لاپەڕە (٥٩٤-٥٩٥) وەرگیراوە .

### ئەو کارانە چین کە حەرامن بکرێت لەگەڵ ئافرەتێکدا کەلە ( عدة )دا بێت :-

١- حوکمی مارەکردنیان :-

---

أ:- ئافرەتێك کە لە (عدة)یە کەیدا بێت کە طەلاقەکەی مەجالی تێدا مابێت حەرامە مارەبکرێت بەڕاستەو خۆ یان بە ناڕاستەو خۆیی پێی بوترێت بۆ یەکێك کە بیەوێت مارەی بکات . چونکە حوکمی ئافرەتانی خاوەن مێردیان هەیە و بۆ کەس نییە داوای شوکردنەوەیان لێ بکات چونکە هێشتا لەژێر عەقدی مێردەکەیدا ماوە .

ب:- ئافرەتێك كە لە (عدة)یەكدابێت مەجالی گەڕانەوە بۆ لای مێردەكەی نەمابێت . ئەمەش حەرامە داوای شوكردنی لێ بكرێت . ئەگەر داواكردنەكە ڕاستەوخۆیی بوترێت . بەڵام ئەگەر بە ناڕاستەو خۆیی بووترێت ئەوا دروستە بەو ئایەتەی خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ولاَ جناح علَيكُم فِيما عرضتم بِهِ مِن خِطْبةِ النساء أَو أَكْننتم فِي أَنفُسِكُم علِم اللّه أَنكُم ستذْكُرونهن ولَكِن لا تواعِدوهن سِرا إِلا أَن تقُولُواْ قَولاً معروفًا ولاَ تعزِمواْ عقْدةَ النكَاحِ حتى يبلُغَ الْكِتاب أَجلَه واعلَمواْ أَن اللّه يعلَم ما فِي أَنفُسِكُم فَاحذَروه واعلَمواْ أَن اللّه غَفُور حلِيم﴾ {سوره البقره:٢٣٥} .

واتە : هیچی تێدانییە ئەگەر بە ناڕاستەوخۆ داوای ئەو ئافرەتانە بكەن بۆ مارەكردنیان بەڵام بە ئاشكرا ووتنی دەرخستنی ئارەزووی هێنانی ئەو ئافرەتەی تێدایە . وەكو ئەوەی كە یەكسەر بڵێت دەمەوێت تۆ مارەبكەمەوە . چونكە لەوانەیە هاندانی ئافرەتەكەبێت و وابزانێت كە (عدة)ەكەی تەواو بووە بەڵام خۆی لە بنەڕەتدا تەواو نەبووبێت . بەڵام بە ناڕاستەو خۆ ئەمەی تێدا دروست نابێت وە ئیش كردنە بەو ئایەتەی خوای گەورەش وە نموونەی ناڕاستەو خۆ وەكو ئەوەی بڵێت ئەگەر كوڕێكی ئاوا بەو شێوەیە هەبێت شووی پێدەكەیت كە نیشانەكانی نیشانەی خۆی بێت یان بڵێت حەق وایە شووبكەیت بە یەكێك كە ئەم مەرجانەی تێدابێت كە هەر مەرجەكانی خۆی بڵێت . وەدەبێت ئەم ئافرەتەش كە (طەلاقەكەی) مەجالی تێدا نەماوە یان مێردەكەی مردووە . بە ناڕاستەوخۆ وەڵام بداتەوە . بەڵام بۆ ئەو ئافرەتەی كە مەجالی گەڕانەوەی لای مێردی ماوە . حەڵاڵ نییە كە بەڕاستەوخۆ یان بە ناڕاستەوخۆ جوابی هیچ كەسێك بداتەوە .

٢- حەرامە مارەببڕدرێت كە لە (عدة)دا بێت :- وەكو خوای گەورە و میهرەبان دەفەرموێت ﴿.... ولاَ تعزِمواْ عقْدةَ النكَاحِ حتى يبلُغَ الْكِتاب أَجلَه واعلَمواْ أَن اللّه يعلَم ما فِي أَنفُسِكُم فَاحذَروه واعلَمواْ أَن اللّه غَفُور حلِيم﴾ {سوره البقره:٢٣٥} .

إمام ابن كثير لە تەفسیرەكەیدا بەرگی (١) لاپەڕە (٥٠٩)دا دەفەرموێت واتە : عەقدی مارەبڕین مەبەستن تا كاتی (عدة)ەكەی تەواو نەبێت وەكو زانایان لەسەر ئەوەن كە ئەو عەقدە دانامەزرێت كە لەكاتی (عدة)دا بێت . تەواو .

دوو سوود :-

***یەكەم :*** هەرچ ئافرەتێك طەلاق بدرێت پێش ئەوەی هاوسەرەكەی بچێتە لای ئەوا هیچ (عدە)یەكی نییە بەو ئایەتەی كە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿يا أَيها الَّذِين آمنوا إِذَا نكَحتم الْمؤْمِناتِ ثُم طَلَّقْتموهن مِن قَبلِ أَن تمسوهن فَما لَكُم علَيهِن مِن عِدةٍ تعتدونها فَمتعوهن وسرحوهن سراحا جمِيلًا﴾ {سورة الأحزاب:٤٩} .

هەر ئیمام ابن كثیر (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە تەفسیرەكەیدا بەرگی (٥) لاپەڕە (٤٧٩)دا دەفەرموێت ئەم حوكمە هەموو زانایان لەسەری كۆدەنگن كە ئەگەر ئافرەت پێش چونەلای طەلاق درا ئەوا یەكسەر دەتوانێت شوی خۆی بكاتەوە وە هیچ (عدة)یەكەی نییە .

***دووەم :*** ئەگەر طەلاق درا پێش (كاری شەرعی) ئەوا مارەییەكەی نیوەی دەكەوێت ، خۆ ئەگەر مارەیی نەبوو . ئەوا جل و بەرگ و هاوشێوەی ئەمانەی لە پێویستی خۆی بۆ دەكرێت .

وە ئەگەر طەلاق درا دوای (جیماع) ئەوا هەموو مارەییەكەی دەدرێتێ وەكو خوای گەورە دەفەرموێت ﴿لا جناح علَيكُم إِن طَلَّقْتم النساء ما لَم تمسوهن أَو تفْرِضواْ لَهن فَرِيضةً ومتعوهن علَى الْموسِعِ قَدره وعلَى الْمقْتِرِ قَدره متاعاً بِالْمعروفِ حقّاً علَى الْمحسِنِين﴾ {سوره البقره:٢٣٦} . تا ئەو ئایەتەی خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وإِن طَلَّقْتموهن مِن قَبلِ أَن تمسوهن وقَد فَرضتم لَهن فَرِيضةً فَنِصف ما فَرضتم إَلاَّ أَن يعفُونَ أَو يعفُو الَّذِي بِيدِهِ عقْدةُ النكَاحِ وأَن تعفُواْ أَقْرب لِلتقْوى ولاَ تنسواْ الْفَضلَ بينكُم إِن اللّه بِما تعملُونَ بصِير﴾ {سوره البقره:٢٣٧} .

واتە : هیچتان لەسەر نییە ئەی پیاوان كە خێزانەكانتان طەلاق بدەن كەنەگونجان ئەگەر پێش كاری شەرعی بوو واتە مارەییەكەی فەرز نەبووبوو ، وەئەگەر لەمەدا دڵی ئافرەتان ناڕەحەت بوو شتێكی دەكرێتێ) وەئەمەش بەپێی توانای

مێردەکەیە زۆر بێت یان کەم وەکو ئەوەی کە باوە لەناو خەڵکیدا ، ئنجا خوای گەورە باسی دەکات کە نیوەیی ئەو مارەی-یەی بدرێتی .

وە ئیبن کثیر (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە تەفسیرەکەیدا بەرگی (١) لاپەڕە (٥١٢)دا دەفەرموێت : (ئەم نیوەیی مارەیی-دانە بەو شێوەیە مەسەلەیەکی کۆدەنگی نێوان زانایانە وە هیچ جیاوازیەکیان لەمەدا نییە .

٣- پێنج شت هەن لەسەر ئافرەت حەرامە ئەنجامیان بدات لە کاتێکدا کە هاوسەرەکەی مردبێت و هێشتا (عدة)ی تەواو نەبووبێت :-

***یەکەمیان :-*** خۆبۆنخۆشکردن بەهەموو جۆرەکانیەوە . نابێت بۆن بدات لەلاشەی وە نابێت بیدات لە جل و بەرگی . وە هیچ شتێکی تر کە بۆنخوشبێت نابێت هەڵیبگرێت . وەکو لە بەشێکی فەرموودەکەی پیغەمبەردا (ﷺ) کە دەفەرموێت (ولا تمس طيبا) واتە : بۆنی خۆش نادات لە خۆی .

***دووەمیان :-*** جوانکاری لە لاشەیدا وەکو بۆیەکردنی پەنجەکانی و خەنە بەکارهێنان و چاو ڕەش کردن و هەموو بابەتێك کە جوانکاری تێدابێت . مەگەر چاو ڕەش کردنەکە زۆر زەرور و پێویست بێت بۆ چارەسەری نەخۆشی چاو نەوەکو بۆ جوانی ئەویش دەبێت بەشەو بەکاری بهێنێت بەڵام بەڕۆژ بیسرێتەوە .

***سێیەمیان :-*** خۆڕازاندنەوە بە جل و بەرگێك کە ڕازاوە بێت حەرامە . وەدەبێت جل و بەرگێك بپۆشێت کە جوانکاری و ڕازاوەیی تێدانەبێت .

***چوارەمیان :-*** لەدەست کردنی بازنگ تەنانەت ئەنگوستیلەش دروست نییە .

***پێنجەمیان :-*** نابێت لە ماڵێکەیدا بمێنێتەوە کە پێشتر ماڵی خۆی نەبووە وە نابێت ماڵەکەی خۆی بەجێ بهێڵێت مەگەر عوزرێکی شەرعی هەبێت وە نابێت بچێت بۆ سەردانی نەخۆش . وەنابێت بچێت بۆ سەردانی هاوڕێ و خزم . بەڵام دروستە بە ڕۆژ بۆ کارە زەروریەکانی خۆی بچێتە دەرەوە . وەلەدوای ئەم پێنج خاڵە . کارەکانی تری بۆ دروستە لەوەی خوای گەورە بۆی حەڵاڵ کردوە . وەکو ئیمام ابن القيم لە (الهدي النبوي)دا لە بەرگی (٥) لاپەڕە (٥٠٧)دا دەفەرموێت : ڕێگری ناکرێت بۆ ئەو ئافرەتەی کە هاوسەرەکەی مردبێت لە (عدة)دا بێت کە نینۆکی بکات و بن باڵی چاك بکات قژی کورت بکاتەوە و خۆی بشوات و قژی دابهێنێت .

وە شیخ (الإسلام ابن تيمية) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (مجموع الفتاوى)دا لە بەرگی (٣٤) لاپەڕە (٢٧-٢٨)دا دەفەرموێت : بۆ ئەو ئافرەتە دروستە لەوەی کە خوای گەورە حەڵاڵی کردوە بخوات و بخواتەوە وەکو میوە و گۆشت و خواردنەوەی حەڵاڵ . هەتاوەکو فەرموویەتی لەو کارانەشی کە شەرعین بۆی دروستە کە ئەنجامی بدات . وەکو نەخش کردن(التطرين) و بەرگ دروینی و چنین و جگە لەمانەش لەو کارە گشتیانەی کە ئافرەتان ئەنجامی دەدەن . وەهەروەها بۆی دروستە کە قسە و گفتوگۆ ئەنجام بدات لەگەڵ پیاواندا بەمەرجی داپۆشراوی . وەئەمە لە سوننەتدا هاتووە . لە کاتێکدا کە ئافرەتانی مێردەکانیان مردبێت قسەیان لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) کردوە .

**مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ سایتی بەهەشت**

www.ba8.org

# "بەشی دەیەم"

## ((هەندێ أحكام كە هۆكارن بۆ پاراستنی ڕێزی ئافرەت و داوێن پاكی))

١- ئافرەت هەروەكو پیاو فەرمانی پێكراوە كە چاوی و داوێنی لە حەرام بپارێزێت وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ * وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُولِي الْإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَىٰ عَوْرَاتِ النِّسَاءِ وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ {سورە النور:٣٠-٣١} .

شیخ محمد أمین الشنقیطي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە تەفسیرەكەیدا (أضواء البیان) : دەفەرموێت خوای پەروەردگار لەم ئایەتەدا فەرمانی كردوە بە ئیمانداران لە پیاوان و لە ئافرەتان كە چاویان لە حەرام بپارێزن ، هەروەها داوێنیشیان . وە پاراستنی داوێن لە حەرام زینا دەگرێتەوە و نێربازی و ئاوی خۆهێنانەوە وە(مساحەقەش) كە دوایی باسی (مساحقة)دەكەین هەتاوەكو خوای گەورە بەڵێنی بەوانەداوە كە ئەم فەرمانەی جێبەجێ دەكەن . كە لێخۆشبوون و پاداشتێكی گەورەیان بۆ هەیە . كە خوای گەورە بفەرموێت گەورەیە ئیتر بەڕاستی خۆی بۆ خۆی جێی ئەوەیە كە موسوڵمان هەوڵی ئەوەبێت كە چاوی و داوێنی لە حەرام بپارێزێت . ئەگەر لەگەڵ ئەم كردەوەیەشدا چەند كردەوەیەكەی تر هەیە ئەنجامی بدات وەكو خوای گەورە لە سورەتی (الأحزاب)دا باسی كردووە و دەفەرموێت : ﴿إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ

فُروجهم والْحافِظَاتِ والذاكِرين الله كَثِيرا والذاكِراتِ أَعد الله لَهم مغفِرةً وأَجرا عظِيما﴾ {سورة الأحزاب:٣٥} . له تەفسیری (أضواء البيان) بەرگی (٦) لاپەڕە (١٨٦-١٨٧) .

وە وشەی (المساحقة) مەبەست ئەوەیە کە دوو ئافرەت خۆیان لەیەك بخشێنن ، بە وێنەی ژن لەگەڵ پیاوەکەی کە ئەمەش تاوانێکی زۆر گەورەیە دەبێت ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە بە چاکی تەمبێیەکی توند بکرێن .

ئیمام ابن القدامة المقدسي لە (المغنی)دا بەرگی (٨) لاپەڕە (١٩٨)دا دەفەرموویێت ئەگەر ئافرەت ئەم کارەی ئەنجامدا ئەوا بە زیناکار دادەنرێن و نەفرەت لێ کراون وە ئەو دوو ئافرەتەی کەئەم کارە ئەنجام ئەدەن زیناکارن) وە ئەبێت تەمی بکرێت ٠چونکە زینایەکە )(حەد) ی شەرعی بۆ دانەنراوە کە ڕەجم کردنبێت ٠ لەبەرئەوە بائافرەتان زۆر ئاگاداربن لەم کارە ناشرییینە بەڵام لەباسی چاو پاراستندا لەحەرام ٠زانای ناودار ابن القيم لە (الجواب الکافي)دا لاپەڕە (١٢٩-١٣٠)دا دەفەرمویێت بینین یەکەم خاڵوسەرچاوەی بزواندنی ئارەزوە ٠وە پاراستنی چاو ڕاستە وخۆ پاراستنی داوێنە ٠ وەهەرکەسێك نەزەرێکی ئەنقەستی کرد ئەوە بە باشی خۆی بەرەو هەلاکەت بردوە ٠ وە پێغەمبەر (ﷺ) بە ئیمامی (علی) فەرموو (ڕەزای خوای لێبێت) (لا تتبع التظرة النظرة فإنما لك الأولی)[1] واتا ئەی (علی) بەدوای بینین دا سەیر مەکەرەوە چونکە تەنها یەکەمت بۆهەیە ٠کە مەبەست لەوەیە کە یەکەم جار مرۆڤـ لەدەستی خۆیدا نیـیە بەڵام بۆجاری دووەم خۆی بەرپرسیار دەبێت ٠ چونکە بیننی حەرام تیرێکە لە تیرەکانی شەیتان ٠ دیارە کەتیریش ئەگەر خاوەنەکەی نەکوژێت ئەوا بریندراری ئەکا وەهەر (ابن القيم) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمویێت هەر بینینی حەرامە کە بنەڕەتی گشتیـیە بۆ هەموو کارە خراپەکان کە توشی مرۆڤـ دەبێت خەیاڵ بەدڵدا دێنێت وەئەو خەیاڵەش دەبێتە بیرکردنەوە لێی ٠ وە ئەو بیرکردنەوەش دەبێتە هۆی وروژاندنی ئارەزوو ٠ وەئەو جوڵاندنی ئارەزوەش دەبێتەحەزکردن لەو کارە تاوەکو ئەگەر بەردەوام بێت دەبێتە ئەوەی کە بڕیار بدات ئەنجامی بدات ٠ وە مەگەر ئەوەی کە خوای گەورە یارمەتی بدات وپەشیمان بێتەوە وترسی خوای گەورەی بکەوێتەوەبیر کە زۆر جار ئەگەر بەردەوامێتی هەبوو

[1] أحمد (٣٥١/٥) ، أبو داود (٢١٤٩) ، الترمذي (٢٧٧٧) ، الحاكم (١٤٩/٢) .

ئەوا ئارام گرتنەکە قورستر ئەبێت ٠ بۆیە وتراوە کە ئارام گرتن لەسەر نەزەرکردن ئاسانتر وباشترە لە سەر ئارام گرتن لە ناڕەحەتی دوای نەزەر (تەواو) لەبەر ئەوە خوشکی موسڵمان ئاگات لە دنیاو قیامەتی خۆت بێت وخۆت بپارێزە لە سەیر کردنی پیاوانێك کە نامەحرەمن تالە تواناتدابێت خۆت بەدور بگرە ٠ وەلەسەیرکردنی ئەو وێنە خراپ وناشەرعیانەی کەلە ڕۆژنامە وگۆڤارەکاندا یان تەلەفزیۆن وڤیدۆدا بڵاو دەکرێتەوە وە ئەبێت هەموو لە کۆتایی یەکی خراپی خۆمان بترسین ٠ چونکە زۆر جار ئەو بینین و تێکەڵاویە ناشەرعیانە بۆتە ناڕەحەتی وخراپ شکاندنەوە بەسەر خاوەنەکانیاندا ٠ چونکە هەر لەشتی بچوکەوە بابەتی گەورەتر دروست دەبێت ٠ وەك شاخ کە لەچەندەها بەرد دروست بووە وئاگری گەورەیش یەکەم جار زۆر بچوك بووە ٠ بەڵام کەوازی لێ هێنرابێت یان پێی نەزانرابێت ئەوا بە جۆرێك ئەو ئاگرە گەورە بوە کەچەندەها شوێنی گەورەی سوتاندووە.

٢- وەلە یەکێك لەهۆکارەنی تری پاراستنی داوێن دورکە وتنەوەیە لە گوێگرتن لە گۆرانی و ئالەتەکانی ژەندن ئیمامی پایەبەرز (ابن القیم) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (إغاثةاللهفان )دا بەرگی (١) (لاپەڕە٢٤٢-٢٤٨-٢٦٤-٢٦٥)دا دەفەرموورێت (لە فێلە کانی شەیتان کە زۆرێکی لە خشتە بردوە لەوانەی کە بەشیان لە عەقڵ و لە دیندا کەمە ٠ وە دڵی ئەوانەی ڕا و کردوە کە زۆر نە فام و نەزانن کەئەویش گوێگرتنە لە وگۆرانی و لێدان و ژەندنی ئەو ئالەتە حەرامانەی کە بەڕاستی دڵەکان ئەگرێتەوە لە وەرگرتنی قورئان وە بەردەوام بون لەسەر ئەم کارە والەو دڵە ئەکات کە خولیا و حەزی ئەو کەسە زیاتر لە خراپە دابێت ٠ وە ئەمە بەرنامەی شەیتانەو بەربەستێکی زۆر بەهێزە لەنێوان بە ندە و خوای گەورە دا ٠ وە ئەم هۆکارانە هەواڵنێرن بۆ زینا وەوا لەو کەسە دەکات کە عەشقەکەی بگاتە رادەی زیناکردن لەگەڵ عاشقەکەیدا تاوەکو دەفەرمووێت کە ئەگەر گۆیگرتنەکە لە کە سێکەوە بێت کە ئافرەت بێت ئەوا خراپەو زیانەکانی زۆر زیاترو کاریگەرترە و تاوانێکی زۆر گەورەترە ٠ وەڕاست ئەوەیە کە هەموو کەسێکی خاوەن غیرەت ئەبێت خۆی و ماڵ ومنداڵی بەدوربگرن لە گوێگرتن لەو گۆرانیانە ٠وە ئاشکراشە کە ئەگەر لەسەر پیاوان ناڕەحەت بوو کەبگات بە ئافرەتێك ئەوا هەوڵ ئەدات کە گوێ بیستی گۆرانیەکی بکات ئەو کاتە زۆر جار ئافرەت زیاتر کاریگەری ئەوا گۆرانیەی لەسەری دەبێت ٠ چونکە ئافرەت زۆر خێراتر کاریگەر دەبێت بەبیستنی گۆرانی ٠

وه له دوخاڵدا کاری تێ ئەکات له دەنگه کەدا وله واتای گۆرانیەکه دا ٠بەتایبەتی ئەگەر ئەو گۆرانیه لەگەڵ ئەو ئاڵەته بزوێنەرانەدا بێت که ئەمڕۆ ئەیان بینین یان هەندی جار که سەمای لەگەڵدایه که به ڕاستی زۆر ئافرەت بینراوەو بیستراوه کەبەم گۆرانیانه تووشی داوێن پیسی بوون ، لەبەر ئەوه خوشکی موسڵمان لەخوای گەوره بترسه وئاگات لەم نه خۆشی یه ڕەوشتی یه تر سناکه بێت کەگوێگرتنه لەو گۆرانیانه کەبه هەموو شێوەیەکیش ئاسانکاری بڵاو کردنەوەی بۆ دەکرێت کەوای کردوه زۆر لەو ئافرەته نەزانانه دەچن بۆ تۆمارگاکان دەیکڕن و دەشیکەن به دیاری له نێوان خۆیاندا وه هەر یەکێکیشه لەو هۆکارانەی کەوا دەبینرێت ئافرەتان به گشتی پۆشاکیان ناشەرعیيه ، دیاره حوکمی ئەم گۆرانی ومۆسیقا نا شەرعیيانه بۆ پیاویش هەمان حوکمه ٠

٣– له هۆکارێکی تری پاراستنی داوێن له خراپەکاری ٠ ئەوه یه که ڕێگری بکرێت لەوەی ئافرەت بەبێ مەحرەم سەفەربکات وه مەحرەمێك که بیپارێزێت له خراپەو ناڕه حەتی خراپەکاران وتاوانباران ٠ وەله چەند فەرموودەی ڕاستدا هاتوه که ڕ ێگری لەوه دەکات کەئافرەت بەبێ مەحرەم سەفەربکات ٠ لەوانه ئەو فەرموودەیەی که ئیبن عمر ڕەزای خوای لێبێت ریوایەتی کردوه که پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (لاتسافر المراة ثلاثة أيام إلاّ مع ذي محرم) (متفق عليه) وەله ئەبی سعیدی خدریيەوه ڕەزای خوای لێ بێت که پێغەمبەر (ﷺ) (ڕێگری کردوه لەوەی ئافرەت ڕ ێگای دووشەو ڕۆژ بڕوات بەبێ مەحرەم (متفق عليه) ٠ وەله أبی هورەیرەوه (ڕەزای خوای لێ بێت) که پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (بۆ هیچ ئافرەتێك حەڵاڵ نیيه که باوەڕی بەخوا ورۆژی دوایی هەبێت ڕێگای شەو ڕۆژێك بڕوات بەبێ مەحرەم ) (متفق عليه) وەمەبەست لەم فەرموودانەدا له سێ ڕۆژ یان دوو ڕۆژ یان شەوو وڕۆژێك دیاره بەو کەرەستانەی که سواری یان له ڕۆیشتنی پیاده که لەو کاتانەدا ناسراوبووه وه جیاوازی فەرموودەکان که چەند شەو و ڕۆژێك بێت زانایان وەڵامیان داوەتەوه که مەبەست تیایدا ظاهیرەکەی نیيه بەڵکو هەرچ شوێنێك بێت کەله عورفدا پێی بوترێت سەفەر ئەوا بۆئافرەت نەهی لێ کراوه بەبێ مەحرەم . ئیمامی نەوەوی له (شرح صحيح المسلم) دابەرگی (٩) لاپەڕە (١٠٣) دادەفەرمووێت پوخت ئەوەیه ٠کەهەر شوێنك پێ ی بووتر ێت سەفەر ئەوا بۆ ئافرەت قەدەغەیه بەبێ مێردی خۆی یان مەحرەمێکی خۆی ٠ ئیتر سێ شەو و سێ ڕۆژبێت یان دوو

ڕۆژیان ڕۆژێك یان هەر چی یەكی تربێت ·· بەو ریوایەتی إبن عباس (ڕەزای خوای لێبێت) كە زۆر ڕون و ئاشكرایەتی تێدا یە كەلە صەحیحی موسلیم دایە كە دەفەرموێت (لاتسافر إمراة إلا مع ذی محرم) واتا ئافرەت سەفەرنەكات بەبێ مەحرەم وەئەمەشی هەموو ئەوا نەئەگرێتەوە كە پێی ئەوترێت سەفەر {تەواو} . وەئەوەی كە ئەبیسترێت فەتوا ئەدر ێت كەگوایە دروستە ئافرەت سەفەر بكات ئەگەر لەگەڵ كۆمەڵێك ئافرەتی تردابێت بۆ حەجی فەرز · واتا حەجی یەكەمی بێت دیارە ئەمەش پێچەوانەی سوننەتە ئیمام خەتابی لە) (معالم السنن)دا بەرگی (٢) لاپەڕە (٢٧٦ — ٢٧٧)دا دەفەرمووێت پێغەمبەر (ﷺ) ئاكاداری ئەوەی دا وەكە ئافرەت كاتێك سەفەر بكات كەمەحرەمێكی لەگەڵدابێت وە حەلاڵ كردنی ئەمە كە بۆ حەج سەفەر بكات بەبێ ئەو مەرجەی كە پێغەمبەر (ﷺ) دایناوە كە بریتییە لە بوونی (مەحرەم) ئەگەر نەبوو ئەوا سەرپێچییەو وە حەجیشی لە سەرفەرزنی یە چونكە خوای گەورە دەفەرمووێت ﴿وللهِ على الناسِ حِج البيتِ من استطاع إليهِ سبيلاً﴾ دیارە نەبونی مەحرەم كە خۆی بۆ خۆی رێگرو عوزرە ، وەئە وانەی كە ئاسانكاری لەم سەردەمەدا دەكەن لەوەی كە ئافرەت سەفەر بكات بەهەموو شێوەیەك بەبێ مەحرەم هیچ یەكێك لەو زانایانەی كە فەتوایان لەبەر چاو دەگیرێت ڕەئی لەسەر ئەوە نییە ، وەهەندێك لەوانە دە لێن كە دروستە مەحرەمەكەی تاناو فڕۆكەكەی ببات وبگەڕێتەوە · وە لەو شوێنەش كە دەنیشێتەوە مەحرەمێكی پێشوازی لێبكات دەڵێن چونكە . فڕۆكە بێ ترسە وخەڵكی تری زۆری تێدایە لە پیاوان وئافرەتان وەلآم . بێ گومان ئەمە تەواو نییە چونكە فڕۆكە زیاتر جێگەی ترسە لە شوێنەكانیتر ·چونكە هەموو سەرنشینەكان تێكەڵ دەبن وەجاری واهەیە پیاو وئافرەت بە تەنیشت یەكەوە دادەنیشن · وەیان جاری واهەیە فڕۆكەكە توشی تێكچون دەبێت كە ناچاری دەكات ڕوبكاتە فڕۆكەخانەیەكیتر كە ئەو وولآتە نەبێت كە بۆی دەچێت · لەو كاتەدا كەسێك نابێت كە لەوێ پێشووازی لێ بكات · ئەو كاتە زۆر جێگای مەترسی دەبێت ·وە ئەو حالەتە چۆن دەبێت كەئافرەت بكەوێتە و لآتێكەوە كەكەسیتێدا نەناسێت ومەحرەمێكی خۆی لێ نەبێت

٤—وەیەكێك لەو هۆكارانەی تریش كە هۆكارن بۆ توش بوون بەخراپەكاری و داوێن پیسی · بریتییە لەوەی كە پیاوان و ئافرەتانێك تێكەڵ بن كە مەحرەم نەبن بەیەكتری وەكو پێشەوامان پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت) (من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يخلون بإمرأة

ليس معها ذو محرم منها ، فإن ثالثهما الشيطان)[٢] . واتە هەر پیاوێك باوەڕی بە خواوڕۆژی دوایی هەیە بابە تەنیا لەگەڵ ئافرەتێکدا نەمێنێتەوە کەمەحرەمی خۆی نەبێت چونکە سێهەمیان شەیتانە ٠ ئیمام شەوکانی لە (نيل الأوطار)دا دەفەرموێت ٠ مانەوە لەگەڵ ئافرەتێکدا کەنامەحرەم بێت کۆدەنگی زانایانی لەسەرە کەحەرامە هەروەك چۆن)(حافظ ابن حجر العسقلانی) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە (فتح الباري)دا دەفەرموێت ٠وە هۆکاری ئەم حەرامێتی یە ئەوەیە کە شەیتان سێهەمیانە وەئا مادەبونی شەیتان هۆکارە بۆئەوەی کە بەرەوتاوانیان ببات بەڵام ئەگەر مەحرەمێك لەنێوانیاندا هەبوو ئەوا لە وکاتەدا دروستە چونکە ئەمیش هۆکار و ڕێگرە بۆ ئەوەی تاوان نەبێت .. تەواو . بەڵام جێی داخە کە زۆرجار ئافرەتان و باوك ودایکەکان ئاسانکاری دەکەن و هیچ گوێ نادەن بەچەندەها جۆری لەو مانەوە ناشەرعیانەوە وەکو :ـ

أ- مانەوە لەگەڵ ئافرەتی خزمدا یان بە پێچەوانەوە لەگەڵ خزمی پیاودا کە ئەمە زۆر تاوانەکەی زیاترە وەکو پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت (إياكم والدخول على النساء فقال رجل من الأنصار يارسول الله أفرأيت الحمو قال الحمو الموت)[٣] واتا وریابن کە نەمێننەوە لەگەڵ ئافرەتاندا) پیاوێك لە أنصار (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمووی ئەی (الحمو) چۆنە ٠فەرموی ئەوە مردنە .. (الحمو) بە برای مێرد دەوترێت ، حافظ ابن حجری عەسقەلانی ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە (فتح الباری)دا بەرگی (٩) لاپەڕە (٣٣١) دا دەفەرموێت ئیمامی نەوەوی فەرموویەتی هەموو ئەوانەی زانیاری زمانە وە نیان هەیە کۆ دەنگن لەسەر ئەوەی کە) (الحمو) کەسی نزیکی مێردەوەکو باوکی مێردیان مامی مێردیان براکەی یان برازاو ئامۆزا و هاووشێوەی ئەمانە ٠ وە دەفەرمووێت ئەوەی لە م فەرموودەیەدا مە بەستە کەسی مێردە ٠بەڵام باوك و کو ڕەکانی ناگرێتەوە چونکە ئەوان مەحرەمن بۆ ئافرەتەکە دروستە کە مانەوەی هەبێت لە گە ڵ ئەو ئافرەتە دا وەئەمانە بە (مردن) باس ناکر ێن ٠ وەدەفەرمووێت بەڵام عادەت لەسەر ئەوە گێراوەکە براله گەڵ خێزانی براکەیدا ئەمێنێتەوە کەئەمە (مردن)ە بەڕاستی ٠ چونکە زۆر بیستراوە و بینراوە کەچۆن شە یتان لە کەمیندا بوە لەم حاڵەتانەداو

---

[٢] الطبراني (الكبير) (١١٤٦٢) ، صحيح الترغيب (١٧٢) : صحيح لغيره .
[٣] البخاري (٥٢٣٢) ،وفي مسلم (٢١٧٢) عن عقبة بن عامر (ﷺ) رواه أحمد و البخاري والترمذی وَصَحَحَه).

ئیشی خۆی کردوه وکاری زۆر خراپی لێکەو تۆتەوە کەلای کەس شاراوەنی‌یە .. وە دوبارە ئیمامی شەوکانی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە (نیل الأوطار)دا بەرگی (٦) – لاپەڕە (١٢٢)دا دەفەرمووێت (وتەی ئەوەی کە) (الحمو) مردنە ئەوەیە ·کە لەم حاڵەدا ترسی زۆر زیاترە کە مردنیش هەروایە لە هەموو شتێك ترسی زیاترە ... تەواو لەبەر ئەوە خوشکی موسڵمانم بازیاتر لە خوای گەورە بترسێن · وە هەتا وەکو لە تواناماندا هەیە ئاسانکاری لەم مەسەلە یەدا نەکەین ئەگەر خەڵکیش ئاسانکاریان کرد کەزۆریش کراوە · چونکە پەند وەرگرتن لەحوکمی شەرعی خوای گەورە دا یەنەك عادەتی خەڵك خوای گەورە یارمەتی هەموو لایەك بدات) ٢- زۆر جار ئافرەتان و کەسوکاریشیان گوێ بەوە نادەن کە ئافرەت بە تەنها بە ئۆتۆمبیلیك بڕوات لەگەڵ شۆفێرێکی نامەحرەمدا کە ئەمەش) (خلوة) یە واتا مانە وەیەکی ناشەرعی وحەرامە · وە شیخ (محمد بن إبراهیم آل الشیخ) موفتی وڵاتی سعودیە (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (مجموع الفتاوی) دابەرگی (٦) لاپەڕە (٥٢)دا دەفەرموێت ، ئێستا هیچ گومانێك نی‌یە کە سەرکەوتنی ئافرەت لە ئۆتۆمبیلدا لەگەڵ شۆفێردا بەبێ مەحرەم خراپە و حەرامێکی ئاشکرایە · وەچەند خراپەیەکی هەیە کەباسکردنی پێویست ناکات لەبەر ئەوەی شاراوەنی‌یە · وەئەو پیاوەی کە ڕازی بێت بۆ مەحرەمەکانی خۆی کە ئەم کارە بکەن ئەوا بە ڕاستی دینی لاوازە یان پیاوەتی و غیرەتی ئەوەندەنی‌یە کە پاڵنەری بێت بۆ ڕێگرتن لەم کارە · لەکاتێکدا کەپێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت (لایخلون رجل بإمراة إلاّ كان ثالثهما الشيطان)[٤] وە سوار بونی لەئۆتۆمبیلدا خراپترە لە مانەوە ناشەرعی‌یە کە لە ماڵەوەدا یان لە شوێنیکی تردا · چونکە دەتوانێت و ئاسانترە کە بۆ هەرشوێنێك ویستی بیبات ئیتر بە خۆشی خۆی بێت یان زۆر کە چەندەها جار بابەتی وا ڕوویداوە · لە بەرئەوەی خراپی یە کەی زۆر زیادترە وەمەرجە ئەو کەسەی‌کە لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا سەردەکەوێت گەورەبێت بۆ ئەوەی (خلوة)یە وەئەو ئافرەتانەی کە گومانیان وایە کە ئەگەر منداڵێکیان لەگەڵدا بێت ئیتر ئەوە شەرعی‌یە ئەوانە وگومانە بەڕاستی گومانێکی هەڵەن .

وەك ئیمامی نەوەوی لە بەرگی (٩) لاپەڕە (١٠٩)دا دەفەرمووێت ئەگەر ئافرەت وپیاو کە بەیەك بێگانەبوون · لە شوێنێکدا مانەوە بەبێ کەسی سێهەم ئەوا ئەو کارە حەرامە بە کۆی

(٤) الطبراني (الكبير) (١١٤٦٢) ، صحيح الترغيب (١٧٢) : صحيح لغيره .

دەنگی زانایان هەروەها ئەگەر کەسی سێهەمیش یەکێك بوو کە شەرمی لێ نەدەکرا ٠ بەهۆی کەمی تەمەنی یەوە ٠ ئەوا بەهەمان شێوە هەر حەرامە ٠ وەوتم ئەگەر ئەو کەسەی سێهەمە لە تەمەنیشدا گەورە بوو بەلاَم کوێر بوو یان شێت بوو ئەوا هەمان حوکمی هەیە والله أعلم .. و

ج: یەکێکی تر لەو هۆکاری خراپەکاریانە : ئەوەیە کە زۆر لە ئافرەتان و دایك وباوکەکانیشیان گوێ بەوە نادەن کە ئافرەتان بچنە لای پزیشکی پیاو بە تەنها بە بیانووی چارەسەرکردن ٠ دیارە ئەمەش تاوانێکی گەورەیە وە کارێکی ترسناکە ٠ بەهیچ شێوەیەك دروست نیە ڕازی بوون وبێدەنگ بوون لەسەری هەر شیخ (محمد بن إبراهيم) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (مجموع الفتاوى)دا بەرگی (١٠) لاپەڕە (١٣)دا دەفەرموێت ، بەگشتی (خلوة) بەیەکەوە بوونی ئافرەت و پیاوی نامەحرەم بەیەکتری لە ڕووی شەرعەوە حەرامە ٠ ئەگەر ئەمەش لەگەڵ پزیشکدا بێت بۆمەبەستی چارە سەر کردن ٠ بەو فەرموودەیەی کەدەفەرمووێت (لا يخلون رجل بإمرأة إلا كان ثالثهما الشيطان)[٥] لەبەر ئەوە بێ گومان دەبێت سێهەمیان لەگەڵ بێت کە مەحرەمی ئافرەتەکە بێت ٠ خۆ ئەگەر نەتوانرا لەپیاوان ئەوا لە کەسێکی ئافرەتی نزیك بەو ئافرەتە ٠ خۆئەگەر لە مانەش کەس نەبوو ٠ وە نەخۆشەکەش لەحاڵەتێکی ناڕەحەتدا بوو نە دەتوانرا دوا بخرێت ٠ ئەوا بەلای کەمەوە دەبێت پەرستیارێکی لەگەڵ بێت یان هاوشێوەی ئەو ٠ باشترە لەوەی کە دوو بە دووبن ئەوە لە شەرعدا بۆ ڕێگرتنە لە هەموو سەرەتایەك ئەگەر وردو کەمیش بێت کە هۆکارێك بێت بۆ کۆتاییەکی خراپ ٠ وە پاراستنێکیشە بۆ شیرازەی کۆمەڵگا هەروەها دروست نیە بۆ پزیشك مانەوەی لەگەڵ ئافرەتێکی نامەحرەمدا ئیتر پزیشکێکی ئافرەتی هاوڕێی بێت یان سستەرێکی ئافرەت بیێت ٠ یان مامۆستای پیاوو قوتابی کچ بەیەکەوە بەتەنیا ٠ وە نموونەی ئەمانە کە بە ڕاستی لەم ڕۆژگارەدا حوکمی شەرعی ئەم کارانە وەکو زۆر کاری تر پشت گوێ خراوە بەڵکو ئاسانکاری و بانگەشەی بۆ دەکرێت بەناوی پێشکەوتن و ڕۆشنبیری چاو لێکەری کوێرانە بۆ گاورو جولەکە و بێ بڕواکان خوای گەورە خۆی بالاَدەست و بەتوانایە بۆ گۆڕانکاریەکان) .

**( حوکمی تەوقەکردنی پیاو و ئافرەت )**

---

[٥] الطبراني (الكبير) (١١٤٦٢) ، صحيح الترغيب (١٧٢) : صحيح لغيره .

حوکمی ئەم کارەش دیارە کە حەرامە بۆ ئافرەت کە تەوقە لەگەڵ پیاوێکدا بکات کە مەحرەمی نەبێت شیخ (بن باز) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) سەرۆکی گشتی زانایانی سعودیە) کە ئێستا لە ژیاندا نەماوە لە (فتاوی)یدا کە ڕێکخراوی بانگەوازی ئیسلام چاپی کردوە لە بەرگی (١) لاپەڕە (١٨٥)دا دەفەرموێت .. بەهیچ شێوەیەك دروست نیە تەوقە لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەمدا بکرێت ئیتر گەنج بێت یان پیر ٠ وە ئەوپیاوەش کە تەوقە لەگەڵ ئافرەتانی نامەحرەمدا دەکات گەنج بێت یان پیر لەبەر ئەوەی ترسی بۆ هەردوولا هەیە وەك لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە فەرموویەتی (إني لا أصافح النساء)[٦] واتە من تەوقە لەگەڵ ئافرەتاندا ناکەم ٠ .... وەدایکی ئیمانداران خاتوو عائیشە ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموێت (مامست يد رسول الله (ﷺ) يد إمرأةٍ قط ، ما كان يبايعهن إلا بالكلام)[٧] واتە (هیچ کاتێك دەستی پێغەمبەر (ﷺ) بەر دەستی هیچ ئافرەتێکی تری نامەحرەم نەکەوتووە ٠ وەکە بەیعەتیشی لێ وەرگرتوون تەنها بەقسەبووە وە هیچ جیاوازیەك نیە لەوەی کە تەوقە کردنەکە شتێك لەبەربەست و نێواندا هەبێت یان نەبێت لەبەر حوکمی هەموو بەڵگەکان و ڕێگرتن لە کارە ناشەرعیەکان هەرلە سەرەتاوە) . هەروەها پێغەمبە (ﷺ) دەفەرموێت (لإن يطعن في رأس أحدكم بمخيط من حديد خير له من أن يمس إمرأة لا تحل له) ، واتە : ئەگەر دەرزی ئاسن لەسەر یەکێك لە ئێوە دابکوترێت باشترە بۆی لەوەی دەستی بەر ئافرەتێك بکەوێت کە بۆی حەڵاڵ نیە[٨] .

وەشیخ محمد الأمين الشنقيطي ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە تەفسیرەکەیدا (أضواء البيان) بەرگی (٦) لاپەڕە (٦٠٢-٦٠٣)دا دەفەرمووێت بزانە کە بۆ پیاوێکی نامەحرەم دروست نیە تەوقە لەگەڵ ئافرەتێکی نامەحرەمدا بکات وەنابێت هیچ شوێنێکی لەشیان بەریەك بکەوێت ٠ لەبەر چەند هۆکارێك کە بریتین لە ..

یەکەم : =جێگیربوە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کەفەرموویەتی (إني لا أصافح النساء) واتە من تەوقە لەکەڵ ئافرەتاندا ناکەم وەخوای گەورە ش دەفەرمووێت ﴿لَقَد كَانَ لَكُم فِي رسول

---

[٦] رواه مالك في الموطأ ص (٩٨٢) .
[٧] البخاري (٢٧١٣) ، مسلم (١٨٦٦) ، أبو داود (٢٩٤١) ، الترمذي (٣٣٠٦) .
[٨] رواه الطبراني في الكبير (٢١١/٢٠) بسند حسن .

اللهِ أُسوةٌ حسنةٌ﴾ (سورة الأحزاب:٢) واتا نموونەی هەرەچاك بۆ ئێوە لە پێغەمبەر دایە (ﷺ) لەبەر ئەوە واجبە لەسەر ئێمەش تەوقە لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەمدا نەکەین ٠ هەروەها ئافرەتانیش لەگەڵ پیاوانی نامەحرەمدا بەهەمان شێوە وەکو شوێنکەوتنێك بۆ پێغەمبەرمان (ﷺ) وەکو خوای گەورە لەئایەتیکی تردا دەفەرموێت : ﴿قُلْ إِن كُنتم تحِبونَ اللّه فَاتِبعوني يحِببكُم اللّه ويغفِر لَكُم ذُنوبكُم واللّه غَفُور رحِيم﴾ واتە ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت ئەوا شوێن من بکەون خوای گەورەش ئێوەی خۆش دەوێت وەگومانیش لەوەدا نی یەکە موسڵمان پێی خۆشەکە خوای کەورە خۆشی بووێت لەبەر ئەوە پێویستە شوێن پێغەمبەرەکەمان (ﷺ) بکەوین و ئەم کارە ناشەرعیەش کە تەوقە کردنە لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەمدا ئەنجامی نەدەین وخۆمانی لێ بپارێزین وە کە پێغەمبەر (ﷺ) تەنانەت لەکاتی (بەیعەت)یشدا بە ئافرەتان بە تەوقەکردن نەبو بێت ئەوا ئاشکرا ترین بەڵگەیەکە لە هیچ کاتێکی تر یشدا دروست نییە ٠وە بۆ هیچ کەسێك نییە بەهیچ بیانویەك وبە هەر ناوێکەوەبێت ئەم کارە ئەنجام بدات یان بانگەشەی دروستێتی بۆ بکات ٠ چونکە تەنها پێغەمبەرە (ﷺ) کە دڵسۆزترین کەسە و ڕێ نیشاندەرو پێشەوایە بۆ ئوممەت بەووتە و کردەوەکانی و بێ دەنگ بوونی لەسەر کارەکان یان ڕازی نەبوون لەسەریان ٠

هۆکاری دووەم := ئەوەیەکە لەوە وپێش باسمان کردکە ئافرەت هەموو لاشەی (عورة)یە واتا حەرامە دەری بخات ٠ تەنها دەم وچاوی و هەردوو لەپی دەستی و پشتی دەستی نەبێت واجبە لەسەری کە خۆی داپۆشێت وەئەو خۆداپۆشینەی کە خوای گەورە و میهرەبان داوای کردوە نەك بەپێی ئارەزوی خۆی یان خەڵك ٠وەکە فەرمانی پێ کراوە کەچاوی لەحەرام بپارێزێت ترسە لەوەی کە نەکەوێتەناو تاوان وناڕەحەتی و خراپەکاریەوە ٠ وە هیچ گومانیش لەوە دانییە کە بەرکەوتنی لاشەیەك بۆ لاشە یەکی تر زۆر بە هێزترە بۆ جوڵاندنی ئارەزوو ٠ وەزۆر پاڵنەر تر یش وکاریگەر تریشە بۆ تاوان لە بینینی بەچاو ٠ وەهەمووکە سێك ئەم ڕاستی یەی لاڕونە)

هۆکاری سێهەم := ئەم کارە هۆ کارێکە بۆ دەرگاکردنەوە لەچێژ وەرگرتن لە نامەحرەم ٠ لەبەر کەمی (تەقوا لەم ڕۆژگارەدا وەنەمانی ئەمانەت ٠وەنەمانی وەرع ٠ وەزۆر بوونی گومانە خراپەکان وەزۆر جێی داخە کە دەبینرێت و دەبیسترێت کە زۆر جار پیاو خوشکی

خێزانەکەی ماچ دەکات ٠ یان ئافرەت برای مێردەکەی وە نموونەی ئەمانە کە ئەمە بەبێ جیاوازی زانایان کارێکی حەرامە ٠ ئەم کارانە و هاوشێوەی ئەم کارانەش ئەنجام ئەدرێت بەبیانوی ئەوەی کە ئەمە سەلام کردن و بەخێر هاتنە و یان دڵیان پاکە ٠ کە ئەمە تەنها شەیتانە ئەم کارانە ی بۆ جوان کردون و لە بەر چاوی ئاسان کردون وەکو خوای گەورە دەفەرمویت ﴿وزين لَهم الشيطَانُ أعمالَهم﴾ (سورة النمل:٢٤) وەئەکەر پێشیان بوترێت ئەم کارە ناشەرعی‌یە ئەوا تاوانبار دەکرێیت بەوەی کە دڵت پیسە یان دوا کەوتویت خوای گەورە هیدایەتمان بدات بۆ ئەوەی خۆی پی٘ خۆشە و پی٘ی ڕازیە .

**لە کۆتاییدا خوشکی بەڕێز** ئەیهێنمەوە بیری هەموو لایەکمان کە ژیانێکی هەمیشەیی و ڕازی بوونی خوای گەورە و میهرەبان و گەیشتن بە دیداری پێغەمبەران (على نبينا وعليهم الصلاة والسلام) و مانەوە لە بەهەشتێکی نەبڕاوەدا نەگۆڕینەوە بە چەند خۆشی‌یەکی کەمی دونیا ، کە زۆر ئاشکرایە لای هەموان کە کات و تەمەن وەکو لاپەڕەکانی پەرتوکێك وایە کە بەڕۆیشتنی هەر ڕۆژێك لاپەرەیەك لەو پەرتوکە پڕدەبێتەوە و دەڕوات . وەبا هەموومان هەوڵ بدەین کە خاوەنی کۆمەڵە کردەوەیەك نەبین کە ڕوومان نەیەت لە قیامەتدا ئێمەی بۆ بانگ بکرێت ، وە لە بیرمان نەچێت کە لە هەموو کاتێکدا لە ژێر چاودێری خوای گەورەداین . کەواتە ئەگەر ئەومان زانی ئەوا زۆربەکەمی نەبێت نا کەوینە هەڵەوە بەتایبەتی تاوانە گەورەکان . وەکو خوای گەورە و میهرەبان دەفەرمویت ﴿فَأَما من طَغى * وآثَر الْحياةَ الدنيا * فَإِن الْجحِيم هِي الْمأْوى * وأَما من خاف مقَام ربِهِ ونهى النفْس عنِ الْهوى * فَإِن الْجنةَ هِي الْمأْوى﴾ (سوره النازعات:٣٧-٤١) . واتە : هەر کەسێك سەرکێشی بکات وە فەزڵی دنیا بدات بەسەر قیامەتدا ئەوا شوێن و کۆتایی ئەو مرۆڤە جەهەننەمە ، بەڵام ئەگەر ترسی خوای گەورەی هەبوو ، وەنەفسی خۆی گرتەوە لە سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە ئەوا کۆتایین شوێنی حەوانەوەی بەهەشتە ، خوای گەورە بمان گێڕێت لەوانە .

سبحان الله وبحمده ، سبحانك اللهم و بحمدك . أشهد أن لاإله إلاّ أنت أستغفرك وأتوب إليك.

**مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ سایتی بەهەشت**

www.ba8.org